
دیوانی ناری
مەلا کاکە حەمەی بێلوو
١٢٥٣ هەتاوی ١٣٢٣ هەتاوی
منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
کۆکردنەوە و ساغ کردنەوە و لە سەر نووسین و پێشەکی کاکەی فەللاح

ئەی خاکی وەتەن بۆچی نەما شێوەیی پارت؟
بۆ بوو بە شەوی زوڵمەت و تاریکە نەهارت!؟
بۆ باسی نەما دەفتەری ئەحکامی ئیلاهی!؟
بۆ یادی خودا وا لە گوڕێزا لە کەنارت!؟

دیوان ناری

مەلا کاکە حەمەی بێلوو
١٨٧٤ - ١٩٤٤

کۆ کردنەوە و ساغ کردنەوە و
لە سەر نووسین و پێشەکی
کاکەی فەللاح

ژێرنووسە فارسیەکان کاک حەمیدی موستەعان نووسیویەتی

ناری، محمد ۱۲۵۱ـ ۱۳۲۲.
دیوان ناری/ مولف ناری؛ شرح لغات به فاسی حمید مستعان؛ برگردان نوشتاری لغات به رونوشت کردی ستاره خامسی. ـ سنندج: حمید مستعان، ۱۳۸۲. ۲۲۳ص.
ISBN 964 06 1112 - 3: ۴۰۰۰ ریال
فهرست نویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
کردی.
۱.شعرمریوانی. ۲. شعر کردی. ـ ایران ـ قرن ۱۴. الف. مستعان، حمید، ۱۳۵۳ ـ گردآورنده ب. ستاره خامسی ، طیب. ج. عنوان.
PIR۳۲۵۶/م۴۳۳ن۲ ۸فا۹/۲۱
د۱۴۹ن ۱۳۸۲
۱۳۸۲
کتابخانه ملی ایران ۸۲ـ۱۹۰۴۴م

ناوەندی بلاو کردنەوە:
سنندج پاساژ عزتی انتشارات کوردستان ☎ ۲۲۶۵۳۸۲

دیوان ناری

هونراوەی: ناری ❁ کو کردنەوەو راست کردنەوەی : کاکەی فلاح
چاپی یەکەم: ۱۳۸۳ ❁ تیراژ: ۲۰۰۰ بەرگ
حروفچینی: ناشنا ❁ ناشر: کتابفروشی نور (حمید مستعان)

نرخی	شابک: ۳ ـ ۱۱۱۲ ـ ۰۶ ـ ۹۶۴
۱۰۰۰ تمەنە	ISBN: 964 - 06 - 1112 - 3

بسم اللّٰه الرحمن الرحیم

پێشەکی
دەربارەی بەرهەمی کلاسیکی

کاکەی فەللاح

پێم‌وایە هەموومان دەیزانین کە وشەی کلاسیزم لە وشەی کـلاسی لاتینیەوە هاتووە کە یەکێک لە مـاناکـانی (پـارچـەیەک لە کـەشتی) دەگرێتەوە. بەڵام ئاخۆ تەنها هەر یەک مانای هەیە، یان بۆ کـۆمەڵێک شت و مەبەستی‌تر بە کـار دێت. وەک کـۆمەڵێک کـەشتی، کـۆمەڵێک قوتابی، پۆلێک، ئەوکۆمەڵە کەسەش کە چینێکی کۆمەڵ دروست بکەن. هەروەها وەک زاراوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو ئەدەبی کـۆنی ئـەغریقی و لاتینیەش بە کار هات کە لە پۆلدا دەخوێندرا، پێم وایە هیچ گومانیش لەوەدا نی‌یە کە ئەم ئەدەبە ئـەدەبێکی دامـەزراوو چـەسپاوو پـەسەند کراوی ئەوتۆ بوو کە دەستی رۆژگار نەیتوانـیبوو بـیمرێنێ و نـرخ و بایەخی زیندووی خۆی هەر مابوو، وەک چەن دەقێکی رەسەن و لێ وەشاوە بۆ چەشتن و پەروەردەی نمونەیی ئەدەبی بەکار دەهات و بە قوولّی دەخوێندرا.

بەڵێ راستە و سەرچاوەکـانیش زۆرن لەم بـارەیەوە، کـە سـەرەتا سەرهەڵدانەوەی ئەم چەشنە ئەدەبە، وەک بزووتنەوەیەکی بەتەوژم، لە

ئەوروپادا بوو، وردتر بڵێین لە ئیتالیا سەری هەڵدا ئەوروپاییەکان کەوتنە ئەوەی خۆیان بە ئەدەبی کۆنی خۆیانەوە نەبەستنەوە و دەست بکەن بە مژینی شیلەو هەڵاڵەی بیرو فەلسەفەو داستان و کارەساتی ناو ئەدەبی یۆنانەکان و رۆمانەکان. ئەم بزووتنەوەیە لە سەر دەستی (دانتی) خاوەنی (کۆمیدیای یەزدانی) و بترارک و بوکا شێوە و بنەوانەکەی هەڵگیرا، بەتایبەتی دوای داهێنانی چاپ و بەهۆی دەربەدەر بوونی زاناکانی (بیزنطە) دوای داگیرکردنی (قسطنطینیە) (۱۴۵۳) و گیرسانەوەی ئەو زانایانە لە ئیتالیا ئەم بزووتنەوەیە پەرەی سەند و فەرەنساو بەریتانیاو وڵاتەکانی تریشی گرتەوەو بە تەواوی بوو بە پێوانەیەک و زاراوەیەکی تایبەتی بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئەدەبی کۆن و نوێ تا لە سەردەمێکی تازەترا و بە تایبەتی لە سەدەی حەڤدەهەمدا رەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکان زاراوەی کلاسیزمی نوێیشیان داهێناو داوایان لە شاعیر و نووسەرەکان دەکردکە پەیرەوی کۆنینەکان بکەن و لاسایی یۆنانەکان و رۆمانەکان بکەنەوە و بایەخی زۆر بە ژیری و چەسپاوی و هێمنی بدەن... تەنانەت هونەرمەندەکانیش دەستووری زۆر سەخت وگران و قایمیان بۆ شیعر و پەخشان دانا. وەک دەستوور و مەجانەی کە (بوالو) رەخنەگری ناوداری فەرەنسی بۆ شیعر و نووسینی دانا. ئەو شاعیرانە بە سایەی شیعر و دەستووره سەختەکانیانەوە لە رەشۆکی خەڵکەکە دابڕان و زیاتر بایەخیان بە روخساری بەرهەمی ئەدەبی‌دا، نەک ناوەرۆک.

شیعری کلاسیکی کوردی

بەڵێ راستە پێوانەی ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپی، دەقاو دەق وەک هەیە، بە هەموو رەگ و ریشە و مەبەست و مانا و پەل هاویشتنی لقو پەلێکەوە، کوت و مت، بەسەر ئەو چەشنە بەرهەمە ئەدەبییانەی کوردیماندا ناگونجێت و تەواو دەرناچێت، ئەویش سەبارەت بە جیاوازیی قووڵ و ئاشکرای نێوان دارو باری ژیان و گۆڕینی کۆمەڵگای ئەوروپی و کوردەواری. بەڵام خۆ ئەمەش مانای ئەوە نییە کە سامان وکەلەپووری سەردەمێکی دوور و درێژی نەتەوەکەمان، نابێ بە پێوانەی زاراوەی کلاسیزمی، یان کلاسیک، بپێورێت.

ئێمە ئەگەر بە وردی سەرنجێکی تابلۆی رەنگین و فراوانی ئەو چەشنە شیعر و ئەدەبەمان بدەین و بە شوێن چەند رەگ و ریشە و مەبەستێکی ئەدەبی کلاسیزمیدا بگەڕێین، ئەوا بە ئاسانی چەند گەوهەر و هەوێنێکی سەرەکی و دیار لە هەردوولادا دەبینین... بەتایبەتی گەوهەر و هەوێنی بابەتی ژیری و بیرو باوەڕی میسالی ئایینی و بایەخدانی تەواو بەروخسار و وشە دەربڕین لە سەر حسابی ناوەرۆک و بەو نەریت و دەستوورە گران و سەختانەوە کە شاعیرانی کلاسیکی کوردی پەیڕەوییان کردووە و چەشنە دابڕان و تێنەگەیشتنی بەرهەمەکانیان لە لایەن گشتەوە و مۆرکی ئەو ئەدەبەیە (ئەدەبی تایبەتی)... لێرە بە دواوە، وەک چەند خاڵێکی سەرەکی بە قەڵەمێکی درشت، بۆ دەست نیشان کردن و جیا کردنەوەی شیعری

کلاسیکی کوردی و ئەو رواڵەتانەی تایبەتین بـەم چـەشنە بـەرهەمە ئەدەبی‌یانەوە دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.

نیشانەکانی شیعری کلاسیکی کوردی

وەک لە ناوەرۆکی قسەکانی سەرەوەماندا دەرکەوت چەند دەستوور و بایەخ و نرخێکی تایبەتی و نەگۆڕ هەیە کە بوونەتە هەوێنی مەیاندن و خەملاندن و گەشەپێدانی بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردیمان، ئەم خاڵانەی لای خوارەوە، بەلای منەوە، سنوورێک و چوارچێوەیەک بۆ ئەو وڵاتی شیعرانە دادەنێن:

۱ـ غەزەل و قەسیدەی کلاسیکی کوردی بە شێوەیەکی ستوونی ـ عەمودی ـ هاتۆتە خوارەوە، بـە پـێی دەسـتوور و نـەریتی قـافیەی یەکگرتوو، کە زنجیر و کۆتێکی سەخت و گران بووە بۆ دەست و قەڵەم و مێشکی شاعیرانی کورد و ئەم شێوەیە زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردی گرتۆتەوە.

۲ـ لە رووی کێشەوە، لە ئاسۆی شیعری فارسی و لە ژێر زەبـری ئایینی ئیسلامدا، زۆر لە شاعیرە کلاسیکەکوردەکان، پەیڕەوی کێشی عەروزی عەرەبی‌یان کردووە... ئەم کێشە عەروزە، وەنـەبێ کـێشێکی تایبەتی سەر بە ئایینی ئیسلام بێت، بـەڵکوو شـاعیرە عـەرەبەکـانی دەوری جاهیلی پێش ئیسلام بەم کێشانە شیعریان وتووە و دانـاوە و ئەحمەدی خەلیلی فەراهیدیش ئەو کێشانەی لە شیعرەکان خـۆیاندا دۆزیوەتەوە و وەک پێوانەیەکی کێش و ئاوازی بۆ شـیعری عـەرەبی

بۆوەتە باو، شاعیری گەلەکانی وەک فارس و کورد و تورکیش، دوای موسڵمان بوون، وازیان لە کێشە تایبەتی‌یە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان هێناوە و، وەک شتێکی ئایینی و پیرۆز، لە بەرهەمی شیعری خۆیاندا، کێشی عەروزی عەرەبی‌یان، ئەوەندەی پێزوو هێزی زمانەکانیان ماوەیان بدات، بەکاریان هێناوە... نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکوو خوێندنی کێشی عەروز، بە هەموو دەریا و لقەکانی‌یەوە یەکێک بووە لە دەرسە بایەخدارەکانی فەقێ و مەلاکانی هەموو قوتابخانە ئایینی‌یەکانی مزگەوتەکانی کوردستان.

بەڵای ئەو شاعیرانەی کە بە کێشی عەروز (عروض) شیعریان وتووە شیعری راستەقینە ئەو شیعرەیە کە لە سەر کێشی عەروزی عەرەبی بێت. شاعیری تەواو تەواو سەرکەوتووش ئەو شاعیرەیە کە زۆر لە کێشە عەروزەکانی بەکار هێناوە.

۳ـ بەڵای تێکڕای شاعیرانی کلاسیکەوە وەک قاڵب و چوارچێوەی شیعر، غەزەل و قەسیدە و چوارین و تاک و پێنج خشتەکی و مولەممەع و تەرجیع بەند و موعەممای هەیە و هەبووە... وایان داناوە، وەک شتێکی نەگۆڕ و لەسەری رێک کەوتوو، کە ژمارەی بەیتی غەزەل نابێ لە حەوت بەیت زیاتر بیت و دەبێ هەمیشەش تاک بێت... ئەگەر لە حەوت بەیتیش کەمتر بوو رەخنەی لە سەر نی‌یە. ئەگەر خۆ هەر شیعرێکیش لە حەوت بەیت زیاتر بوو ئەوا دەچێتە ریزی قەسیدەوە. ئەم قاعیدەیەش لە هەموو دیوان و بەرهەمە شیعری‌یەکاندا پەیڕەوی کراوە... ئەگەرچی مەفهوومی غەزەلیش یان هەمووی هەر بۆ دڵداری‌یە... قەسیدەش بۆ

کاروباری شیوەن و یاد و پیا هەڵدان و شەڕ و شۆڕ و بابەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و وەڵام و نامە و ئەم چەشنە بابەتانەیە...

۴ـ شیعری کلاسیکی کوردی کەمتر، هـەر زۆر کـەمتر، پـەیڕەوی یـەکـێتی بـابەتی کـردووە و دەکـات. تـێکڕا بـەیتەکـان چـەشنە سەربەخۆیی‌یەکی واتایان پێ ڕەوا بینراوە... غەزەلی وا هەیە حەوت بەیتە، بەیتی یەکەمی دڵداری‌یە، دووەمی باسی بـێوەفایی چـەرخ و دنیایە و، بەیتی سێ‌یەمی شاعیر سکاڵا لە دەست نەفسی ئـەمارەی خۆی دەکات، چوارەم بەیت پارانەوە و نزایە بۆ خوا، پێنجەم بـەیت ترسی مردن و باسی قەبر و قیامەتە... هـتد. ئـەم دیـاردەیەش لەوەوە هاتووە کە شاعیر جۆرە سەربەستی‌یەکی داوە بە خۆی، بۆ خۆ دەرباز کردن لە کۆت و زنـجیری کـیش و قـافیەی یـەکگـرتوو، بـە نـیازی رازاندناوەی ڕوخساری شیعرەکە لە ڕووی مەعناوە ئەم باز باز بازێنە بکات و هیچ خۆی بە یەکێتی بابەتوە نەبەستێتەوە.

۵ـ دەبینین شاعیری سەرکەوتوو و تەواو بەدەستەڵات، بـە پـێی پێودانی کلاسیک، بەو شاعیرانە دەڵێن کە دیوانـی شـیعرەکـانیان لە هەموو پێتێکی هیجایی، وەک قافیە، تیابێت. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو شاعیرە هونەرمەندە تەواو بە سەر وشە و زمان و بەکار هێنانی قـافیە جیاوازەکانی سەربە هەموو پیتە هیجاکاندا زاڵە، سـەلیقە و بـەهرەی شاعیرانەی بە چەشنێک سەرکەوتووە کە بەرامبەر بە هیچ وشەیەکـی ڕەق و سەختی قافیەدا نامێـنێ و پەکی ناکەوێت... بۆ نموونە ئەگـەر شاعیرێکی گەورەی وەکوو (مەحوی) بیەوێ لە پیتی (ث)دا بۆ قافیە

شـیعری هـەبێت، ئـەوا پـەنای بـردۆتە بـەر (بـاث) کـە لە بـەحثی عەرەبیـیەوە وەری گرتووە، هیچ نەیخستۆتە سەر باری شێوەی قسـە پێ کردنی کوردی کە (باس) بەکار ئەهێنێت نەک (باث).

۶ـ بەکار هێنانی وشەی عەرەبی و فارسی، وەک دوو سەرچاوەی سەرەکی رۆشنبیری و کار لێ کردوو بۆ سەر زمانی کوردی، بـە لای شاعیری کلاسیکەوە، نەک هەر دیاردەیەکی لاواز و بـێ دەرەتـان و گوشراو نەبووە، بەڵکوو نیشانەیەکە لە نیشانەکانی رۆشنبیری شاعیری کورد و زانینی زمانی بێگانە و نەخشاندنی باخچەی شیعرەکانیان بەو وشە زۆرو زەق زەق و دیارانـەی کـە لە رادە بـە دەر ئـاوێتەی وشـە کوردییەکانی ناو شیعرەکانیان کردووە و بە حسابی خۆیان و باری سەردەم بەرهەمەکانیان پێ نەخشاندووە. ئاشکرایە زمانی کوردی، لە بیستەکانەوە و بە تایبەتتر لە سیەکان و دەرچوونی جووتە گۆڤارە بە نـــرخ و تـــاقانەکـەی یـادگاری لاوان و دیـاری لاوان و لە گـۆڤاری (گەلاوێژی پرشنگدارەوە کەوتە خزمەتێکی پوخت و بژارو داهێنان و دانانی وشە و دەربڕین و زاراوەی پێویست و پڕ بە پێستی مەبەست... لە سەردەمی نالی و سالم و کوردیدا، کە سەرەتای سەردەمی شیعر بـە زمانی کوردی کوردستانی خواروو بوو لە ناوچەی بابانداء شاعیرەکان پـەروەردەکـراوی زمـان و رۆشـنبیری عـەرەبی، فـارسی بـوون، لە سەردەمێکدا کە بە کوردی نووسین وەک نەنگ و نـاتەواوی دەدرایـە قەڵەم و پێ نووسینی مایەی چەشنە ئازایەتی و دەرباز بـوون و تـێپەڕ بوون و چاو قایمیەک بوو، لە حاڵەتێکی وادا چۆن وشەی فـارسی و

عـەرەبی، کـە ئـەمەی دوایـیان زمـانی قـورئان و حـەدیس و بـابەتە ئایینیەکەی ئیسلام بوو، هەر بە خەروار ناکەوێتە ناو زمان و شیعری کوردیـیەوە؟!... شان بە شانی خزمەت کردنی زمانی کوردی، وشەی عەرەبی و فارسی بەرە بەرە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا دەهات کەمتر دەبووەوە.

۷ـ سنعەتی وشە ئارایی و تێکڕاکاروباری رەوانبێژی بەتایبەتی لە مەیدانی رەگەز دۆزی و لەف و نەشر و تەوریە و هێنان و بردنی وشە و گووشینی تا رادەی وشکەوە کردن، سیمایەکی ئاشکرا و دیاردەیەکی زەقی شیعری کلاسیکی کوردیـیە... هەر شاعیرێک توانیبێتی لە رووی سنعەتکاری و شارەزایی زمان و بەکار هێنانی بۆ چەند مـەبەستێکی وشە و ماعنا و مەبەستەکانیـیەوە، گەردان بە وشەکان بکات، ئەوا بە پێوانەی ئـەوە بـە شـاعیرێکی سـەلیقەدار و سـنعەتکار و بـەهرەدار دادەنرێت.

۸ـ فەرهەنگی تایبەتی سەربە وشەکانی شیعری کلاسیکی کوردی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و فراوانە و وەک سەرچاوەیەکی زمان و زاراوە و دەربڕین هەموو یەکـیکیان بـە پـێی تـوانـا و پـێویست و کـەرەسە زەخیرەی لێ وەرگرتووە و بۆ مەبەستی شاعیرانەی خۆی بـە کـاری هێناوە. بـە تـایبەتی لە ئـاقاری لێچـووندا، لەم فـەرهەنگەدا، تـێکڕا هەموویان لە سەر ئەوە رێک کەوتوون کە بۆ نـموونە: چـاو نـێرگسە؛ برژانگ تیرە، برۆ کەوانە، روومەت گوڵە، لێـو خونچەیان لەعلە، خاڵ قووڵە رەش و حەبەش زادەیە، زوڵـف کـافریان شـەوە زەنگـە، پـرچ

رەشمارە، دەم زەمزەمە، بالّا سەروە... هتد. ئەم لێ چوونانە بە چەشنێک رەگیان داکوتاوە و باو بوون کە هیچ شاعیرێکیان خۆیان لێ یان لانەداوە و تەنها چەشنی دەربڕینی ئەم شاعیر لەگەڵ ئەو شاعیردا جیاوازی هەیە.

۹ـ موبالەغە، زیادەڕەوی و بەرز فڕین، سیمایەکی دیار و ئاشکرای شیعری کلاسیکی کوردیمانە. ئەم دیاردەیە لە بەرهەمی شاعیرەکاندا بە روونی دەردەکەوێت.

بۆ نموونە (سالم) دەڵێت:

گیان ئەدەم ئەمسالّ بە نرخی ماچێکی دوو سالّی تر

قەت بە مەشروتی سەلەم لەم بەیعەشا سەودا نەبوو

(نالی) دەڵێت:

لە خەوفی تەلعەتت رۆژ هەر وەکوو شێت

بـــەروو زەردی هـــەڵات و کـــەوتە کـــێوان

تەنانەت ئەوەندەیان حەز لە موبالەغە کردووە، زۆر جاری وابووە دەمی دولبەریان بە نوقتەیەکی زۆر خەیالّی و بچووک دانـاوە کـە بـە زەحمەت دەبینرێت. یان بەژنی دولبەرەکەیان ئەوەندە بە باریکی پێ جوان و خۆ شبووە کە بە باریکی مووییان چواندووە، وەک:

خوایە گەر کوێرم دەکەی (قەد موو) لە چاوم دەرنەکەی

۱۰ـ شانازی کردنی شاعیر بە خۆیەوە... ئەگەر دیوانی چاپکراوی شاعیرەکلاسیکییەکان تەماشا بکەین، دەبینین هەموو یەکێکیان، کەم و زۆر، ئەم گیان و هەستی شانازی کردنەیان بە خەستی تیایە، ئـەمەش

بێ گومان له خۆیەوە نەهاتووە و رەگ و ریشەکەی، ئەگەر بە هەڵەدا نەچم، لە سەرێکەوە بۆ متمانە و باوەڕی شاعیر بە خۆی و لە سەرێکی تریشەوە، لەو سەردەمانەدا هیچ دەرفەت و دەرەتانێکی بڵاوکردنەوە و راگەیاندن و لە سەر نووسین و هەڵسەنگاندن نەبووە، شاعیر ناچار بووە بە دەمی خۆی ئەو ئەرکە ببینێت وەک:

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە

(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە

که شیرین و تەڕی دی شیعرەکانم

وتی: (مەحوی) که میراوی فوراتی

۱۱ـ پێداهەڵدان: ئەم بابەتە، وەک ناوەرۆک، لە زۆربەی زۆری شیعرە کلاسیکی یەکاندا بەرچاو دەکەوێت و هەیە... پێداهەڵدراو وەک قارەمانی کردەوەیەکی دیار و دەرکەوتوو، ئیتر ئەوکردەوەیە لە مەیدانی شەخسیدا بێت، یان لە مەیدانی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی، نیشتمانی، ئایینی، زانستی، ئەدەبی... هتد. شیخ رەزای تاڵەبانی بۆ ئەم بابەتە و بابەتی دواتر کە داشۆرین (هەجو)ە یەکێکە لەو شاعیرە هەرەزۆر کەم و دانستە و بلیمەتانەی کە داهێنەرێکی خولقێنەر و هەر تەواو هەڵکەوتوو. وەک:

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا

میرووڵە نەچێ چاکە بە گژ قوللەیی قافا

یان بۆ بابانەکان:

هەرچەند بە مەسەل خەنجەری ئەڵماسە زمانم
نابڕێ سەری موویە لە ئەدای شوکری نیعەمتان
یان (ناری) بۆ شێخ مەحموودی حەفید:
کە من غەرقی زرێباری غەمی تۆ بم لە (بێلوو)دا
لە نالە و شیوەن و دەرد و غەمی ئەغیار و یارم چی
بڵێ (ناری) لە کونجی میحنەت و غەمدا هەتا ماوی
بەبێ بازی (فەرەح) ئاخر لە سەیران و شکارم چی

۱۲ـ داشۆرین: ئەم بابەتەش، وەک پێچەوانەی دیوی پیاهەڵدان، بابەتێکی تری شیعری کلاسیکی کوردیمانە و کەم و زۆر لە بەرهەمی شاعیرەکاندا هەیە... بەڵام وەک دەزانین تا ئێستە هیچ شاعیرێکمان، لەم بارەیەوە، بە تۆزی پێی شێخ رەزای بۆ هەجو خوڵقاو نەگەیشتووە، وەک:
لە سەگم پرسی عەجەب قەومتە حوسنی پاشا
تووڕە بوو، کلکی لەقان و وتی: حاشا، حاشا
راستی گەرچی سەگیشم، بەخوا خۆم دەکوژم
ناوی من بێنی لەگەڵ ئیسمی خەبیسی پاشا

۱۳ـ شێوەی ماتەم و دیاری کردنی کۆچی خۆشەویست و لە دایک بوون بە حسابی ئەبجەد لە شیعردا بابەتێکی ئاشکرای شیعری کلاسیکیمانە. لەم مەیدانەشدا (بێخود)ی شاعیر سوارچاکێکی چابوک و بە دەستەڵات و لێهاتووی ئەم بابەتەیە.

۱۴ـ داڕشتنی پتەوو تەواو بەهێز. لەسەر ئەو بناغەیەی کە شاعیران

و رەخنەوان و لێکۆڵەرەوانی شیعر و ئەدەبیات شێوەی دارشتنیان بەسەر سێ چەشن، یان رێباز و قوتابخانەدا، دابەش کردووە:

۱ـ دارشتنی (سەبک) خوراسانی.

۲ـ دارشتنی عیراقی.

۳ـ دارشتنی هیندی.

ئەم شێوەی دواییەیان لە هەموویان سەختتر و گرانترە... (مەحوی) شاعیر پەیڕەوی ئەم چەشنە دارشتنەی کردووە، بۆیە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا شیعرەکانی بەوە ناسراوە کە رەق و داخراون. شاعیرانیتری شیعری کلاسیکیمان پەیڕەوی دوو چەشنە دارشتنە کەیان کردووە.

۱۵ـ شاعیری کلاسیک، وەک یاسایەکی شیعر دانان لە دوابەیتی هەموو غەزەل و قەسیدەیەکەوە، لەقەبی خۆی داناوە و پێش دەست کردن بە شیعر ناسناوێکی گونجاوی بۆ خۆی داناوە و بۆ مەبەستی ناسینەوەی شیعرەکانی بەکاری هێناوە. بێگومان ئەم پەیڕەوەش سوودی تەواوی خۆی هەبووە لە سەردەمێکدا کە دەرەتانی بڵاو کردنەوە و راگەیاندنی وەک گۆڤار و رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپ و چاپەمەنی لە ئارادا نەبوون. ئەگەر ئەم لەقەب بەکارهێنانەش نەبوایە ئەوا بەرهەمی زۆر شاعیرانمان تێکەڵاو یەکتری دەبوون و سەرئێشە و سەرلێشێوانێکی قوڵ و بێپایانی بۆ دروست دەکردین.

۱۶ـ شیعری کلاسیکی، بابەتێکی گشتی و خۆراکێکی زۆربەی ئەو خەڵکە نەبووە، لە رادەی تێگەیشتن و چێژ لێوەرگرتنی بەتایبەتی

مرۆڤی جاران، دوور بـووه و بـه شـیعر و ئـەدەبیاتی تـایبەتی پـیاوه خوێندەوار و رۆشنبیره دیوان نشینەکانی ئەوسای تۆیژی سەرەوەی کۆمەڵ دەناسرا. تەنانەت، بەبڕوای من. زاراوەی دیوانی شیعریش هەر لەم تایبەتییی دیوان نشین و چەشنه رۆشـنبیره تـایبەتیانەوه پـەیدا بووه. ئەمانه بوون سیما و پێناسەی شیعری کلاسیکی کوردیمان.

قوتابخانه ئەدەبییەکان

زانستی ئەدەب و میژووی رەخنه و لێکۆڵینەوه، له هەموو جیهاندا، ئەو راستییەی روون و یەکالاکردۆتەوه، کەسێ قوتابخانەی سەرەکی له ئەدەبدا هەیه:

۱ـ قوتابخانەی کلاسیکی، که مـۆرکی بـنەڕەتی جـیا کـردنەوه و ناسینەوەی بەوەیه که زۆرتر رەگەزی ژیری به سەریدا زاڵه و به پێـی چەند دەستوور و پەیڕەوێکی سەخت و گران دانراوه.

۲ـ قوتابخانەی رۆمانسی: زۆرتر سۆز (عاتیفه)ی گرتۆته خۆی و باوەشی بۆ سروشت گرتۆتەوه و له شەققەی باڵی خەیاڵ و ئەندێشەی داوه و شاعیر خوودی خۆی مەبەستە.

۳ـ قوتابخانەی ریالیزمی: به بەرهەمی ئەو چەشنه ئەدەبه دەڵێن که رووی کردۆته ناو کۆمەڵ و له گیروگرفتەکانی دەدوێت و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوه. لەم سێ بناوانه سەرەکییەوه دەیان جۆگەلەی رێباز و شەپۆل و تەوژم دروست بوون و دروست دەبن.

ئێستاش له بەر رۆشنایی ئەم سەرەتا و بـنچینانەدا روو دەکـەینه

(ناری) و گوڵزاره ڕەنگینەکانی شیعرە بەرزەکانی مەلا کاکە حەمەی بێلوو (ناری) و گەشتێکی ورد و فێنک و لە سەرخۆ بەو باخچە دڵگیرەدا دەکەین و بین دەنێین بە سەرچاوەگەش و تاسەشکێن و ڕەسەنەکەی شیعری تەڕ و پاراوی کوردیمانەوە و ماوەیەکی باش لەگەڵ شاعیری هەڵکەوتوومان (ناری) بەسەر دەبەین و بەشێک لە تینوویێتی و تامەزرۆیی خۆمان دەشکێنین. بەڵام پێش ئەوەی ڕوو بکەینە باخچەی شیعرەکانی سەرپۆتیکی کورت دەربارەی ئەم شاعیرەمان دەدوێین و باس دەکەین و شتێک لە مافی ڕەوای خۆی پێ دەبەخشینەوە.

ناری کێیە؟

(ناری) یەکێکە لە لووتکە بەرز و دیارەکانی جیهانی شیعری کلاسیکی کوردیمان و ڕاستەوخۆ دوای دامەزراندن و چەسپاندنی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی ناوچەی بابان لە لایەن نالی و سالم و کوردی و مەحوییەوە، بە یەکێک لە دەنگە زوڵاڵ و ڕەسەنەکانی ئەو ڕێباز و قوتابخانەیە دادەنرێت و بە بەرهەمە ڕەنگینەکانی ئەو سامانە پیرۆزەی نەتەوەکەمانی گەشەدارتر کردووە... ئەگەر بێتوو بە وردی سەرنج لەو بەرهەمە شیعرییانەی بدەین، لە ڕووی داڕشتن و کێش و زمان و دەربڕین و بەهرەی وشە ئارایی و هەموو لق و پەلەکانی درەختی بەلاغەتەوە بە ئاسانی دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە (ناری)یش بڵێسەیەکە لەو بڵێسانە و لە ڕازاندنەوەی شان و شکۆی پڕ لە شانازی مێژووی

شیعری کلاسیکیماندا دەست و پەنجە و قەڵەمێکی تەواو بەهرەدار و بە بڕشتی هەبووە لە رووی ناوەرۆکەوە، وەک زۆربەی تەواوی ئەو بابەتە شیعرانە، لە بارەی دڵداری و ستایش و کاروباری ئایینی و سکاڵاکردن لە دەست چەرخ و غەم و پەژارە و دەروون و جار جار مەسەلەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی و... هتد بە کێش و هەناسەکانی عەروز و فەرهەنگی تایبەتی سەر بە وشە و دەربڕینە باوەکانی ئەو سەردەمانە، بە شێوەیەکی تەواو دیار و ئاشکرا بە دیوانی رازاوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرەمانەوە دەدرەوشێنەوە، بە چەشنێک شاعیرێکی گەورە و بە توان و تەمەن درێژی وەک عەلی کەمال باپیر [کەمالی] دەربارەی (ناری) بڵێت:

بە یادی تەبعی شەککەرباری (ناری) تووتیی تەبعم
غەزەلخوانە (کەمالی) بۆیە وا شیرینە ئەشعارم
بێئەدەب نابم لە لام وایە ئەگەر بێتوو بڵێم
ئەی (کەمالی) شیعرەکانی من لە هی (ناری) ئەکا

وەک لە ئەنجامی کنە و پشکنین و سۆراخ کردنێکی پشوودار و دوور و درێژدا بۆمان دەرکەوتووە لەم شاعیرە هەڵکەوتووەمان بەرهەمی شیعری زۆر بووە، بە راست و چەپ و لە هەموو بۆنەو دەرفەتێکدا و بۆ بچووکترین شت شیعرێک یان چوارینێک یان بەیتێکی داناوە و خەڵکیش لەم دیوو لەو دیوو، بە تایبەتی مەلا و فەقێکان و شێخەکانی سلێمانی و تەوێڵە و بیارە، لە سەروو هەموویانەوە شێخ مەحموودی حەفید، زۆر عاشقی شیعرەکانی بوون

و به تایبه‌تی داوای شیعری‌یان لێ کردووه و بۆ شیعر جاری وا بووه هه‌راسانیان کردووه... بۆیه به دڵنیایی و به داخه‌وه ده‌ڵێم ئه‌م دیوانـه، دیوانی ته‌واوی شیعره‌کانی (ناری) نـی‌یه و نـابێ، مـن له‌م رووه‌وه پەیوه‌ندی زۆرم له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌س و ناوچانه‌دا کـرد بـۆ ده‌سکـه‌وتنی شیعری‌تری ئه‌م شاعیره‌مان، تا ئه‌نجامی هه‌موو کـردووکۆشه‌کـه‌مان هاته سه‌ر ئه‌م دیوانه‌ی که‌وا به شانازی‌یه‌وه پێشکه‌ش خوێنه‌رانی کورد و کتێبخانه‌ی کوردی ده‌که‌م.

له شـــه‌سته‌کـــاندا خـــاوه‌ن چـاپخانه‌یه‌کـی مـه‌هاباد بـه نـاوی (سه‌یدیان)ه‌وه کۆمه‌ڵه شیعرێکی زۆری (ناری) بـه نـاوی دیـوانـی (ناری)یه‌وه له چاپدا، ئه‌گه‌ر چـاو له‌و هـه‌موو هـه‌ڵه‌ت و پـه‌ڵه‌ت و شێواندن و تێهه‌ڵکێشه ناشیرینانه بـپۆشین کـه نـاوبراو بـه‌سه‌ر ئـه‌و دیوانه‌ی هێناوه و ئێمه‌ش له ده‌رفه‌تی ئه‌م پێشه‌کی‌یه‌دا وه‌ک ئۆباڵێکی سه‌ر ئه‌ستۆمان پەنجه‌یان بۆ راده‌کێشین و ده‌یانگرین، ئه‌وا ره‌نگه ئه‌و خزمه‌ته‌ی له رووی پاراستن و چاپکردنه‌وه بۆ حساب بکرێت...

بۆ نموونه: ناری له قه‌سیده‌یه‌کدا که بۆ شێخ بابه عه‌لی حـه‌فیدی ناردووه له لاپەڕه ۷۲ و ۷۳ی ئه‌و دیوانه‌دا ده‌ڵێت:

شـــاڵی گـــڕژاڵـــی ره‌واجـــی ســـه‌ندووه
له‌م زه‌مـــانه کـــه‌س غـه‌زه‌ل نـاکـاته بـه‌ر
چـــۆن غـــه‌زه‌ل ئـه‌مڕۆ ره‌واجـێکی نـه‌ما
ئێسته من مـه‌شغووڵی جـاوم مـوخته‌سه‌ر

مشتەری گـەر بـێ لە بـەغدا وەک بـەڕوو
دەیـــفرۆشم مـــن بـە خـورما سـەربەسەر
گـــەر بـــە نـــارنج و تـــرنج و پـــرتەقاڵ
بـــیکڕن، نـــەفعی نـــەبێ، نـــاکـەن زەرەر
مـــــن ئـــەدیبی کـــوردم و نـــاوم نـــیە
کـــوردە هـەر غـافڵ لە نـاوو بـێ خـەبەر
کوردە مەحکوومە لە بۆ تـورک و عـەجەم
کـوردە بـێفیکر و خـەیاڵ و بـێ ئـەسەر
کوردە هەر وەک بیدی مەجنوون مـاوەتۆ
بـــێسەر و بـــێسێبەر و خـــاڵی لە بـــەر
کوردە وەک وەحشی لە بۆ چەشتەی تەمەع
خـــۆی ئـەخاتە مـۆلەکـە و داوی خـەتەر
کـــوردە بـــێشان و شکـــۆ مـاوەو، نـەما
قـیمەتی حـــەتتا وەکـوو تـوورو گـەزەر

کەچی ئاغای سەیدیان لە ل ۷۳دا و پاش دانـانی وردە داشـێکی بچکۆلە و چڵکن چوار بەیتی زۆر ناشیرین و گڵاوی خستۆتە سەر ئەو قەسیدەیە، بە پێچەوانەی هەموو چـەشنە رەوشت و نـەریتێکی بـڵاو کردنەوە، پێش هەموویان دەست پاکی، و ئنجا لەگەڵ دوابەیتی ناریدا جووتی کردۆتەوە، بەو نیازەی کە خوێنەر واتـێ بگـات ئـەو چـوار بەیتەش هەر هی ناری خۆیەتی.

پێش ئەوەی من سووکە دەمە تەقێیەکی ئەو بەراوردە بکەم، حەز

ئەکەم ئەو چوار بەیتەی سەیدیان بۆ خوێنەر و بۆ مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، لێرەدا تۆمار بکەم:

کورده گەر سەوداسەری سەر کەوتنی
سەرکەوی تا دەچی‌یە نێو بورجی قەمەر
با نەمێنێ کورد و دەس بگرن بە یەک
بێنە نێو ئێرانی پڕ فەتح و زەفەر
خۆ بە قوربانی رەزاشاکەن هەموو
پادشاهێکە رەشید و دادگەر
تا شکستی پێ بدات و هەڵبڕێ
دوژمنی کوردی هەتا مولکی تەتەر

ئینجا ناری دەڵێت:

بێ وجوودی موستەمیع لەم عەسرەدا
(ناریا) تاکەی چەناکەی بێ سەمەر

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو چوار بەیتە ئاوەکی‌یە هی (ناری) نی‌یە دەڵێم:

۱ـ شاعیرێک ئەو هەموو پەرۆش و سۆزی بۆ نەتەوەکەی هەبێت و بەو چەشنە خەمخۆری کورد بێت، هەرگیز ئەوەی لێ ناوەشێتەوە بڵێت: با نەمێنێ کورد و...

۲ـ ئەو سکاڵای لە دەس تورک و تەتەر بووە کە دەستیان بە سەر کوردا گرتووە ئیتر چۆن داوا لە کوردەکان دەکات ژێر دەستەی ئێران بێت؟

۳ـ ئەم قەسیدەیە هی سی‌یەکان و دەوری رەزاشای رەزاگرانە، کەی لەو سەردەمەدا باس و خواستی چوونە مانگ و بورجی قەمەر بووە کە لە پەنجاکان و شەستەکاندا هاتە کایەوە.

۴ـ لە بەیتی دووەمدا کورد نەمێنێ، کەچی لە بەیتی چوارەمدا، دوژمنی کورد هەڵئەبڕن... چ دوژمنێک لەوە دڕندەترە کە کورد نەهێڵێت؟

یان ئەم هەموو راوە ڕێوی‌یە و بەوکێش و قافیانەی خۆیەوە، هەر بۆ ئەوەیە (سەیدیان) بڵێت و داوا لە کورد بکات:

خۆ بە قوربانی رەزا شاکەن هەموو

تۆ کەیفی خۆتە چی ئەڵێ‌یت بیڵێ بەڵام بۆ لە دیوانی (ناری) و لە قەسیدەی ئەوا تێهەڵکێشی وا ئەکەی بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ دادگای سامدار و تۆقینەری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بکەیت.

لە ل ۷۵یشدا (سەیدیان) هەمان تەپڵی لە دوابەیتی دەسکردی خۆیدا لێداوەتەوە. لە ل ۱۸یشدا سێ بەیتی (ناری) دەست کەوتووە کە دەڵێت:

جەژنە لە هەموو لا بەیەقین یاری‌یە ئیمڕۆ
ڕۆژی تەرەب و عوشرەت و بێداری‌یە ئیمڕۆ
جێگەی فەرەح و شادی‌و ئازادی‌یە بێ‌شک
وەعدەی کەرەم و مەرحەمەتی باری‌یە ئیمڕۆ
پابەندی ئەلەم، هەمدەمی غەم، یاوەری میحنەت

کەچی خێرا بەیتێکی رەزا تاڵی تێهەڵکێش کردووە و دەڵێت:

چۆن تاجی کەیانی لە سەری نـاوە رەزاشـا

چۆن شەکرە وتەی شا لەگەڵا جاریەیە ئیمڕۆ

رەحمەت لە پێشینیان کە فەرموویانە: کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە. باشە ئەگەر ئەم چەند بەیتە، بە بۆنەی تاج لە سەرنانی رەزا شاوەیە و ئەو بەیتەش وەک سەیدیان دەڵێت هی ناریەیە بۆچی شاعیر لەو رۆژەدا دەڵێت:

پابەندی ئەلەم، هەمدەمی غەم، یاوەری میحنەت

هەمرازی جەفا، دوور لە سەفا، (ناری) یە ئیمڕۆ

ئەمە ئەگەر وابێت، مانای ئەوەیە کە (ناری) هەوێنی رق و قینێکی زۆر پیرۆز و خەستی بەو بۆنەیەوە بە ئاشکرا تکاندووە.

لە لاپەڕەکانی ۱۲۶ و ۱۲۹ و ۱۳۰یشدا، کەم و زۆر، لەو ژەهرانـە رژاون و دەسکاری و تێ هەڵکیش، گەورەیی و پیرۆزی ئەو دیوانە و (ناری)یان شێواندووە.

ئەمە واو مەلاکاکە حەمەی بێلوو (ناری) پیاوێکی ئایینی راست و کورد پەروەرە سۆفی و قەلەندەر مەشرەب و شاعیرێکی هەتا بڵێیت بە بەهرە و نوکتەباز و قسەخوش و مەجلیس گەرمکەر و بەوەفا بوو، هەموو مەیل و خۆشەویستی ئایینی، وەک مەولەوی نەمر، دابوو بە شێخەکانی تەوێڵە و بیارە و بە تەریقەت لە سەر رێگای نەقشی بوو، هەموو مەیل و سۆز و خۆشەویستی نەتەوەکەیش لە شێخ مەحموودی حەفید و ئەو خێزانەدا دەدی... لەم دوو لایەنەوە شیعری زۆری هەیە.

بۆ یەکەمیان کە نیشانەی راستی و وەفا و سۆزی راستەقینەی خۆیەتی دەڵێت:

گەرچی تەقسیری نەهاتن کاری بەندی قاچمە
دەم بەدەم داوێنی پاکت پاکی جێگەی ماچمە
دوور لەتۆ، دایم ئەنالم، وەک نەخۆشی بێتەبیب
چاوەڕێی ئاوازی دەنگی خاکەناز و پاچمە

کەوا دیارە قاچی باتێی داوە و ناتوانیت سەفەر بکات و زۆر نەخۆشە و چاوەڕوانی دەنگ و ئاوازی خاکەناز و پاچی گۆڕ هەڵکەندنەکەیەتی.

بۆ دووەمیشیان کە شێخ مەحموودی حەفید لە قەسیدەیەکی دوورو درێژدا دەڵێت:

موریدی میحنەت و دەردم، غەمی تۆ پیر و مەولامە
لە مرقەی سۆفی و هاوار و جەزبەی تۆ بەکارم چی
بە پیری دڵ شکستی تەکیەگاهی چۆڵی پیرانم
لە زیکری پیری هەورامان و بەحسی شالیارم چی
کەمن غەرقی زرێباری غەمی تۆبم لە بێلوودا
لە نالە و شیوەن و دەرد و غەمی ئەغیار و یارم چی
بڵێ (ناری) لە کونجی میحنەت و غەمدا هەتا ماوی
بەبێ (بازی فەرەح) ئاخر لە سەیران و شکارم چی

ئەو سۆز و ژانانەی لەم قەسیدە بەرزە و لە هاوچەشنەکانیدا هەیە شتێکی شەخسی و پەیوەندیەکی تاکەکەسی نییە لە نێوان شاعیر و

شێخ مەحموودی حەفیدا، بەڵکوو، وەک شێخ رەئووفی حەفیدیش لە نامەیەکدا دەڵێت، ئەنجامی (عەلاقەیەکی رۆحی زۆر بەتینە لە نێوان مەلا کاکە حەمە و باوکی رەحمەتیما) ئەو پەیوەندییەش هەر ئەوەیە کە شاعیر شێخی بەخاوەن مەسەلەیەکی پیرۆز، کە مەسەلەی نەتەوایەتییە، داناوە و لەو روانگەیەوە شیعری بۆ مەیاندووە.

لە مەیدانی شیعری دڵداری و وەک دەڵێن غەزەلیشدا (ناری) کۆمەڵە شیعرێکی هەر تەواو تەڕ و پاراوو بەهرەداری ئەوتۆی داناوە و داهێناوە کە لە رادەی شیعرەکانی (نالی و سالم و کوردی و مەحوی) دابن.

مەیلی غەزەلم ناوەتە (پێچاڵ)ی هەم و غەم
دڵ خاڵێیە ئەمڕۆ، چ لە بەیتا، چ لە فەردا
من شکاتی دڵ پەرێشانیم لە گێسووی کردووە
ئەو حەواڵەی مەحکەمەی زوڵفی پەرێشانم ئەکا
بێتە سەر رەوتی کومەیتی بەیتی خۆش تەعلیمی من
هەر کەسێ ئەسپی خەیاڵی فێرە رمبازی ئەکا
چونکە بازاڕی غەزەل ما، بێ رەواج
ئێستە من مەشغووڵی جاوم ناعیلاج
کەی دەبێ جەمعیەتی خاتر لە بۆم
تاوجوودم لۆکە بێت و غەم هەلاج
تیری عیشق و چاوی مەستت کوشتمی
ئەی خودا روحمێ لە دەستی جووت و تاق

له مـولّکی عـاشقیدا خـوسرەوێکی شـۆخه دڵ، ئـارێ
گەواهی عـیشقه، جـۆش و شـۆڕشی شـیرینی ئـەشعارم
مـوحتاجی دەرم، تـالبی دیـنار و درەم نـیم
غـەمبار و بـرینداری دڵـی تـازه بـڕوام
له سەر سـینەی بـەئاهی مـن شکـاچینی سـەری زولفـی
له پـەرژینی شکـاوی بـاغی سـێوانـی خـوا چـی بکـەم
که ئاهی سینه وەک جۆشی سـەماوەر بـێ له جـونبوشدا
له جێگەی چا، له دڵدا خوێنی جەرگم دەم نەکەم چ بکەم
دڵم وەک ئاش و دەردم ئـاشەوان و بـۆ مـزەی مـیحنەت
سروشکی دەمدەمی چاوم به سەیلی چەم نەکەم چـبکەم

[ناری] که ناسناوی مەلا کاکه حەمەی بێلووه، له سالّی ۱۸۷۴ز له دێی (بادڵان) که سەر به هەرێمی (گەرمک) و قەزای پێنجوێنه له دایک بووه. کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مـەلا مـوحەممەدی کـوڕی مـەلا عـەبدولڕەحمانه. بـنەماڵەکـەیان له دێـی (زیـرهەرمێ) بـوون. بـه دەستووری خوێندنی فەقێیەتی ئەو سەردەمەی کوردستان، له پێشدا له لای باوکی قورئان وکتێبه وردەکانی خوێندووه و ئنجا چووه بۆ سنه و به مەریواندا گەڕاوه و هاتووه بۆ سلێمانی و له پاشا گەڕاوەتەوه بۆ سنه و پێنجوێن و بانه و وان و باشقەڵا و هەولێر و رەواندز و له سالّی (۱۹۸۷ز) له رەواندز ئیجازەی مەلایەتی له سـەر دەسـتی مـامۆستا ئەسعەد ئەفەندی وەرگرتووه و گـەڕاوەتـەوه بـۆ مـەریوان و له دێـی (کیکن) چەن سالّێک مەلا بووه و له سالّی ۱۹۰۴دا لەسەر داوا کردنی

(حسێن بەگ)ی بێلوو کراوە بە مەلا و مودەڕیسی ئەو دێیە و هەموو ژیانی بە دەرس وتنەوە و مەلایەتی و شیعر وتنەوە بردۆتە سەر و تا لە ساڵی (۱۹۴۴)ز لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کـردووە و لە دێی (بێلوو) نێژراوە.

دەربارەی (ناری)

شێخ رەئووفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە نامەیەکدا کە بۆی بەجێ هێشتووین دەربارەی (ناری) دەڵێت:

«ناری» زۆر نەفسێکی بـەرزی بـووە بـێجگە لەوەی کـە شـتێکی اسوولی حەقی مەلایەتی لە ئەهلی دێیەکە وەرگرتبێ، خۆی فەلاحەتی هەبووە، هیچ وەختێ نەی ویستووە پـارەیەک، یـان شـتێک لە کـەس وەربگرێت... تایەر بەگی وەسمان پاشا کە ئەدیب و شاعیر بووە زۆر رەفاقەتی (ناری) پێ خۆش بووە، هەرچەندە هاتبێتە (پـێنجوێن) لە هاویندا مەلا کاکە حەمەی دەعوەت کردووە بۆ لای خۆی و مدەتێک گلی داوەتەوە و بە شیعر زۆر موراسەلەیان لە بەیندا هەیە.

(حسین بەگی بێلوو) بۆی گێڕامەوە و وتی: دەفعەیەک (تایەر بەگ) دێی (بالیکەدەر) دەبەخشێ بە مەلا کاکە حەمە (ناری)، ئـەهالیەکـە زۆریان پێ خۆش دەبێ چونکە لە دەس پـیاوەکـانی (تـایەر بـەگ) نەجاتیان بووە و بوون بە رەعیەتی مەلایەکی پیاوچاکی وەکوو (ناری)، دەچن بە شوێنیا و ماڵەکەی بار دەکەن کە نزیک (بالیکەدەر) دەبنەوە هەموو ئەهلی دێیەکە دەچن بە پیریەوە بە خاوو خێزانەوە، مەلا کاکە

حەمەش دەپرسێت: ئەم قەرەبالغیە چیە؟ دەڵێن ئەهالی دێی (بالیکەدەر) بوون بە رەعیەتی تۆو زۆر مەمنوونن و هاتوون بە پیریتەوە. مەلا دەڵێت: چۆن من بووم بە عەبدی (تایەر بەگ) و فیرعەونی ئەم مەزڵوومانە؟! بناء علیه به سووره‌تی قه‌تعی ناچم و دەگەڕێمەوە... نە عەبدایەتیم پێ دەکرێت و نەفیرعەونی... هەرچەند ئەهلی دێیە کە دەپارێنەوە فائیدەی نابێت، دەگەڕێتەوە (بێلوو) و دێیە کە بۆ (تایەر بەگ) رەت دەکاتەوە.

وەختێ شێخ مەحموودی باوکم لە ساڵی ۱۹۱۰ (لە دوای کارەساتی مووسل و کوشتنی باوکی روو دەکاتە مەریوان ئەهالی مەریوان بە بەگزادە و رەعیەتەوە هەتا دەتوانن ئیحترامی دەگرن، ئەم ئیحترامە زیاتر لە بەر مەرکەزی دینی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مارفی باوکی بووە، ئیتر لەو رۆژەوە پەیوەندییەکی زۆر گەورە لە بەینی شێخ مەحموود و مەلا کاکە حەمەدا پەیدا دەبێت، مەلا زۆر شیفتەی ئەو نیشانە دەبێت کە شێخ مەحموود کردوونی. زۆر لە شیعرەکانی لەگەڵ شێخ مەحموودە.

باوکم زۆر جار بۆی گێڕاومەتەوە دەیفەرموو مەلا کاکە حەمە بە قەتعی هیچ نەوعە پارە و مەنفەعەتێکی لێ قبوڵ نەکردووم.

لە ساڵی ۱۹۲۷دا کە ئینگلیزەکان شێخ مەحموودیان ناچار کرد لە (پیران) دابنیشێت. زۆر بێدەست کەوت، ناچار هەموو لەشکرەکەی بڵاوە پێ کرد. حکوومەتی ئێران تەشکیلاتی لە مەریواندا کرد، لە پاش بەینێک ترسی ئەوە پەیدا بوو ئێران هێز بنێرێتە سەر شێخ مەحموود.

ئیتر مەلاکانی مەریوان کەوتنە خۆیان بە سەرکردایەتی مەلاکاکە حەمە (ناری) و هێزێکی موناسیبی مەریوانیان نـاردە شـاخی (دۆڵـەبە) و (سەردوش)ی پشتی (پیران)، ئەو هێزە بە نۆرە لەوێ مانەوە تا ئـەو مەترسییە رەوییەوە.

مەلاکاکە حەمە زۆر معجب بووە بە شیعری (حاجی قادری کۆیی).

مامۆستا ئەحمەد خواجە لە بارەی (ناری)یەوە دەڵێت:

کە شێخ مەحموود نـاچاری دانـیشتن کـرا لە مـەریوان لە لایـەن داگیرکەرە ئینگلیزەکانەوە «سەرەتا لە دێـی (ولەژیر) گـیرسایەوە» لە لایەن هەموو بەگزادە و مەلا و پیاو مـاقوولانی نـاوچەکـەوە نـامەی بەخیرهاتن و پشتگیری بۆهات، هەموو نامەکان بە فارسی بوون تەنها نامەیەک نەبێت بە کوردی بوو کە ئەویش نامەی (ناری) بـوو. شـێخ مەحموود فەرمووی: ئەحمەد وەڵامی هەموو نامە فـارسییەکـان بـە کوردی بدەرەوە و وەڵامی نامەکەی مەلا کاکە حەمە بەفارسی. وتم: قوربان بۆچی؟ وتی: ئەوانەی نامەیان بە فارسی بۆ ناردووم هەموویان کورد و رۆڵەی کوردن ئەمەوێ بەم وەڵامە جنێوێکی ئەدەبییان پـێ بدەم... بۆ مەلا کاکە حەمەش ئەمەوێ تووڕەی بکەم... وتم بەڵێ باشە. دوای یەک دوو رۆژ مەلایەک لەوبەری ماڵەکەمانەوە دەرکەوت کە شێخ چاوی پێ کەوت لە سەر هەیوانەکە راپەڕی و چوو بە پیریەوە دەست و بوسیان کرد و شێخ پێش خۆیدا وکە دانیشتن شێخ وتی: ئەحمەد ئەمە مەلا کاکە حەمەی بێلوو (ناری)یە کە زۆر جار باسی ئەکـەم ئـینجا رووی کردە مەلاکاکە حەمە و وتی: مامۆستا ئەم ئەحمەدە زۆر نەگریس

وبێ گوێیە من ئەڵێم وەڵامی مەلاکاکە حەمە بەکوردی بدەرەوەکەچی ئەو بە فارسی وەڵامت ئەداتەوە هەتا تووڕەت بکات (ناری)یش لە وەڵامدا وتی: راست ئەکەی ئەگەر بە قسەی تۆ نەکات لای تۆ جێ نابێتەوە!

مەلا سەعیدی زمنا کۆیی پێش نوێژی مزگەوتی بابە عەلی بۆی گێڕامەوە وتی: کە فەقی بووم لەگەڵ مامۆستاکەمدا چووینە خزمەت (مەلا کاکە حەمەی بێلوو) مەجلیس گەرم بوو هەرتاوە ناتاوێک پیرێژنێک دەهات و بە پێوە زۆر چاک لە (ناری) ورد دەبووەوە و دەڕۆیشت منیش لەم کارە زۆر سەرسام بووم شتەکە سێبارە و چواربارە بووەوە منیش بە چرپە بە مامۆستاکەمم وت: بزانە نەهێنی هاتنی ئەو پیرێژنە بە مامۆستا کاکە حەمە نادرکێنێ؟ ئەویش وەک من مەراقی بوو کە بە پارێز بۆی چوو لێی پرسی: ئەوە ئەو پیرێژنە بو وائەکات؟ (ناری)یش لە وەڵامدا وتی: وازی لێ بێنن ئەوە خۆی ون کردووە (مەراقەکە زیادی کرد) با بۆتان بگێڕمەوە: چەند ساڵێک لەمەو پێش ئەم پیرێژنە هاتە مەجلیسەکەمانەوە هەر دانیشت ناچار لێم پرسی: خوشکم ئەگەر ئیشێ پرسیارێکت هەیە فەرموو بیڵێ. وتی بەڵێ باشە بەڵام حەز ئەکەم هەر خۆم و خۆت بین دانیشتوان بەرە بەرە چۆڵیان کرد ماینەوە من و ئەو. پێم وت: فەرموو وتی نوورێکی خوایی چۆوەتە دڵمەوە بەرامبەر بە تۆ حەز ئەکەم پاشماوەی ژیانم بۆ خزمەتی تۆ بەسەر بەرم وتم سوپاس کارت راست بێت واپێم گەیشت وتی: من بەوەندە رازی نابم حەز ئەکەم دەستی شەرعم بخەیتە سەر و لە

نزیکەوە خزمەتێکی تەواوت بکەم... مەلا کاکە حەمە وتی: مـنیش دایکی منالّەکانم نەمابوو بێ خزمەت بووم بەدڵ حەزم لەم کارە دەکرد بەڵام گیروگرفتی خۆم هەبوو بۆیە پێم وت: ئاخر منیش لێت ناشارمەوە حەز ئەکەم ئەو راستیـیە بزانیت کە من پیاوەتیم نەماوە و هیچ خێرێک لە من نابینیت. کەچی لە وەڵامدا وتی: من بـۆ ئـەوەی نـاکـەم تـەنها دەمەوێت بە بێتەماع لە نزیکەوە خزمەتی باشت بکەم... وتم: مادەم وایە باشە. چوار پێنج ساڵە هـێناومە. لەو وەختـەوە ئـەمە پـێشەیەتی تۆزێک دوور بکەومەوە ئەبێ بێت و بەسەرم بکاتەوە و دڵنیا بێ لەوەی کە هیچ نارەحەتیم نـیـە ئەمە بـەسەرهاتی پـیـریمە. بـابەسەرهاتێکی گەنجیشتان بۆ بگێڕمەوە ناخۆش نـیـە:

کۆمەڵێ فەقی بووین. بۆ (بانە) دەچووین. نزیک (بانە) کانیـیەکی لێیەلە شوێنێکی ئەوەندە تەختایە هـەتا نـەچێتە سـەرتەوقە سـەری کانیـیەکە نازانی کی لە سەری کانیـەکەیە، کەگەیشتینە سەر تەوقەسەری کانیـیەکە دیمان فریشتەیەک لە سەر کانیـیەکـە خـۆی ئـەشوات. لە جوانیا وەسف ناکرێ. ئەوقژە ئاوریشمەی بـەسەرشان و مـلیا شـۆڕ کردبووەوە... کە هەستی بە ئێمە کرد لە عەزرەت حـەیا و حـورمەتی خۆی وەک شێت راپەڕی و ئاگای لە خۆی نەماو بەرەولای ئێمە ملی نا و دەستی گرت بە عەورەتیەوە و قیژانـی: بـمرن چـیشکەی نـاکـەن. فەقیـیەکی تامەزرۆی نـێرەحەیتەش گـورج لە گـیرفانی راسـتیـیەوە دەستەکێکی ئامادە کراوی دەرهـێنا و هـاواری کـرد: تـۆش رۆحت دەرچێ تامی ناکەیت. گەڕاینەوە دواوە.

ئێستەش سەرسامی ئامادەکردنی ئەو دەستەکەم.

مەلاکاکە حەمە دەچێت بۆشاری سنە. لەوێ بازرگانێک بە بۆنەی هاتنی (ناری)یەوە دەعوەتێکی گەورە بۆ چەند مەلا و بازرگانێک دەکات و دەیانەوێ مەلا کاکە حەمە تووڕەکەن بۆیە قسە بە کچە مەریوانی دەڵێن لەو کاتەدا چای بۆ دادەنێن ئەویش هەر زۆر عاشقی (چای) بوو کە تەماشا دەکات چایەکە سارد ەئویش دەست بەجێ دەزانێ سەماوەرەکە خەفە بووە واتە کونەکانی ژێری بە خۆڵەمێش گیراون و ئاگرەکە خەریکە دەکوژێتەوە بەچیلکەکونەکانی سەماوەرەکە پاک دەکاتەوە دەڵێت: مردووتان مرێ سنەیی سەماوەرەکەشتان وەکوو خۆتان وایە تا لە ژێرەوە پیانەکەی جۆش ناسێنێ و دەماخ پەیدا ناکات.

مامۆستا مەلا حەمە ئەمین بۆی گێڕامەوە وتی: تازە ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرتبوو چوومە خزمەت مەلا کاکە حەمە ئامۆژگاریەکم بکات، دوای پیرۆزبایی فەرمووی: جاران ئەمانوت «کلموا الناس حسب عقولهم»، ئێستا دەبێ بڵێین: «کلموا الناس حسب جهولهم».

کاک وریا قانیع وتی: باوکم لە خزمەت مەلا کاکە حەمەی بێلوودا خوێندوویەتی و دۆستایەتیان زۆر بەهێز بووە. کە باوکم دەبێ بە مەلای دێی (کاڵ) لە مەریوان، (ناری) سەری لێ دەدات. باوکم دەرامەت و گوزەرانی کەمێک باش بوو، رەنجبەرێکی دەبێ بە مامۆستا (ناری) دەڵێت: قوربان ماینت پێ بوو؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ ماینم پێیە. رەنجبەرەکەش بۆ ئەوەی بچێ زین لە ماینەکە بگرێتەوە و ئاوی بدات و کاو و جۆی بکا بە سەرەوە دەچێتە دەرەوەی ماڵەکە هەرچەند

دەگەڕێ ماینی بەرچاو ناکەوێت، ناچار دێتەوە بۆ لای ناری و دەڵێت: وا بزانم ماینەکە بەرەڵڵا بووە و هیچ دیار نییە. ئینجا (ناری) بە پێکەنینەوە دەڵێت: رۆڵە ماینم پێیە، یانی بە سواری پێی خۆم هاتووم.

هەرکاک وریا قانیع وتی: لەو سەفەرەدا (ناری) بە باوکمی وت: بەم هاتنەم دڵی دۆست و دوژمنم بە خۆم خۆش کردووە. باوکیشم وتی چۆن؟ ئەویش وتی: ئەوی دۆستە ئەڵێ شکور مەلا کاکە حەمە گوڕی پێماوە و ئەتوانێ بە پێ سەفەر بکات؟ هەرچی دوژمنیشە ئەڵێ: مەلا کاکە حەمە عومری گەیشتووە بەم عومرە وڵاخێکی نییە بۆ سەفەری ئەمڵا و ئەولا سواری بێت.

مەلاکاکە حەمە دڵی بەکچێکەوە ئەبێ کە سۆفی ئەورەحمان ناوێک و چەند کەسێکی تر خوازبێنی ئەکەن بۆ کوڕە ئاغایەک و سەریش ئەگرێت ئەویش قەسیدەیەکی هەجوویان لێ ئەنووسێت کە هەر ئەم بەیتەیان دەست کەوت:

سۆفی ئەورەحمان کە سۆفی بوو لە سێفی ژووروا
کەر بە لەعنەت بێ ئەڵێن پۆشی خەڵاتی پاڵتاو

* * *

ـ۱ـ

سووره‌تی یاسین که وه‌سفی حه‌زره‌تی له‌ولا ده‌کا
ئه‌هلی دڵ مایل به جیلوه‌ی[۱] سووره‌تی تاها ده‌کا
خاکی به‌رده‌رگاهی قه‌سری گه‌ر به‌سه‌ردا کا، گه‌دا
هه‌ر نه‌فه‌س نه‌فره‌ت له تاجی قه‌یسه‌ر و دارا ده‌کا
ئاسمان وه‌ک مشته‌ری[۲]، هه‌رده‌م به میزانی وه‌فا
که‌سبی هه‌ر شامێ[۳] به یادی ده‌وڵه‌تی ئه‌سرا ده‌کا
گه‌ر ته‌سه‌وور کا مه‌سیحی ته‌ختی عه‌رشی ئه‌عزه‌می
تا ئه‌به‌د ته‌رکی به‌یانی ڕه‌فه‌عه‌تی عیسا ده‌کا
نووری عیشقی تۆ له سه‌ر توری دڵی موسا مه‌گه‌ر
دای له سه‌ر سینه‌ی به شه‌وقی دڵ یه‌دی به‌یزا ده‌کا
بۆ خه‌لیلان گه‌ر نه‌سیمی گوڵشه‌نی لوتفت ببێ
ناری نه‌مروودی به سه‌حنه‌ی (جه‌ننه‌تولمه‌ئوا) ده‌کا
تاقی کیسرا بۆ به به‌رقی نووری حوسنی شه‌ق نه‌بێ!
سه‌یلی حوکمی ناری فارس زایل و ڕیسوا ده‌کا
ئه‌ی حه‌بیبی خالیقی عالەم، له ئادەم تا به تۆ
ئه‌نبیا یه‌ک یه‌ک به‌یانی حه‌زره‌تی والا[۴] ده‌کا

---

(۱) جیلوه: خۆده‌رخستن و خۆنیشان دان ـ خود را ظاهر کردن.
(۲) مشته‌ری: ناوی ئه‌ستێره‌یه له ئاسمان، ـ سیّارهٔ مشتری، کرِیار ـ خریدار.
(۳) شام: لێره‌دا مه‌به‌ست له وڵاتی شامه‌و ئیشاره‌یه به ئایه‌تی ـ سبحان الذی اسری بعبده... ـ ژه‌می نان خواردنی ئێواره‌یه ـ سرزمین شام ـ وعده غذای شب.
(۴) والا: به‌رز، خوا ـ بالا ـ خدا ـ .

نێرگسی مەستی سیاهت[۱]، عەینی (مازاغ البصر)
شەمعی بێسایەی وجودت شەرحی (کرّمنا) دەکا
ئادەمی خاکی بەسەر زومرەی مەلەکدا بێگومان
تۆی سەبەب نازش بە ڕوتبەی ـ علم الأسما ـ دەکا
کاشفی (والليل)ی تووڕەی پەرچەمی شەبڕەنگی تۆ
ئافتابی[۲] تەلعەتت[۳] تەفسیری (والضحی) دەکا
ئایەتی میعراجی پایەی قابە قەوسەینت عەجەب
وەسفی ئیعزازت لە تەختی نازی (أو أدنی) دەکا
عەکسی ئەلفی قامەتی ئەبرۆتە گەر (نون والقلم)
سیدقی مەوزونی کەلامت کەشفی (ما أوحی) دەکا
با وجودی پڕتەوی میهری[۴] جەمالّی ئەنوەرت
کێ خەیالّی زیبی قەسر و سایەیی (طوبی) دەکا
سەلسەبیلی لوتفی تۆ بێشک لە عەرسەی مەحشەرا
توشنەلەب، قانیع، لە بادەی جامی (أعطینا) دەکا
چی لە دەولّەت کا، ئەسیری بەندی عیشقی ئەحمەدی
عیشقی مەحموودی بە عاشق کەسبی ئیستیغنا دەکا

---

(۱) سیاه: ڕەش ـ مشکی. (۲) ئافتاب: ڕۆژ. خۆر ـ روز، آفتاب.
(۳) تەلعەت: ڕوخسار، مەبەست هەلاتنی ڕۆژی ڕووت ـ رُخسار، (مقصود طلوع آفتاب است).
(۴) میهر: بەواتا ڕۆژ (الشمس) دێت. واتە شمسی جەمالی ـ به معنی آفتاب، خورشید جمالش.

(نـاریا) وەسـفی جـەلالی حـەزرەتی خـیرالبشـر
کەی بەسەد دەفتەر هەتا مەحشەر بەشەر ئینشا دەکـا

* * *

-۲-

چـونکە هـەمدەردی سـولەیمانم لە سـیحری دێـوەدا
مـەسڵەحەت وایـە بـڕۆم بـۆ خـۆم بـە هـەردو کـێوەدا[۱]
هـەرکەسێ گـەر مـەیلی مـەحبوبی بـە دونـیا بـێ دەبـێ
سـەبری وەک مـن بـێ لە بـەر ئـێشی فـەلاقە و چـێوەدا[۲]
مـاڵی دڵ شـێوێ کـەتاجی عـەشق بـازی نـایە سـەر
وا لە خـۆی قـاپی ویـقار و ئـیعتیباری پـێوەدا
مـەوعیزە و تـەزویر ئـەی دڵ! بـێنەوە سـەر بـەحسی گـوڵ
قـووتی ڕۆحـی بـولبولی دڵ وا لە غـونچەی لێـوەدا
مـوعجیزەی حـوسنت نـەبێ، ئـەی ئـافتابی بـێ نـیقاب
سـوبحی سـادق کـەی تـلوعی‌دا لە نـوێژی شـێوەدا
ڕەهـزەنی[۳] فکـرم پـەناگـاهی یـەخەی بگـرێ بـە زۆر
وەهـمە کـەس قـابیل نـیە، دزبـێ، لە بـاغی سـێوەدا
بـاغی: گـوڵ خـەندانـی، ئـەفعا: بـاغەبانی، تـیفلی دڵ
چـوو لە بـۆ غـونچەی دەمـی ڕەشـماری زولفـی پـێوەدا

---

(۱) نووسرا بوو کێوو هەردەدا، وادیارە هەڵەیە چونکە وا جوانترە.
(۲) چێوە: چیلکەودار ـ نوعی چوب کە برای تنبیە کردن از آن استفادە می‌شود.
(۳) ڕەهزەن: ڕێ گر، چەتە (قاطع الطریق) ـ راهزن.

بۆ هەموو کەس خاوەن یەغما[۱] بوو، شەکەرخەندەی لەبی[۲]
بـــۆ مـــنی بـێ‌کـــەس جـــوێنی تـــرش و تـــاڵی تـێوەدا
(نـــاریا)خـــۆ تـــەرکی دنـــیا ئـــایەتی ئـازادیـیـە
بـــۆ گـــرفتاری لە ـ بـیت الحـــزن ـ ی ئـــەم بـێ خـێوەدا[۳]

* * *

ـ ۳ ـ

ڕەفـــیقانم هـــەموو ڕۆیـــین لە دێ‌دا
بـــە تـــەنها هـــەر ئـــەمن مـــاوم لە جـــێ‌دا
لە بـــەر دنـــیا نـــەما یـــادی قـــیامەت
خـــودا چـــی بکـــەم لەمـــێدا، یـــا لەوێ‌دا
قـــەزا ڕۆژێ شکســـتی‌دا بـــە مـــەردان[۴]
کە بـەیداغـی جـیهانگیری بـە (مـێ)دا[۵]
کـــە مـــەنزڵ عـــاریەت بـــێ عـــارە مـەیلی
خـــەراری خـــاری خـــواری وا لە ڕێ‌دا
بـەهەر کـەس تـا نـەدا نـەقدی هـەم و غـەم
بـــەکـەس مـوشکیل، عـەزیزم! درهـەمێ‌دا

(۱) یەغما: تاڵان ـ غارت. (۲) لەب: لێو ـ لب.
(۳) بیت الحزن: مەبەست دنیایە ـ مقصود دنیای فانی است.
(۴) مەردان: پیاوان ـ مردان.
(۵) مێ: مەبەست (ڤیکتۆریا)ی شاژنی بەریتانیا بوو ـ مقصود ملکه ویکتوریا است.

کـــەسێ دەرچـوو، لە داوی مـەکـری دنـیا
کـــە مـــەردانـــە تـــەڵاقی ســـێ بـە ســێدا
تەماشاکەن لە سفرە و خوانـی گـەردوون[۱]
هـــەتا ســـەر نـــیعمەتی شـــادی بـە کـێدا!
بـە سـورەت ڕێ و زێ گـەرچـی یـەکـێکن
بـــەڕێ گـــەردی ســەفەر زیـبی بـەزێدا[۲]
بـەڵێ تـەقسیمی ئـوستادی ئـەزەل بـوو[۳]
بە (دۆڵاشی)ی خەلەو، ئاوی بە (نـێ)دا[۴]
ســـــەفەر مـــــەولامە تـــا مـــاوم لەمـــەولا
کـە کـەوش و گـۆرەوی و تـۆزی بـە پـێدا
بـــە مـــیزانـی شـەریعەت سـەعبە (نـاری)
مـــــەداراکـــــەی لە بـــەینی دوو هـــەوێدا

* * *

(۱) گەردون: کەون. جیهان ـ جهان هستی.
(۲) زیبی بەزێدا: زیب: جوانیـیە. لە هەمان کاتدا ئەو نـوختەیەی کـە لە سـەر (ز)یـە جوانیـیە کە بۆ (ر) ـ جوانی و (شادکامی).
(۳) ئوستادی ئەزەل: خوا ـ اُستاد اَذل، خدا.
(۴) نێ و دۆڵاش: دوو گوندن لە مەریوان یەکەمیان بە خەلەو خەرمان بـە نـاوبانگە و دووەمیان بە ئاش و ئاو. دیسان ئاشی ئاو لە کوردستانداکە باو بـووە ئـەوسا خـەلە بـە دۆڵاشاو ئاویش بە (نێ)دا هاتوچۆی کردوە کە دووپارچەن لە بەشەکانی ئاش ـ دو منطقه از توابع شهرستان مریوان.

ـ ۴ ـ

فەلەک بۆ گەردوشی تۆ لەحزەیە تەرکی جەفا ناکا
بە قانونی ئەدەب شەرمێ لە خاسانی خودا ناکا[۱]
مەگەر ئەو مادەری شمری سەگو بو جەهلی مەلعوونە
کەوا قەت تەرکی غەم پێدانی (ما تحت العبا) ناکا
بە تەرزی ئیبنو مەلجەم پارەبێ جەرگی کەوا ڕەحمێ[۲]
بە ئاهو سۆزشی سینەی حەزینی مورتەزا ناکا
یەقینم وایە توشنەی خوێنی ئەولادی موحەممەد بوو[۳]
کە قەت خۆفێ لە هەنگامەی خرۆشی کەربەلا ناکا
بە بێمیهری، بەڵێ مەشهووری ئافاقە، فەلەک بۆیە
لە شاهی ئەنبیا شەرمێ، لە فرزەندەی حەیا ناکا
دەسا با بێینەوە سەر واقیعەی سالاری دین پەروەر
ئەگەرچی خامە عوشرێکیش لە عینوانی ئەدا ناکا[۴]
حەفیدی حەزرەتی کاک ئەحمەدی قوتبی سلێمانی
کە بێ ئیمدادی فەیزی بەرگی گوڵ نەشئە و نوما ناکا
لە شاری موصلا وەسلی بە ئەنواری شەهادەت بوو
بەڵێ ڕوتبەی شەهادەت، تەرکی ئالی موصطفی ناکا

---

(۱) بەڕێز شێخ سەعیدی حەفید لە ۱۹۱۰ز لە موصل کوژرا.
ـ شیخ بزرگوار سعید حفید در ۱۹۱۰ در موصل شهید شد.
(۲) ئیبنو مولجەم: عبدالرحمن کوڕی مولجەمە کە حەزرەتی عەلیی شەهید کرد و پارچە پارچەیان کرد ـ عبدالرحمان ابن ابن ملجم، فردی ناپاک بوده که حضرت علی را شهید کرد.
(۳) توشنە: تینوو ـ تشنه.
(۴) خامە: پێنووس. قەڵەم ـ قلم.

حوسەین ئاسا لە مەوجی خوێندا پەیوەستە فەرموویە
دەسا بۆ کەس خەیاڵی (من سقانی، قدنجا) ناکا[۱]
ئەگەر دابی موسڵمانی وەها بێ وەک لە موصڵدا
بە حوسنی دینی ئیسلامی، فەرهەنگی ئیعتینا ناکا
عیباداتی گرۆهی موددەعی بەد تینەت و عاسی[۲]
لە دیوانی جەزا بێشک بە قەد یەک جۆ بەها ناکا
مەگەر موصڵ بە ئاهی حەزرەتی ـ زەهرا ـ سەروبن بێ
وە ئیللا قەتڵی ئالی زەخمی ئەهلی دڵ دەوا ناکا
عەجەب ماوم لە سوککانی فەلەک، یەعنی مەلەک بۆچی؟
کە ئەمری تەعزیەی ئیسلامی ئەم میحنەت سەرا ناکا
کەسێ یەک زەرەرە ئیمانی لە دڵ دابێ بە ئیمانم
قبوڵی بوردەباری زیللەتی ئەم ماجەرا ناکا[۳]
نەماوە ئابڕوو بۆ ئەهلی گوڵ عەنبەر لە عالەمدا[۴]
بە بێ شک جوو لە مەولاوە لە قوتبیش مەرحەبا ناکا
سلێمانی بەبێ ـ نی ـ واقیعەن تەسغیری سەلمایە[۵]
کە ئەهلی وەک زەعیفەی بێ هونەر مەیلی غەزا ناکا

(۱) من سقانی قد نجا: ئەوی ئاوی دام رزگاری بوو ـ کسی به من آب داد رستگار شد.
(۲) گرۆه: کۆمەڵ ـ اجتماع. (۳) بوردەبار: ئارام و ئۆقرە ـ صبور.
(۴) گوڵ عەنبەر: هەموو ناوچەی شارەزووری جاران که پایتەختەکەی خورماڵ بوو ـ تمام سرزمین شهرەزور قدیم که مرکز آن خُرمال بوده است.
(۵) واتە سلێمانی بەبێ (نی) سلیمایە که بچووک کراوەی (سەلما)یە ـ اسم مصغّر سلیمانی که ابتدا سلما و سپس سلیما بوده است.

ئەگەر گوڵ ئابڕووی مابێ، ئەبێ هەر سەر بە زانوو بێ[۱]
ئەگەر عیرفانی بێبولبول بە ڕوی گوڵدا نەوا ناکا
ئەگەر قومری درۆ ناکا لە دەردی هیجرە نالێنی
لە دەوری گوڵ لە گوڵشەندا بە جوز نەعرەی بەبا ناکا
سەبووری لازمە تا ڕۆژی مەحشەر (ناریا) هەرگیز
فوغان و شیوەنت جەبری زەلیلی مامضی ناکا[۲]

* * *

-۵-

ئەم غەزەلەی بۆ بابە عەلی شێخ مەحموودی حەفید نووسیوە
کە لەو کاتەدا لە میسر ئەیخوێند

تا قیبلەیی من وا لە مەقاماتی سەفەردا
یارەبی نەبێ خاتری هەرگیز لە خەتەردا
گەر سەرفی غەمم بێ بەدەمی عومری عەزیزم
نالێ ئەحەدێ، نەقدی حەیاتی بەزەرەردا[۳]
بڕوامەکە، وەک ئەهلی سلێمانیو کەرکووک
کەس دەوڵەتی ئیمانی بەسلق و بەگەزەردا[۴]

---

(۱) زانو: ئەژنۆ - زانو.
(۲) جەبر: یانی گرتنەوە و شکستەی زەلیلی رابوردوو - قهر و زور.
(۳) ئەحەدێ: کەسێ، یەکێ - یک نفر.
(۴) گەزەر: گێزەر - نام نوعی سبزی است که شکل ان شبیه سیب‌زمینی است.

بۆ تـۆ ئـەگـەڕێ بـولبولی دڵ کـووچه بـه کـووچه
بـێچاره له بـەر تـۆزی سـەفەر، غـەرقه له گـەردا
مەیلی غەزەلم ناوەته ـ پێچاڵ ـ ی هـەم و غـەم[۱]
دڵ خـاڵی‌یه ئـەمڕۆ، چـه له بـەیتا، چـه له فـەردا
تا خاتری مـن مـیسره له بـۆ عـەکسـی جـەماڵت
لای ئەهلی خیرەد، عەینی (خدێو)م له نەزەردا[۲]
بـۆچی نـیه ئـاساری سـەوادی ڕەقـەمی تـۆ[۳]
وەک سورمه هەتا ڕەونەقی بینش به بەسەردا[۴]و[۵]

* * *

ـ ۶ ـ

مـەلاباقرا مـەلا بـاقوڕ بـه هـەردوو دەست بـه سـەردادا
لەمـەولا تـا ئـەبەد نـابێ سـەری بـێموو، بـه بـەردادا[۶]
بـەبێ بـوون و وجـوودی مـوستەمیع، خـاریج له قـانوونه
(ئـەمین المـیلله) بـۆچی وەعـزی پـووچ و بـێ سـەمەر دادا

---

(۱) پێچاڵ: ئەو چاڵەیه له ژێر پێی جۆڵادا تەونی له سەر ئەکات ـ چاڵۆ مـخصوصی است که بافندۆ جولا (نوعی بافندگی گلیم) هنگام کار از آن استفاده می‌کند.
(۲) خیرەد: ژیری. عەقڵ. هۆش ـ خردمندی.
(۳) سەواد: خوێنەواری، وە مەبەست لێرەدا نامه ناردنه ـ معلومات.
(۴) بینش: بینین ـ بصیرت و بینایی. (۵) بەصەر: چاو ـ بینایی چشم.
(۶) ئەم هەڵبەستەی بە بۆنەی هـاتنی یـەکێکەوە بـووە بـۆ ئـەو نـاوچەیه کـه ادعـای شـێخی‌یەتی کـردووە و داوای هـێشتنەوەی قـژ و سـەروپرچـی لێ کـردون کـاری دێوانه گەری.

دەبێ بۆچی بکەن باوەڕ کە عالەم دوژمنی شێخە
شەکەر ئەو وەختە مەقبووڵە، کە هەمدەم بێ لەگەڵ چادا
وەکوو من بۆ غوڵامی حەزرەتی شاهی حیسامەددین
ئەگەرچی سۆزی پەروانە شوعاعی قەت بەشەم نادا
(توجە) بۆ دڵی دانا و عاقڵ چاکە نەک جاهیل
پەڕەی گوڵ دێتە جونبوش، نەک خەراری موو لە بەر بادا[1]
بڕۆ دەرۆیش! دەفیکری لوقمەیی شام و نەهارت کە
ڕەواجی جاوی تۆ، نەقسێ بە یاقوت و گوهەر نادا
دەبێ دانا بە عیلمی مەعریفەت هەنگامی ئیحسانی
بە تووتی: قەندو، بولبول: گوڵ، بەوشتر: خارو، گا: کادا[2]
ئەتۆ فیکر و خەیاڵت، مەشکەڕەش بوو[3]؛ کەی دەبێ پڕ بێ؟
ئەمن سەرفی حیاتم بوو، لە کەشفی عیلم و تەقوادا
لە بۆ تەحقیق و حەفزی مەسئەلەی شەرعی لە قورئاندا
ئەتۆ نونت لە بەرکرد و ئەمن جیلوەم بە تاهادا[4]
بە پرچ و ذیکر و مارو دەف خەواریق خەرقەیێ ناژی
لیباسی سەڵتەنەت ڕانی ویلایەت وا لە بەر شادا

(۱) جونبوش: جموجووڵ و گەران مەبەس جۆش و خرۆشە ـ تحرّک.
(۲) خار: درک ـ خار.
(۳) مەشکەڕەش: گەدە ـ کیسەای کە شیر را داخڵ آن بە هم مێزنند و از شیر فراوردەهای دیگری از جملە کرە و... میگیرند.
(۴) نون: لێرەدا مەبەست سورەتی (نون والقلم)ە لە دوایدا دەڵێ بە (طاها)دا مەبەستی لە سورەتی (طه)یە لە قورئانی پیرۆزدا ـ مقصود دو سوره از سورەهای قرآن کریم است سورهٔ «ن و القلم» و سورهٔ طه.

عـــەقیدەم ســـابیتەو، بـــاتیل نـــیە ئـــێژم هـــەتا مـــاوم
لە هـــەنگامی فـــیراغـــەت، یـــا لە وەخـــتی شـــۆر و غـــەوغادا
(بـــهاءالدّیـــن)ەو، مـــەولامە حـــیسامەددینە، ئـــاغامە[۱]
چـــە ئـــاغایە کـــە ســـوڵتانیی بـــە فـــەڕاشـــانی دەرگـــادا
خـــەیاڵی خـــاوە، جـــەزبی دڵ، بـــەزەرگ و ورگـــی چـــوچانی[۲]
مـــەحاڵە مـــاری جـــەعلی مـــوددەعی ئـــیلزامـــی (مـــوسی)دا
بـــفەرموو تـــا خـــەلیفەت ڕەســـمی ئـــینسانی بـــەجێ بـــێنێ
لە هـــەرلایە نـــەڵێن ســـەیید، بـــە نـــەسخی شـــەرعی (فـــتوی)دا
بـــە تـــەنیا تـــف لە نـــێو دەم کـــردن و قـــەندار و دەرخســـتن
خەڵک ڕووتکات و پاروی زل لە سەدری و گۆشتی شەک بادا[۳]
خـــەتای تـــۆیە لە نـــێو پـــێستی مـــەڕا، گـــورگت لە مـــەڕ بـــەردا
ئـــەتۆی لەتـــمەت بـــە (شـــاهی نـــەقشبەند)و غـــەوثی بـــەغدادا[۴]
خـــودا وەخـــتێ کـــە کـــردی قســـمەتی وەزعـــی هـــەموو عـــالەم
حواسی دووی بـــە ئـــەحوەل، ڕەســـمی بـــێشەرمی بـــە ئـــەعمادا
بـــــە دڵ قـــوربانی ئـــالی عـــارفم، شـــەرعەن بـــە تـــەعزیمی
غـــــوڵامی ســـــەییدێکم مـــن لە شـــەرعی جـــەددی لانـــادا

---

(۱) مەولامە: گەورە و سەردارمە ـ سرور من است.
(۲) چوچانی: تیرەیەکە لە ناوچەی مەریوان ـ تیرەای در شهرستان مریوان می‌باشند.
(۳) سەدری: برنجێکی درێژ کۆلەی بۆن خۆشە لە کوردستانی باکور بایەخی زۆرە ـ نوعی برنج خوشبو و معطّر که در کردستان شمالی استفاده از آن زیاد است.
(۴) لەتمە: زالە. شەپەڵاغە. چەپۆک ـ سیلی.

تـەریقەی قـادری کـەی؟ زددی ئـەحکامی شـەریعەت بـوو
خـــودا دێـوانـە ڕووڕەش کـا، کـە جـاڕیدا بـە دنـیادا
غـەرەز دڵسـۆزم و تـاکـوو بـە مـن سـەیید نـەڵێ سـۆزی[1]
لەبـەرچـی؟ تـۆ لە ئـەولادم سـەحیفەی وەعـزی خـۆت لادا

* * *

ـ ۷ ـ

بـێ قـەباحەت گـەر حـەواڵـەی تـیری مـوژگانم ئـەکـا
مەنعی ناکەم، خۆشە فـریادم، بـە خـۆش خـوانـم ئـەکـا
مـن کـە مـەجبوورم، بـە مـەحکوومی غـوڵامانی دەری
شۆڕشی عیشقی ڕوخی، موحتاجی دەربانم ئەکـا[2]و[3]
گەر بـە تـیری عـیشوە جـەرگم پـارەکـا، گـاهێ بـە نـاز
مـاڵی ئـاوابـێ بـە خـەندەی لێـوی دەرمـانم ئـەکـا
مـن شکـاتی دڵ پـەرێشانیم لە گـێسوی کـردووە[4]
ئـەو حـەوالەی مـەحکەمەی زوڵـفی پـەرێشانم ئـەکـا
من بە خۆشخوانی کـە مـەشهوورم لە بـاغی عـیشقدا[5]
ئـەو بـە سـوختەی بـلبلی بـێ نـوتق و نـادانـم ئـەکـا[6]

---

(۱) سۆزی: بەیانی. سبەینێ. هـەروەها بـە واتـا شـەوق و کـنایەیە لە (صبر و تـحمل) بەرامبەر ناخۆشی بە واتای سوتاندنیش دێت ـ فردا صبح. از معانی دیگر آن کنایه از صبر و تحمّل در شدائد و نیز سوزاندن. (۲) روخ: روو ـ رُخ.
(۳) دەربان: بەردەرگا ـ نگهبان در. (۴) گێسوو: ئەگریجە ـ گیسو.
(۵) خۆشخوانی: فەساحەت و بەلاغەت ـ فصاحت و بلاغت.
(٦) سوختە: فەقێیەک لە سەرەتای خوێندان‌دا بێ و تازە دەستی پێ کردبێ ـ فقیه مُبتدی.

من له گۆشەی مەدرەسەی عیشقی مەسائیل حەل ئەکەم
ئەو بە شاگردی خەلیفەی دەرسی تیفلانم ئەکا
من بە ئوممێدی عەقیقی لێوی حەککاکی ئەکەم[۱]
ئەو بە تیفلی عاشقی نارنجی بۆستانم ئەکا[۲]
با موشیری چاوەکەی پرسێ لە خۆنکاری موژەی
لەشکری غەمزەی لەسەرچی تیرەبارانم ئەکا؟
گوڵشەنی حوسنی کە چونکە ئاوی ئەشکی دیدەمە[۳]و[۶]
خەتتی ڕەعدی نااڵەو و گریان و بارانم ئەکا
میم دەمی و ئەلف بینی، چیمە زوڵفی عەنبەری
تا وەزیفەم بێ لە ڕوویا، بەندە فرمانم ئەکا
وا موشەووەش بوو، وەکوو حاڵم، خەیاڵم (ناریا)
هەر وەکوو وەحشی، بەشەر وەحشەت لە دیوانم ئەکا

* * *

-۸-

بولبولی دڵ بۆ خەیاڵی نیکتە پەروازی ئەکا
تو خودا کێ وا دەزانێ خونچەدەم ڕازی ئەکا

(۱) عقیق: یاقوت ـ یاقوت. (۲) بۆستان: باخ و باخات ـ باغ و بُستان.
(۳) و (٦) ئەشک: فرمێسک. دیدە: چاو ـ اشک چشم.

لەشکـری شـاماتی زولفـەینی لە گـەردوش‌دا دەڵـێ‌ی[۱]
عەسکەری سـوڵتانی ڕۆمـە و مـەشقی سـەربازی ئـەکـا
مـوغ بـەچەی خـاڵی لە سـەر گـوڵ ئـاتەشی لێـوی لەلام
سـاحیری هـیندوستانە ئـاتەش ئـەندازی ئـەکـا[۲]
سـوحبەتی ئـەمشەو پـەشێوی ڕوومـەتی گـیراوی‌یـە
ئەوحەبەش زادەی قولە، هەرکەسبی غـەممازی ئـەکـا[۳]
بـۆ لە سـەردانـم هـەمیشە، تـیغی عـیشوەی حـازرە[۴]
مـن بـە قـوربانی، بـەشەهدی لێـوی شـانازی ئـەکـا[۵]
قـازیی و مـفتی دەڵـێن، یـانی حـەرامـە سـوحبەتی
ڕووی ئەوە ڕەش بـێ بـە قـەولی مـوفتی و قـازی ئـەکـا
بێتە سەرڕەوتی کومەیتی[۶] بەیتی خۆش تەعلیمی[۷] من
هـەرکـەسێ‌وا ئـەسپی تـەبعی فـێرە ڕمـبازی ئـەکـا
وا ئـەزانـم بـێ‌ئەدەب نـابێ ئـەگـەر (ناری) بـڵێ
ئـەم غـەزەلمانە لە لەهـجەی شـێخی شـیرازی ئـەکـا[۸]

* * *

(۱) گەردش: گەڕان. جوڵاندن ـ گردش.
(۲) ئاتەش: ئاور. ئاگر. ئار ـ آتش. (۳) غەمماز: بەناز و عیشوە ـ عشوەگر.
(۴) تیغ: چەقۆ ـ چاقو. (۵) شەهد: هەنگوین ـ مقصود عسل است.
(٦) کومەیت: ئەسپی خۆشڕەو ـ اسب چالاک.
(۷) تعلیم: فێرکردن ـ تعلیم، یاد دادن.
(۸) شیرازی: مەبەست (حافظی شیرازی‌یە) ـ مقصود شیخ حافظ شیرازی است.

-۹-

تـــووتی دڵـــم کـــه شـــیوەن و فـــریاد و ڕۆئـــەکـــا
فـــیکر و خـــەیاڵی قـــەندی[۱] بـــەیاناتی تـــۆ ئـــەکـــا
بۆ ئیتیحادی ئـیسم و دەوڵـەتی جـیسمت لە نـێوی دڵ
جەیحوونی دیدە عارز و ڕوو شوست و شـۆ ئـەکـا[۲]
نووکی موژەم لە مەعدەنی مەعموری چاوەکەم[۳]و[۴]
بـــۆ تـــۆیە دیـــدە لەعـــل و گـــوهەر، گـــردو کـــۆ ئـەکـا
ڕۆحـــم بـــە یـــادی ڕۆژی ویســـالت بـە هـەر شـەوێ
ســـەیری قســـوری دایـــرەکـــەی هـەشت و نـۆ ئـەکـا
وەک عـــەندەلیبی[۵] بـاخی ئـیرەم دڵ بـە هـەر وەرەق
خـــونچەی کـــەلامی بـاغی لەبت جست و جـۆ ئـەکـا
شەق بوو مەمی بە دامەنی مەمدوح و عەکسی (دوو)[۶]
خـــــەتمە لە نـــاوی یـــاوەری مـــن گـــفتوگۆ ئـــەکـــا
(نـــــاری) لە شـــــەوقی لەبـــــی تـــــۆیە لەم دەمـــــە
شـــۆخی بـــەقەند و یـــاری بـــە تـــۆزی گـــەزۆ ئـەکـا

❋ ❋ ❋

(۱) قەند: شەکری کڵۆ ـ قند.
(۲) عارز: ڕوو، دەم و چاو ـ ڕُخسار، صورت.
(۳) موژە: برژانگ ـ مُژه. (۴) مەعموور: ئاوەدان ـ آبادان.
(۵) عەندەلیب: بولبول. شالوور ـ بُلبل.
(٦) ئەم موعەممایە کە خوا لێ خۆشبوو مەلا کاکە حەمە فەرموویەتی ئاوایە: مـەم کـە دوو میمەلەت بوو، دامـەنی مـەمدوح کـە (ح)یـە کـەوتە بـەینیان و کـردیە (مـحم)وە (دوو)ومان هەڵگێڕایەوە بوو بە (وود) خرایە سەر (محم) بوو بە (محمود).

-۱۰-

چاوەکەم لادە لە سەر کوڵمت نیقاب[۱]
باخەجاڵەت بێ لە ڕووتا ئافتاب[۲]
مەستی عیشقم، پێم مەڵێ مەستی مەیە
عاشقی بێدار و سەرمەستی شەراب
وا بە شوعلەی ئاگری ڕوخساری تۆ
جەرگو دڵ بڕژاوە بۆ تۆ، وەک کەباب
زوڵفە، یا مارە، لە سەر گەنجی ڕوخت
دووکەڵی ئاهی منە، یا میشکی ناب[۳]
نای بڕێتۆ دادی من، یا زوڵمی تۆ
غەیری حوکمی مەحکەمەی ڕۆژی حیساب
پەرچەمە، یا تۆرەیی شاهانەیە
یا سەوادی نامەیی ئەهلی عەزاب
سەهمە، یا موژگانە، یا تیری قەزا
لێوە یا یاقووتە، یا لەعلی موزاب[۴]
قەوسە، یا ئەبرۆیە، یا شمشێری زاڵ
یا کەمانی ڕۆستەمە پڕ پێچ و تاب

(۱) نیقاب: پەچە ـ نقاب. (۲) ئافتاب: خۆر: ڕۆژ ـ خورشید، روز.
(۳) میسکی ناب: خوێنی ڕەشی بۆن خۆشی ناوکی ئاسکە، میسکی خالس: ئەو مادە بۆن خۆشەیە کە لەو خوێنە کە لە ناوکی ئاسکی (خەتاو خەتەن) دەکەوێتە سەر بەرد دورست دەکرێت ـ مُشک کە از نافۀ آهوی ختنی به دست می‌آید و از عطرهای بسیار خوشبوست. (۴) موزاب: موذاب: تواوە ـ مذاب.

بۆ نەبوو ڕەحمت؟ بە حاڵی من دەمێ
تا بەکەی، چاوم! لە (ناری) ئیجتیناب[۱]

* * *

-۱۱-

ئەم غەزەلەش بۆ بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموودی حەفیدزادەیە
بە بۆنەی نیازی ژن هێنانیەوە لە کێژێکی عەرەب

ڕۆژی عیشوە و عوشرەت و عەیش و تەرەب
ئەی موبارەک بێ لە تۆ شۆخی عەرەب
لەم مەقامە لازمە تەبریکی تۆ
گەر حەریفێ بێ کج و عالی نەسەب
دەم وەکوو گوڵ، غەبغەبی هەر وەک ترنج
قامەتی وەک نەخل و مەمکی وەک ڕوتەب
کافیە بۆ سوحبەت و هەم شافیە[۲]و[۳]
بۆ غەمی تەنهایی و شیرین لەقەب
قەوسی ئەبرۆی وەک کەمانی حەیدەری
ڕووی بەلووسی، هەر وەکوو لەوحی زەهەب
بێگرە و بیخە و گڵۆڵەی کە وەکوو
کوولەکەی دەوریش و خورما و عەنەب

---

(۱) ئیجتیناب: دورەپەرێزی ـ دوری کردن.
(۲) کافیە: ناوی کێژە عەرەبەکەیە ـ اسم دختر به زبان عربی.
(۳) شافیە و کافیەش ناوی دوو کتێبی زانستی ئاینین ـ دو کتاب دینی و علمی.

بـــیخه شـــیوەن هـــەر وەکـــوو بـاوک نـەماو
چرکه چرکی پێخه، وەک چـیتی حـەڵەب[۱]
بـــــیخەرە ژێـــــر حـــەملەیی حـــەمدانـــەوە
بـــیکه گـــاڵته و تـــێی تـــرنجێنه بـــه گـــەپ
سووری ســەر خـڕ بـێنه ڕەقس و پـێکـەنین
لووتی هـەڵماسێ و ڕەقـی کـه وەک حـەتەب
بـــــیدەرە بـــــەر زەرگـــــی تـــیژی قـــادری
پـێی بکـێیشه حـەی حـەیی یـا لیـلەجەب
هـــەر وەکـوو حـەککـاکـی دانـا هـەڵ کـەنه
نـەخشی (وامت) له لێـوی ئـەو بـه قـەپ[۲]
هـــەر وەکـــوو جـــۆڵا شـــەپیتکەی پـێوه دە
لابـــەرە پـــەردەی ســـەرا پـــەردەی ئـــەدەب
مـــەسڵەحەت وایـه قـڵی لێ بکـەی بـه فـل
تـــا هـــەتا مـــاوە له تـــۆ نـــەگـــرێ عـــەتەب
حـــــەملەیی شـــێرانـــه چـــاکـــه تـــا بـــڵێ!
انـــــــه لیث شـــــــجیع مـــــنتخب[۳]
دوور له تـۆ ـ نـاری ـ بـه بـێکـەس مـاوەتۆ
بـێ حـەواس و عـەقڵ و ئـیدراک و ئـەدەب

---

(۱) چیت: جۆرە قوماشێکی تایبەتی‌یە بۆ ئافرەت ـ نوعی پارچۀ زنانه.
(۲) وامت: هاوار مردم.
(۳) إنه لیث شجیع منتخب: به ڕاستی شێرێکی زۆر ئازا و هەڵبژاردەیه ـ به راستی مانند شیر شجاع است.

ـ ۱۲ ـ

ئەی کەوکەبی بـورجـی فـەلەکـولئەتڵەسی مـەکـتەب
دارایـــی هـونەر، شـێری عـەرەب، بـازی مـوئەددەب
تـــووتی دڵـە مـــوشتاقە، لە بـۆ قـەندی جـــەماڵت
وەک لێـــوی گـــەدا، بـۆ قـەدەحی شـەهدی لەبـاڵەب
ئـــەم خـــاکـــە کـــە قـــووتی شـەرەفی مـاوە لە بـەینا
خاڵیکە لە ـ س ـ هەم لە کولەی جەهلی مـوڕەککـەب
پـــەیدا بکـە ئـەهلی شـەرەف و ڕووڵە شـەرەف کـەن
ئـــــەلقابی عـــــەزیزی بـــە خـــەیاڵاتی مـــوڕەتتەب
گـوی مـەگـرە لە تـەقریری زوڵەیـخایی هـەوەس تـۆ
تـــا پـــارە نـــەبێ جـــامەیی تـــەقوایـــی مـــوخاتەب
بـــــێشک ســـەبەبی فـــیرقەتی جـــانانە کـــەوا بـــوو
یەعقوبی فەلەک، قـامەتی خـەم، پشـتی مـوحەددەب
(ناری) دڵەکەی کەوتە ئەنێو چاهی فیراقت(۱)و(۲)و(۳)
پـــەروانـــە سـیفەت ئـێستە بـە سـووتانە مـوعەززەب

* * *

ـ ۱۳ ـ

مات و پەشێـوم نەما سەبر و قـەرار و شـەکـیب(۲)
چونکە عـیلاجی نـەبوو دەردی دڵـی بـێ تـەبیب

(۱) و (۲) و (۳) ئەنیو: لەناو. چاە: چاڵ. فیراقت: دوورکـەوتنەوەت ـ درون. چاە. دوری و فراق تو.
(۲) شەکیب: ئۆقرە ـ صبر.

فەرمووتە بێ زوو بە زوو، بیکە بـە کـارم عـەدو[۱]
غارەتی[۲] دینم بە دوو نێرگسی جادوو فـریب[۳]
ئەشکم[۴] ئەگەر وەک مەیە، نالّەم ئەگەر وەک نەیە
ڕوومە ئەگەر وەک بەیە[۵]، پاکی لە داخی ڕەقیب[۶]
ڕوومـەتی ڕەخشـانە، یـا، مـاهی درەخشـانە، یـا
لەعـلی بـەدەخشانە، یـا، لالەیـی لێـوی حـەبیب
زولفی لە دوولا بـەلا، خـەتتی چـەلیپا[۷]، نـوما[۸]
نـافیەیە بـۆ مـاسیوا، نـاهیەیە بـۆ هـەر سـەلیب
باغی ئیرەم ڕوویـەتی، مـیشکی خـەتا، مـوویەتی
دیـدەیی جـادوویەتی، ڕەهـزەنی یـار و غـەریب
(نـاری) ئـەگـەر عـاقلّی، بـۆ لە خـودا غـافلّی
حـەیفە ئـەگـەر کـاملّی، بـێ ئـەدەبی بـۆ ئـەدیب

* * *

ـ ۱۴ ـ

بۆ شێخانی تەوێلّە و بیارەیە

پـاکـەتی شـیرین مـەفادی حـەزرەتی شـاهانە هـات
هـەروەکـوو تـووتی بـە کـۆلّێ قـەندەوە مـەردانـە هـات

---

(۱) عەدو: دوژمن ـ دشمن.
(۲) غارەت: تالّان کردن ـ به یغما بُردن.
(۳) فریب: فریو ـ گول زدن.
(۴) ئەشک: فرمێسک ـ اشک.
(۵) بەیە: بەهێیە ـ بە.
(۶) ڕەقیب: ناحەز ـ رقیب.
(۷) چەلّیپ: سەلیبَ ـ صلیب.
(۸) نوما: ئاشکرا ـ آشکار.

بـۆ مـوبارەکـبـایی ئـەم عـەیش و سـروور و عـوشرەتە
تـایەفەی ئـاغاوو بـەگـلەر، عـەشرەت و بـێگانە هـات
جـەمعی دەرۆێش و مـەلا و سـۆفی لەگـەڵ ئـەهلی تـەریق
ساقی و مەینۆش و مـەست و (مـورشید)ی مـەیخانە هـات
دەف زەن و شمشاڵژەن و سـەرپاکـی دەنگـخۆشی ووڵات
شـێت و سـەرعی گـێژ و غـافڵ، عـاقل و فـەرزانـە هـات
سەر بـە پـرچ و دەس بـە زەرگ و مـل بـە ڕەشـمار و بـەڵێ
سـەف بـە سـەف دەم پـڕ لە ئـاگـر، تـاقمی دێـوانـە هـات
پرچـی دەرۆێش و چـرا تـێکەڵ بـەیەک بـوو بـوو بـە شـەو
نـورو زوڵـمەت هـاتە پـێش و بـۆ سـەما پـەروانـە هـات
بەرخ و مـێ، هـێهێی بـەران و کـاوڕو شـەک بـێحیساب
قەند[1] بەخەروار و خەرارو (دووبەرە)ی پڕ، شانە، هات[2]
سـەد ژن و سـەد پـیرەژن، دووسـەد کـچی نـەرم و نـیان
سـەد مـناڵی بـێکـەس و کـەسداری دووسـاڵانە هـات
سەد لەجوو، یەک سەد لە تەرسا، سەد لە ڕەهبانی مەجووس
سـەد لە گـەورەی بتپـەرست و سـادە ڕوومـەستانە هـات
سەد قتوو ئەنواعـی عـەتری، سـەد لە شـووشەی پـڕ گـوڵاو
سەد چەپک خـونچە و وەنـەوشەو نـێرگس و ڕێـحانە هـات

(۱) قەند: شەکری کڵۆ ـ قند.
(۲) دووبەرە: دووبەرەی هەنگوین ـ دو قسمت از عسل.

مـوفتی بـۆ فـتوا بـەنەی، قـازی لە بـۆ تـەحلیلی مـەی
سەد مـودەڕڕیس بـۆ ئـیباحەی بـەزمی ئـەم مـەیدانـە هـات
بـوو بـە رۆژی جـەژن و شـادی، وەک جـلووسی پـادشا
هـاتی (نـاری) بـوو لە سـایەی تـۆ، کـەوا ئـازانـە هـات

* * *

-۱۵-

گـیان بـە ئـیستیقبالی بـۆ سـەر لێـوەکـەم هـات و نـەهات
بـوو بـە شـیوەن شـادمانی، ڕۆحـی مـن ڕۆژی مـەمات
بـۆ وەفـاتم، گـەر وەفـایێ کـا بـە هـاتن، یـەک نـەفەس
لازمـە دەسـتە و دۆعـابم، تـا ئـەبەد مـن بـۆ وەفـات
کـافری زوڵفت بـە ئـاهم، کـەی لە مـوڵکی ڕۆمـی ڕووت
دەردەچـێ تـا کـۆمەکـی بـێ لەشکـری خـاڵی (سـیا)ت
دەوڵـەتی حوزنی مـن و خـەرمانی حـوسنی تـۆ عـەجەب
کەس نەبوو جارێ لە هـەردوو پـێ بگـا ڕەسـمی زەکـات
بێ شوعاعی شەمسی ڕوخسـارت لە بـۆ کـێ حـەل دەبـێ
هەندەسەی خاڵی سەحیفەی عـاریزی حـیکمەت نـومات
کەی بـە ئـوممێدی حـەیاتم، دوور لە شـەهدی لێـوی تـۆ
زوڵمەتی زولفت کە دەورەیدا لە سەر چەشمەی حەیات[1]

(۱) چەشمەی حەیات: وا مەشهورە کە سەرچاوەی ژیان ئەژدیهایەکی گەورەی ڕەشی تیایە، ئەمیش زولفی ڕەشی یاری داناوە لە جێی ئەو ئەژدیهایە و دەم و لێویشی داناوە بە

فەوجی تورکانت عەجەب چالاکە بۆ تەسخیری دڵ
شۆرەتی ئافاقە ئاریێ، زەمزەمەی فەتحی سوپات
گەر شکستی‌دا بە شەککەر لێوی ئاڵ و گەردنت
بێرەواجی‌دا بە شووشەی شەربەت و شووشەی نەبات
وا غوبار ئەنگێزە بۆ ئامانجی دڵ تیری موژەت
ئافتابی ڕوومەتی پۆشیوە، گەردی تۆ تیات
ماهی ڕۆخسارت کە جیلوەی دا لە شامی پەرچەما
ڕۆژ بە ڕوو زەردی لە مەشریق‌دا بەرەو مەغریب هەڵات
خاڵی دانەی بولبولی دڵ، زولفی خاوی داوی‌یە
کەی دەبی (ناری) لە داوی خاوی مورغی دڵ نەجات

* * *

-۱۶-

ئەی ئەمن قوربانی خاکی خانەقات
قوتبی کامیل، مورشیدی شیرین سیفات
شاهی تەخت ئارایی مولکی مەعریفەت
شەمعی پڕ تەوبەخشی ئەربابی نەجات

☞

سەرچاوەی ژیان. بۆیە (ناری) بە هیوای ژیان نیە و بە تەمایشی نابێت ـ مطابق نظر قُدما مشهور بوده است که داخل سر چشمهٔ حیات و زندگی اژدهایی بزرگ و سیاه قرار گرفته است و ناری در اینجا زُلف یار را به آن اژدها تشبیه کرده است و دهن و لبها را به سرچشمهٔ زندگی تشبیه کرده است و به این خاطر ناری به اُمید زندگی فانی نبوده و نخواهد بود.

لایـەقی ئـەمڕۆ لە بـۆ تـەفسیری ـ نـوون ـ
شاریحی بۆ ـ مائیدە ـ و سووڕەی ـ بەرات ـ
شک نـیە مـەنزوری زومـڕەی ئـەولیام
گـەر بگـا دەسـتم بـە داوێـنی کـەوات
سـاعەتێ گـەر دەس بـدا فـەیزی حـزوور
یـەک دەقـیقە قـیمەتە بـۆ سـەد سـەعات
ئانی ـ ئـەو ـ نـادەم بـە سـەد ئـانەی ڕەواج
ئـانیەی نـادەم بـە سـەد کـاسەی نـەبات
تـۆ بـە دڵ کـانی وەفـا، مـن بـێوفا
بـێوەفایی مـن بـە قـوربانی وەفـات
ڕوکـنی ئـادابـی شـەریعەت تـا ئـەبەد
مـونهەدیم نـابێ بـە تـەئویلاتی لات
وا لە گـەردوش‌دا وەکـوو پـەروانـە دڵ
مـایلی سـووتانە، بـۆ شـەمعی لیـقات
شـافیەیە بـۆ دەردی بـێکـەس یـادی پـیر
کـافیەیە بـۆ بـێنەوا، گـەنجی لەقـات
بـۆ کـەسانێ کـەسبی هـاتی بـوو کـەهات
بۆ یـەکـێ وەک مـن نـەهاتی بـوو، نـەهات
نـەزمی بـیری وەک گـوڵی بـێئاوو سـیس
ڕەغـبەتی فـەوتاوە، لای ئـەهلی ووڵات

❋ ❋ ❋

ـ ۱۷ ـ

هەتا ڕوئیەت نەکەم شێوەی هیلالی فەوجی دەربانت
ئەمن دوورم لە ئیفتاری سرووری جەژنی قوربانت
بەسەر سەرما فەلەک هەوری غەمی بەو تەرزە کێشاوە
نەماوە بینشی بەدری ڕوخسانی تابانت
لە عەرسەی زیللەتا نابێ نەجاتی دڵ لە دەس غەم بێ
بەبێ ئیمدادی جەولانی، خەمی چالاکی چەوگانت
موقیمی ئاستانی ڕەفعەتم وەک جەم ئەگەر یەک دەم
ببینم سوڕەتی عەکست لە سەفحەی جامی ئەیوانت[۱]
بە میقرازی تەبیعەت بیبڕم، واچاکە بێدۆزم[۲]
بە ماکینەی سەناخوانی، غەزەل بۆ فەرشی هەیوانت[۳]
لە شاری سینە دڵ دارولئەمانە بۆ غەمی هیجرەت[۴]
بە حیکمەت دارولئیحسانە، ئەساسی بەیتولئەحزانت[۵و۶]
گریبانی[۷] سەبووریم چاکە[۸] وەک بولبول لە شەوقی گوڵ
نموونەی چاکە ئەم چاکە، بە یادی چاکی دامانت

---

(۱) جامی ئەیوانت: مەبەست جامی جەمە ـ جامجم.
(۲) بیدۆزم: بیدوزم. تەرتیبی بدەم. (۳) غەزەل: شیعر ـ شعر.
(۴) شاری سینە: زەم و هیجایەکی ناسکە بۆ شاری سنە ـ شهر سنندج..
(۵) داروالامان و داروالاحسان: ناوی دوو مزگەوتە لە شاری سنە لە کوردستانی ئێران ـ دو مسجد بزرگ در شهر سنندج از شهرهای کردستان ایران.
(٦) بیت الاحزان: مەبەست دنیایە کە پڕە لە ئاشووب و ناڕەحەتی هەردەم ـ مقصود دنیا است که همیشه پُر از فتنه و آشوب و مشکلات است.
(۷) گریبان: یەخە، بەرۆک ـ یقّه.

بـــلووکی[۹] خـــاکـــی ئـــێرانـــی خـــەیاڵاتم پـــەرێشانە
بە سەبکی[۱۰] نەزمی مەشرووطەی ڕەهەندەی[۱۱] دەردی هیجرانت
دڵـی (نـاری) بـەسانی غـونچە[۱۲] تـەنگە گـەر نـەکـا یـاری
نـــەسیمی دڵ نـــەوازی غـــەم، گـــودازی[۱۳] بـــادی دامـــانت

* * *

ـ ۱۸ ـ

«بەندی یەکەم»

ئەی خاکی وەتەن بۆچی نەما شێوەیی پـارت؟
بۆ بوو بە شەوی زوڵمەت و تاریکە نـەهارت!؟
بۆ بـاسی نـەما دەفـتەری ئـەحکامی ئـیلاهی!؟
بـــۆ یـــادی خـــودا وا لە گـــوڕێزا لە کـەنارت؟
بـۆ عـاجز و بـێزاری لە مـەعشووقەیی تـەقوا؟
بۆ پـیرەژنی کـۆنە هـەوا بـوو بـوو بـە یـارت؟
وەک بازی جەفاکاری ستەم پیشەیی نـەمروود
بۆ تەیری سەفا، مورغی جەفا، بوو بە شکارت؟
سابۆچی نەکەم شیوەنی گوڵ، سـیسە لە بـاغا؟
دڵ بۆچی نەکەم لەتلەت و سەد پارە لە داغا؟

---

(۸) چاکە: پارچە پارچەیە. دادڕاوە ـ تکّە تکّە شدە است.
(۹) بلووک: لەشکر. سوپا ـ لشکر، سپاە.
(۱۰) سەبک: سووک ـ سبک. (۱۱) ڕەهەندە: دەربەدەر ـ رانده شده.
(۱۲) سانی غونچە: وەک غونچە. خونچه ئاسا ـ به مانند غنچه.
(۱۳) گوداز: سۆز. سووتان ـ گداختن.

«بەندی دووەم»

ئەی خاکی وەتەن، بۆچی نەما ڕەونەقی جاران؟
بۆ قاتی‌یە ڕەسم و ڕەووشی سوحبەتی یاران؟
بۆ بێ ئەسەرە، ڕەونەقی بازاڕی دیانەت؟
بۆ حوسنی عەمەل هیچی نەما یەک لە هەزاران؟
بۆ دەنگی نیە جەزبەیی سۆفی لە سەحەردا؟
یا شوکری غەنی، سەبری فەقیران و هەژاران؟
کوا شۆڕشی دەرویشی و تەهلیلە شەو و ڕۆژ؟
کوا نەعرەیی دێوانە، وەکوو ڕەعدی بەهاران؟
عاجز مەبە لەم تەبعی کەچ و حاڵەتی بەد خووت؟
بێ‌پەردە، نەبێ بێ ئەدەبی، تف لە سەر و ڕووت

«بەندی سێیەم»

ئەی خاکی وەتەن بۆچی نەما سەیر و سەفاکەت؟
بۆ زێڕ و زەبەر بوو بە دەمێ، قەسری وەفاکەت؟
بۆ گوڵشەنی ئادابی مەحەببەت نیە ئەمڕۆ؟
بۆ سازە لە بۆ نەشتەری دڵ خاری جەفاکەت؟
بۆ دڵ بە دڵێ مەیلی نەماوە لە وەتەندا؟
بۆ ڕووی لە تەرەف قیبلە نەما قیبلە نوماکەت؟

بۆ قاعیدەیی بوغز و حەسەد سازە لە تۆدا!؟
بۆ پاکی شکا، پەنجەیی ئیحسان و عەتاکەت!؟
سا بۆچی نەبی تۆ بە زرێباری مەجووسی!؟
یا چیهرەیی تۆ دیدە نەبینێ بە عەبووسی!

«بەندی چوارەم»

ئەی خاکی وەتەن، یادی وەفا بۆچی نەماوە؟
بۆ بازی سپی عیلم و ئەدەب، باڵی شکاوە؟
بۆ ئەسپی قەناعەت، نیەتی قووەتی جەولان؟
بۆ هیممەتی ئەربابی کەرەم خەتتی کشاوە؟
بۆ سازی تەرەب تاری دووسەد لانیە ئیمرۆ؟
بۆ ڕوشتەیی عیسمەت، لە دووسەد جێوە بڕاوە!؟
بۆ تازەیە کین و حەسەد و بوغز و عەداوەت!؟
بۆ کیسەیی دانەی گوهەر و چاکە دڕاوە!؟
بۆ عیلم و عەمەل بێ ئەسەرە ئەمرۆ لە دنیا!؟
بۆ ئەهلی خودا پاکی هەموو جەرگی بڕاوە!؟
چون مەشرەبی تۆ مەتلەبە لای میللەتی عیسا
ترسم ئەوەیە عاقیبەتت ببیە کلێسا

«بەندی پێنجەم»

ئەی خاکی وەتەن بۆچی چەمەن چۆڵە لە بوڵبوڵ؟
وەجهی چیە بەم ڕەنگە نەما جیلوەگەری گوڵ؟
بۆ ئایەتی جەمعیەتی خاتر لە وەفادا؟
مەنسووخە، پەرێشانە، وەکوو حوججەتی باتیل
بۆ بووی بە تەڵەو داوی هەموو شێخ و مەلایە!
ئاڵاوی لەمل پاکی چە هوشیار و چە غافڵ
بۆ یادی نەما شۆڕش و غەوغایی قیامەت!؟
لای ئەهلی جیهان، پاکی چە بێ فەهم و چە عاقڵ!
گەر تۆبە نەکەی تۆ لە تەقازایی هەوەس زوو
دەک زێر و زەبەر بێ، وەکوو ئەو شارە کە ڕۆچوو[1]

«بەندی شەشەم»

ئەی خاکی وەتەن غەفڵەتی بێغایە هەتاکەی؟
مەشغووڵی هەواو و هەوەس و کایە هەتاکەی؟
بۆ یادی مەقامی ئەبەدی مەحوە، لە دڵتا!
شەوق و تەرەب و مەنزڵی بێپایە، هەتاکەی؟

---

(۱) زێروزەبەربێ: مەبەست شاری ـ زرێبار ـ ەکە ڕۆچوو ئێستا بە ناوی زرێبار ناسراوە لە ناوچەی مەریوان لە کوردستانی ئێران ـ مقصود دریاچهٔ زریبار واقع در شهر مریوان است.

دنیا که هەموو لەحـزە هـەم ئـاغۆشی[۱] کـەسێکە!
سوحبەت لەگەڵ ئەم فاحیشە ڕیسوایە هەتاکـەی؟
بـۆ خـۆت کـە دەزانـی لە مـەرگ نـیتە هـەڵاتن!
پەس[۲] ئەم هەموو تەفرە و شتە بێجایە هەتاکەی؟!
نازیش مەکـە ئـەی نـەفسی فـرۆمایە بـە تـەدریس
نـەک دەسـتی ئـەتۆ، بـێبگرێ خـایەیی ئـیبلیس!

* * *

-۱۹-

مەخمووری مەی و غەمزەیی دوو نێرگسی کاڵم[۳]
پـامااڵی خـۆماری مـەیە، ئـیدڕاک و کـەماڵم[۴]
بـێ شـەمعی ڕوخـی شـەوقی نـیە گـۆشەیی مـاڵم
بـۆ مـیهری وەفـا، شـاهیدی مـەیخانەیە حـاڵم
دیدەکاڵ و شەمعی ماڵ و ڕوو بە خاڵم بۆ نەهات؟
کارم هەموو گریانە بە دەم میحنەت و دەردۆ[۵]
مردم لە ئـێشو ئـۆفی قسـەی دوژمـن و بـەدگۆ

---

(۱) ئاغۆش: باوەش. کۆش ـ بغل، آغوش.
کێشی ئەم هەڵبەستە و بە تایبەتی گۆڕینی لە پینجەم دیواکارێکی داهێنراوو پیشووداتێکی هونەرمەندانەی وورد و نیشانەی خاوکردنەوە و سکاڵا و چەشنە ئاوازیکی تایبەتیە کە بە هەڵبستی کوردی ئەبەخشێت و بە شوێن و مەبەستە هەروەها.
(۲) پەس: ئیتر. کەوابوو ـ که اینطور شد.
(۳) مەخموور: مەست و سەرخۆش ـ سرمست.
(۴) پامااڵ: سڕاوەتەوە ـ پایمال شده. (۵) دەردۆ: دەردەوە ـ همراه با درد.

بۆ شیوەنی من دەنگی نەبوو، تورکی جەفا جـۆ
لەم تاڵع و بـەختی بـەد و سـەرگەشتە خـوداڕۆ
تورکی چین و مەهجەبین و نازەنینم بۆ نەهات؟[۱]
بێ نەغمەیە یەک بارە[۲] چەمەن داخی گـرانـم
گوڵشەن بە دەمێ چۆڵە، بەبێ سـەروی ڕەوانـم
بێ شاهید و بێمەیل و شەکەرڕێزی[۳] جیهانم
وێـران و پـەرێشانە، عـەجەب بـاخی گـوڵانم
نەوغەزال و قەد نیهال و بێ میثالم بۆ نەهات؟
شێعرم وەکوو مەی باعیسی ئەنواعی نـیشاتە
سەرمایەیی شۆر و تەرەب و عەیش و حەیاتە!
تـووتی دڵـەکـەم مـونتەزیری قـەند و نـەباتە!
بۆ نوقڵی دڵی عـاجز و بـێ سـەبر و سـوباتە!
بادەنۆش و قەند فرۆش و سورمە پۆشم بۆ نەهات؟
شەیدا سیفەت و عاجز و بێسەبر و شەکـیم
ئـاشوفتەو و سـەرگەشتەو وبـێیار و حـەبیبم
هەر من لە تەرەب عاشقی بێ سەهم و نەسیبم
گـیرۆدەیی دەردی سـتەم و دەسـتی ڕەقـیبم
تورکی جەنگ و شۆخ و شەنگ و لالەڕەنگم بۆ نەهات؟

---

(۱) تورک: زاراوەیەکە بۆ جوانی بەکار دێت ـ کنایە از زیبایی و جوانی.
(۲) یەکبارە: یەکجاری ـ یک دفعە.
(۳) شەکەرڕێز: شەکەرڕێژ. شەکەرباران ـ شکر باران.

بـەهبەھ لە گـرۆهی[۱] سـەفی مـەستانە حـیسابم
لای مورشیدی مـەیخانە مـولەقەب بـە جـەنابم
هەم ساقی و هەم جورعەکەشی جـامی شـەرابـم
ئوستادی نەی و تار و مەی و چەنگ و[۲] ڕوبابم
بادە خواهو مووسیاهو کەچ کولاهم[۳] بۆ نەهات؟
بێنەشئەیی دیدەم، شەوی یەڵدایـە مـەقامم
خاڵـی لە شەمیمی گوڵ و شەوبۆیە مـەشامم
چونکو ئەسەری قەت نیە، ئەنجامی مەرامم
بێڕەونەق و تەرتیبە، گوڵی نـەزم و کـەلامم
نووری چاوو بۆ گوڵاوو تووڕە خاوم بۆ نەهات؟
بیمار و نەخۆشم، بەغەم و میحنەت و هـیجران
ئیشم بـە هـەموو دەم بـووەتە شـیوەن و گـریان
ئـارامـی نـما مـورغی دڵـم، مـات وپـەرێشان
بۆ ڕەحمی نەبوو، لوتفی نەما کەس بە غەریبان؟
دیدە بازو عیشوە ساز و دڵ نەوازم بۆ نەهات؟
بێیارم و بـێهەم سـوخەن و[۴] هـەم نـەفەسێکم
بـێهەمدەم و بـێیار و بـەبێ دادڕەسـێکم[۵]

---

(۱) گروه: کۆمەڵ ـ چند نفر.
(۲) چەنگ: چەشنە ئالەتێکی مۆسیقایە ـ از آلات موسیقی است.
(۳) کەچ کولاه: کلاولار ـ کنایه از طنّازی است، کج کلاه.
(۴) هەم سوخەن: هاودەمێ گفتوگوێ لەگەڵ بکەم و راز و نهێنی خۆمی لە لادەربڕم ـ محرم اسرار.

بۆ نوکتەیی شیرین نەفەسی وەک مەگەسێکم
موحتاجی[۱] نیگاهو نەزەری میهری[۲] کەسێکم
هەم زمان و نیکتەزان و میهرەبانم بۆ نەهات؟
(ناری) چیە لوتفی نیە دەربانی نیگارم
سووچت چیە لاتاقمی دیوانی نیگارم
بتکەم بە فیدای تورڕەیی[۳] فەرمانی نیگارم
تۆ بێژە بە یاران و غوڵامانی[۴] نیگارم[۵]
ئەمری شاهو حوکمی جاهو دەفعی ئاهم بۆ نەهات؟

* * *

-۲۰-

-ج-

چونکە بازاڕی غەزەل ما بێ ڕەواج
ئێستە من مەشغوڵی جاوم، ناعیلاج[۶]

(۵) دادڕەس: کەسێ کە لە داد بپرسێ (قاضی: حاکم) واتە کەسێ نییە لە دادم بپرسێ - قاضی، حاکم.
(۱) موحتاج: ئاتاج - نیازمند.
(۲) میهر: خۆشەویستی. وەفا - محبّت و وفا.
(۳) تورڕە: مۆر. نیشانە - مُهر و نشانه.
(۴) غوڵام: خزمەتچی دەرکەوان - خدمتگزار، نگهبان.
(۵) نیگارم: خۆشەویستم - محبوبم.
(٦) جاو: جۆرە چنین و قوماشێکی شاش و هەرزان و بێبایەخ بوو - نوعی پارچهٔ ارزان قیمت است.

تـــاجری بـــێمایەم و هـــەردەم بـــە زۆر،
پـێم دەکـا هـەی شـاڵی شـەش پـێ ئـیحتیاج،
مـــوڵکی تـــەن بـــێ مـــەزرەعەی دڵ مـاوەتۆ[۱]
تـــەرح و مـــونها بـــوو لە تـــەکـلیف و خـەراج
کـــــەی دەبـــــێ جـــەمعیەتی خـــاتر لە بـــۆم؟
تـــــا وجـــوودم لۆکـــە بـــێت و غـــەم هـــەلاج
ســـــەیری ســـــاز و مـــەیکەدە لەم عـــەسرەدا
بـــوو بـــە فـــەرزی عـــەینی و ســوننەت بـە بـاج
زوڵـــمەتی جـــەهلە و نـــەما بـــەرقی «حـــیسام»
بـــێ بـــەها مـــاشەعشەعە و شـــەوقی سـیراج[۲]
بـــــەختە ئـــــەسبابی شکـــــۆهو ســـــەڵتەنەت
کـــەی بـــە تـــەختەی تـــەختی دارینـە و بـە تـاج
وا لە تـــــرسی غـــــەم لە (نـــاری) ڕەم دەکـــا
دەم بە دەم وەک صەیدی وەحشی ئیبتیهاج[۳]و[۴]

* * *

-۲۱-

-د-

«ئەم غەزەلەی بۆ بەڕێز شێخ بابە عەلی نووسیوە»

---

(۱) ماوەتۆ: ماوەتەوە ـ ماندە است. (۲) سیراج: چرا ـ چراغ.
(۳) صید: جانەوەری کێوی. راو ـ حیوانات کوهی، شکار.
(۴) ئیبتهاج: خۆشی. شادی ـ شادمانی.

ئەی مەزهەری لوتف و کەرەم و ڕەئفەتی مەعبوود
ئەی گەوهەری بەحری شەرەفی ئەحمەد و مەحموود
ئەی تازە نیهالی چەمەن و گوڵشەنی مەقسوود
یاڕەبی نەبێ بازی خەیاڵت لە خەتەردا
صەیادی هەونەربێ، لە موقاماتی سەفەردا
ئەی گەنجی گرانمایە لە بۆ میللەتی کوردان
دەرمانی شیفا بەخشی هەموو عیللەتی کوردان[1]
ئەی دافیعی دەرد و ئەلەم و زیللەتی کوردان[2]
یاڕەبی نەبێ زاتی ڕەئووفت لە مەلا لا
بێ بەهرە نەبێ جیسمی لەتیفت لە جەلا لا
ئەی خاک و غوباری قەدەمت تاجی سەری من!
ئەی سورمە لە بۆ بینشی چاوو بەسەری من![3]
ئەی شاهی ڕوخت ڕەونەقی بازی نەزەری من[4]
پەیوەستە ڕەفیقت مەدەد و لوتفی خوابێ
هەم سوحبەتی تۆ، زومڕەیە ئەربابی وەفابێ
بەغدا کە وەکوو میسرە ئەتۆ یوسفی ثانی

(۱) عیللەت: دەرد. نەخۆشی ـ مریضی.
(۲) زیللەت: ژێردەسی. مل کەچی ـ زیر دست بودن.
(۳) سورمە: کل بۆ چاو ڕشتن ـ سُرمهٔ چشم.
(۴) ڕوخ: روو ـ صورت، رُخسار.

وریـــابه نـــەوەک یـــاری عـــەزیزێ بـــە نـــیهانی
بـــتخاته ئـــەنێو مـــەکـــر و فسـوونێکی زوبـانی[۱]
ئـــاشوفته نـــەبێ نـــەزمی خـــەیاڵت بـــە خـــەیاڵێ
یـــــارەببی نـــــەبی بـــــەند و گـــرفتاری جـــەماڵێ
(نـــاری) نـــیەتی لایـــقی تـــۆ نـــەزم و ســـوپاسی
قـــــابیل نـــیه بـــەغدا دڕەوی قـــووتی بـــەداســـی
زیـــبا نـــیه دیـــبا ڕوخـــی بگـــری بـــە پـــەڵاسی[۲]
ئـــەی مـــەردمەکـــی دیـــده لە بـــۆ فـــەرشی کـــەلامت
خـۆزگەم بە کەسێ حازرە بو شەهدی کەلامت[۳]

* * *

-۲۲-

-ر-

ئەم غەزەلەی بۆ بەڕێز شێخ حسام‌الدین نووسیوە

ئەی پـادشەهی مـەملەکـەتی خـەلوەتی حـزوور
قوتبی مەدارو مەرکەز و مەقسوودی خوار و ژوور
دارایـی تـاجی مـەسنەدی ئـیقلیمی مـەعریفەت
دانـــا بـــە ســـۆزی دڵـــی عـــاشقانی دوور

---

(۱) فسون: ئەفسانە. جادوگەری ـ افسانه و جادوگری.
(۲) پەڵاس: کلیمه که له خوریی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرێت وه به واتای ئەو جل و بەرگە ئەستوورە زبرەیە کە دێوانە و دەروێش دەیۆشن ـ لباس خشن که درویش‌ها (برای ریاضتِ نفس) می‌پوشند. (۳) شەهد: هەنگوین ـ عسل.

هەروەک مەقامی عیززەت و ئیدارکی پاکی تۆ
حوسنت لە چاوی مونکیری ناپاکی بەد بە دوور
چۆن بوو پیادەیی شاهی ڕوخت نیسبەتی نەبوو
ماوم لە مالّی کولبی غەما تا بە نەفخی سوور
عاریف کە کاکە شێخە بە ئەوزاعی حالّی من
شەرح و بەیانی بەختی بەدم کەی دەبێ زەروور

* * *

-۲۳-

لەبەختی من مەلا واهاتە گوفتار
بروزی جەوهەری خۆیدا بە ئەشعار
دڕی یەکسەر سەرا پەردەی موحیببەت
بڕی ڕشتەی وەفا، یەکسەر بە یەکبار
لە مەیدانی فەساحەتدا، سەداقەت
وولّاغی تەبعی شیرین خستە یەلغار
بەڕمبازی کەری موشتاقی کردم
لەغاوی ئەسپی فیکرم، چار و ناچار
دەسا فەرموون، تەماشاکەن، عەزیزم
لە فڕکو هووڕی نەژدی سوار و کەرسوار
قەسەم ناخۆم وەلێ شەرتم وەهابێ
لەسەردەم بیفڕێنم سەر بەرەو خوار

وەکـــو ســەرعی کــەفاوی پــێ دەچــێنم
وڕاوەی پـــێ دەکــەم وەک کــوتەلێ دار
فڕەی تــەسبێحی پــێ ئــەبڕم بــە جــارێ
سیواکی لێ ئەکەم، عەینەن بــە ڕەشــمار
وەهـــا ســەر گــێژ و شــێتی کــەم نــەمێنێ
ئــیمام زادە و بــەسی بــێغەیری ژێــربار
وەهـــا بـــیبەم نـــەزانـــێ ڕۆژە یــا شــەو
جبەی لێ بــێ بــەتەوق و شــەدفەبێ بــار
لە بـــــیری وا بـــــەرم دەردی ئــیمامت
لە جــێی ئــامین بــلّێ: بــەگــزادە هــاوار
ژنـــی دۆلّاش و نــێگــرد بــن لە دەوری
هـــــەتیوی پـــیرێژن ڕاکـــەن لە نـــۆمار
عــەلیمان و مــەلاشەمس و ئــەمین بــەگ
ئەگــەر بــێن و لە لای مــن بــن رجــاکــار
نـــەجاتی نــادەم و قــەت تــەفرە نــاخۆم
نەلّــێ تاخۆی ئــەمان و تــۆبە ســەد جــار
لە عیلمی مەترەق ئــاموزی حــەقیقەت
ئـــــەنالّێنێ لە بـــــۆ تـــەعلیمی ســـالار

* * *

ـ۲۴ـ

ئەم غەزەلەی بۆ بەڕێز شێخ مەحموودی حەفید نووسیوە

دڵ بەبێ تۆ ماوەتۆ بێ شـەوق و نـوور
عاجز و مات و حەزین و بـێ سـروور
حـەیفە قـەسری تـۆ بـمێنێتۆ بـەبێ
نەزم و گوفتاری غـوڵامی بـێ قسـوور
وا لە سەرما بێحەواسیی بـێ قـیاس
وا لە دڵـما غەم، بـە خـەروار و کـلوور
ڕەونـەقی ئـاوازەیـی بـولبول نـەما
وا لە بـازاڕی ڕەواجـا لووڕە لوور
پرچـی دەرویـشـە، بـە دەم بـاوە ئـەڕۆ
هەر وەکو پووش و پەڵاشی شارەزوور
مێزەری شێخ و مەلا بۆ ذیکری مـەوت
بـوو بـە ئـاڵایی مـەزاران و قـبوور
ڕۆژی عەقڵ و فەهم و عـیلم و دانشـە
نەک خـەیاڵاتی پـڕ و پـووچ و غـرور
کوشتەراتی خسـتە بـاغی مـەعریفەت
تاوە تەرزە و بادەوەی فیسق و فـجوور
قیمەتی عـیلمی مـەلا وەک گـاڵە تـاڵ
واشکاوە سەر بە سەر ناچێ بـە تـوور

دەوڵـــەتی وێـــرانـــەیی ئـــێرانـــە وا
جیلوە ئارا وەک زەمانی سەلم و تـوور
بوو لە بۆ ئیمدادی فـەیزی ئـەحمەدی
بێ نفوذە، خەرقەڕەش، یامیری سـوور
وابە بـادەی مـیحنەت و دەرد و سـتەم
سەد دڵی دانا شکـا، هـەر وەک بـلوور
شـــانە بـــۆ ســـۆفی ئـــەبەد لازم نـــیە
مێـزەری ناوێ مەلا، تا نـەفخی سـوور

* * *

-۲۵-

ئەم غەزەلەی بۆ شێخ بابەعەلی حفیدزادە نووسیوە

ئـەی مـوقیمی مـەکـتەبی فـەزل و هـونەر
ڕەونـــەقی ســـنفی جـــەلیل و مـــوعتەبەر
لالەیـــی بـــاغی ســـەعیدی ئـــەحمەدی
نـــــەونیهالی گـــوڵشەنی (خـــیرالبشـــر)
حـــافیزی ڕۆژ و شـــەوت (روح الامـین)
یـــاوەری تـــۆ ســـاحیبی شـــەقولقەمەر
گوڵبەنی زاتـی (ڕەئـووف)ت بـێ مـەلال
غونچەیی جیسمی (لەتیف)ت بێ کـەدەر

مەکتەبی فەزل و شەرەف ئەمرۆ بە تۆ
بوو بە قیبلەی ئەهلی عیرفان و نەزەر
مەکتەبی فەزلە بەڵێ لەم عەسرەدا
مەزهەری جەوهەر لە بۆ نەوعی بەشەر
مەکتەبی فەزلە وەکوو قەسری بەهەشت
پڕ لە نەقشەو جیلوە بەخشە و شوعلەگەر
مەکتەبی فەزلە لە مەعموری عێراق
بوو بە کانی لەعل و یاقووت و گوهەر
ماهی نەو ناکا تەرەققی بێ گومان
تا نەکێشێ میحنەت و ڕەنجی سەفەر
تا لە نیسانا نەبێ حەپسی سەدەف
قەترە قەت نابێ بە دوڕ، دانە، گوهەر
تا نەکێشێ ئێش و نێشی تیغ و داس
موشکولە، شەککەر بەکەس‌دا، نەی شەکەر
یادی تۆ بۆمن وەکوو چی: وەک بەهەشت
هیجری تۆ بۆ من وەکوو چی: وەک سەقەر
شیعرەکانم دوور لە تۆ، نازی نیە
وەک هەتیوی ناتەواو و دەربەدەر
شاڵی گرژاڵی ڕەواجی سەندووە
لەم زەمانە کەس غەزەل ناکاتە بەر

چـــون غـــەزەل ئـەمرۆ ڕەواجـێکی نـەما
ئـێستە مـن مـەشغوڵی جـاوم مـوختەسەر
مشتەری گـەر بـێ لە بـەغدا وەک بـەروو
ئەی فـرۆشم مـن بـە خـورما سـەربەسەر
گـــەر بـــە نـــارنج و تـــرنج و پـــرتەقاڵ
بـــیکڕن، نـــەفعی نـــەبێ، نـــاکـەن زەرەر
مـــــن ئـــەدیبی کـــوردم و نـــاوم نـــیە
کـــوردە هـەر غـافڵ لە نـاوو بـێ خـەبەر
کوردە خۆ مەحکوومە بۆ تورک و عەجەم
کوردە بـێ فـیکر و خـەیاڵ و بـێ ئـەسەر
کوردە هەر وەک بـیدی مـەجنون مـاوەتۆ
بـــــێسەر و بـــێسێبەر و خـــاڵی لەبـــەر
کوردە وەک وەحشی لە بۆ چەشتەی تەمەع
خـــۆی ئـەخاتە مـۆلەکـە و داوی خـەتەر
کـــوردە بـــێشان و شکـــۆ مـاوە و نـەما
قـــیمەتی حـــەتتا وەکـوو تـوور و گـەزەر
کـــوردە فـــیکری عـــاقیبەتبینی نـــیە
غـــافڵ و بـــێدەرک و بـــێسەمع و بـەسەر
کوردە بێکەس، هەر کەسێ دێتو بـە زۆر
دەیگـــرێ دەیکـا، بـە گـابێ، یـا بـە کـەر

بـێوجوودی مـوستەمیع لەم عـەسرەدا
(ناریا) تـا کـەی چـەناکـەی بـێ سـەمەر

* * *

-۲۶-

-ز-

تۆ کە مەشهوری بە لوتف و کەرەم و بـەندە نـەواز
مەزهەری نوری خوداوەندی مونەززەهـ لە نـیاز[۱]
بۆ ئەکەی بەندەیی بـێچارە مـوشابیە بـە رەقـیب؟
حەیفە تـەشبیهی مـەلا، یـاخۆ مـەلائیک بـە بـەراز
سۆزی بولبول کە وەکوو سۆزشی[۲] پەروانـە نـیە
نیسبەتی عەشقی حەقیقی مەدە هەرگیز بە مەجاز[۳]
بۆ مەگەر بێخەبەری زوو کـە ووتـوویانە قـەدیم؟
جەوهەری تیغی کەفی حەزرەتی مەحموودە ئەیاز
چە تەفاوت نیە[۴] بۆمن، چە لە نەزدیک و لە دوور
کەعبەیی قیبلەیی مؤمن چە لە شام و چـە حـیجاز

---

(۱) مونەززەهـ پاکو بێعەیب ـ پاک و بی‌عیب.
(۲) سۆزش: سووتان ـ سوختن..
(۳) هێمایە بۆ تەریقەی نەقشی کە لێرەدا سووتانی پەروانەکە بێدەنگە بـۆیە کـەمە، وە سۆزی بولبول کە ئاشکرایە بۆ دووەم ـ اشاره به طریقت است: در اینجا، بین سوز و گداز پروانه سوخته پر و بالی که خود را با تمام وجود در آتش عشق انداخته، با سوز و عشق بلبل مجنون و شیدا را با تشبیهی زیبا فرق می‌گذارد.
(۴) تەفاوت: جیاوازی ـ تفاوت.

شەرحی دووری نیە ئیمکانی بە تەحریری قەڵەم
دەفتەری میهر و موحیببەت نیە پایان بە تراز[۱]
غەزەلی (ناری)یە ئیمڕۆ کە بە بێ مشتەرییە
هەر وەکوو کۆنەوو پەسمەندەیی دوکانی بەزاز[۲]

* * *

-۲۷-

-ق-

من خەیالم وەسل و تۆ فیکرت فیراق
من بە تۆ موشتاق و تۆ بێ ئیشتیاق
چاوەکەم تاکەی لەگەڵ مەزلوومی خۆت
غوسسە پێدان و جەفادان و نیفاق
تیری عیشق و چاوی مەستت کوشتمی
ئەی خودا ڕەحمێ لە دەستی جووت و تاق
من بەبێ هیممەت مەزانە و بێکەرەم
سەهلە لای من بێ درۆ، تەکلیفی شاق

---

(۱) تراز: کۆکردنەوە یان کێشانە کردن ـ جمع کردن یا وزن کردن.
(۲) پەسمەندە: کۆنە. پاشماوە ـ کهنه، پس مانده.

گـــەر دەمـــێ مـــەقسودی دڵ بـــێنیتە جـــێ
پێت دەبـەخشم مـوڵکی شـامات و عـێراق
وا لە کـــووڕەی عـیشقی تـۆدا مـورغی دڵ
کـــەوتە ســـۆزە و ئـــاهو نـــاڵە و ئـیحتیراق
دڵ بـــە لێـــوی مـــایلە و لێـــوی بـــە مـــەی
مـــن کـــە ســـاقیم ئـــێستە (نِـعمَ الأتِّـفاق)
قـــەسری دڵ وێـــران و بـــێ تـەحسینە وەک
مـــەعبەدی روخـــاوی بـێمیحراب و تـاق
فیکری من نـاگـا بـە وەسـفی حـوسنی تـۆ
گـــەر خـــەیاڵم بـــێ بـەڕەفڕەف یـا بـوراق
(نـــــاریا) زادی ســـــەفەر ئـــــامادە کـــە
ڕێگـــە تـــەی نـابێ، بـەبێ تـوێشە و تـفاق

* * *

-۲۸-

-م-

بـــە یـــادت کـــەوتە سـۆزش غـونچەدەم، وا قـەلبی بـیمارم
لە هـــیجرەت هـــاتە ســـۆ دیســـان، بـــرینی پـــار و پـێزارم
هـــەموو نـــەشئەی زمســـتانی فـــیراقـــە ســـەرسەری ئـاهم
نـــیشانەی پـــاییزی هـیرجـانە زەردەی پـەلکی روخسـارم

به شوعلەی ناری پڕ تەئسیری عاشق سۆزی دووریی تۆ
وەکوو پەروانە سووتاوە، دڵەی غەمگین و غەمبارم
بەڵێ عیللەت بە سیحری نێرگسی مەخموری فیتنەت بوو
کەوا من سەر زەدەی تانەی ڕەقیب و یار و ئەغیارم
بەشەوقی دەبدەبەی سوڵتانی حوسنی ماهی ڕوخسارت
بە گەردون ئاشنایە زەمزەمەی سەمتووری هاوارم
وەکوو حوسنت لە عالەم دا، قسەی من فاش[1] مەشهورە
عەزیزم تازە مەخفی کەم ئەمن؟ تۆماری ئەسرارم[2]
تەماشا چەندە خۆش تەعلیمە، ئەی شیرینی بێهەمتا
لە کێوی بێستوونی وەسفی تۆ، گوڵگونی گوفتارم
لە موڵکی عاشقی‌دا، خوسرەوێکی شۆخە دڵ، ئاریێ
گەواهی عیشقە، جۆش و شۆڕشی شیرینی ئەشعارم
بە چاوی کەم لە (ناری) چاوەکەم مەڕوانە، بڕوانە
لە گۆشەی مەدرەسەی عیشقت، چە شاگردێکی هوشیارم[3]

* * *

-۲۹-

بۆ شێخەکانی تەوێڵە و بیارە

(۱) فاش: بڵاو ـ آشکارا، پخش شدن.
(۲) مەخفی کەم: بی‌شارمەوە ـ پنهانش کنم.
(۳) شاگرد: قوتابی ـ محصّل.

خەزانی هیجری تۆ بوو، ئەی ئەساسی عیزز و تەمکینم!
شکستی‌دا بە باغاتی، خەیاڵی قەلبی غەمگینم
نەما تەرتیبی ئەلفاظی مەعانی بۆ کەلامی من
دەسا چی‌بکەم لە باغی حوسنی بێ ئاسار و پەرژینم
غەزەل باوی نەما، بێ‌مشتەری ما، هەر وەکوو تەقوا
بەسەر چوو رەونەقی بازاڕی نەزمی شۆخ و ڕەنگینم
لە غەیرەز تۆ نەبێ، ئەی خوسرەوی مولکی مەعانی کێ؟
دەمێ بێتوو تەماشاکا، لە شێوەی شیعری شیرینم!
کەلامم خاڵی‌یە، وەک مەنجەڵی ماڵی مەلا ئیمڕۆ
لە پێخۆری مەعانی، بۆیە وا بێ وەزع و تەحسینم
بلووری دڵ شکا، وەک جامی مەی، فکرم رژا وەک مەی
نیشانەی دڵ شکاویمە، سروشکی ئاڵی خوێنینم!
مریدی عیشقی تۆ، گرتویەتۆ، بۆ زیکری تۆ، بێ تۆ!
دووسەد تەسبیحی سەددانە، لە دانەی لەعلی ئەسرینم!
بە یادی لەززەتی هەنجیری لوتف و شەهدی ئەلفاظت
خەریکی حیفزی سوورەی (نەحل) و ئایاتی (والتِّین)م
مەلا ئاماده بێ وا چاکە هەر وەختێ بەسەر سەرمۆ
ئەسیری هیجری تۆم و هەر نەفەس موحتاجی یاسینم
لە حەلقەی فەوجی دەربانی عەلائەددینی عوسمانی
قبوولّی خاتری پاکی (ضیاءالحقِ والدّین)م

به شەرتێ دەوڵەتی لوتفت حەواڵەی حاڵی (ناری) بێ
به دڵ بێباک و موستەغنی له موڵکی چین و ماچینم

* * *

-۳۰-

بۆ نەفسی خەتا چوو به عەبەس، غەرقی خەتا خۆم
هەم سایه لەگەڵ فاسقی بێشەرم و حەیا خۆم
مەحکومی هەوا خواهی تەڵەبکاری ریا خۆم
بێتاعەت و زیکر و عەمەل و حەمد و سەنا خۆم
روو زەرد و سەر ئەفگەندەیی دیوانی خودا خۆم
نابێ به بەشەر کەس بە سەر و سورەت و قامەت
تا جیلوه نەدا مەعریفەت و زوهد و کەرامەت
نەک وەک منی وەحشی که دەمێ نیمه نەدامەت
بۆ سەتری خەتاپۆشی عیبادەت له قیامەت
عوریان و سەراسیمەو و بێبەرگ و نەوا خۆم
یەک لەحزه نەبوو من به هەوەس روو له خودا کەم
تەرکی عەمەلی مەعسیەت و رەسمی جەفاکەم
خۆم مایلی داب و رەوشی ئەهلی فەناکەم
سامن بە چە ڕوو، ڕوو له دەری داری بەقاکەم
داماوو حەزین و خەجلی رۆژی جەزا خۆم
گەهـ مایلی حیرس و تەمەع و بوغز و عەداوەت

گـــەھ عـــاشقی بـەزم و تـەڕەبی ئـەهلی شـەقاوەت
گەھ تالیبی ریشـوەی عـەبەس و پـووچ و قـەزاوەت
پـــۆشیویە هـەموو لەوحـی دڵـم گـەردی قـەساوەت
بۆ حوسنی ڕەوەش بێ هونەری سیدق و سەفا خۆم
مـــوسریف ڕەوش و غـافڵ و بـێزوهد و قـەناعەت
پـــێچامەوە دیـــوانـــە ســـیفەت ســـەر لە ئـیتاعەت
هـــەنگامی غـــەم و زەلزەلەو وگـەردوشی سـاعەت
بـــێ تـــۆشەیی ئـەعمال و بـەبێ نـەقد و بـیزاعـەت
بێ مەعریفەت و ڕوشـد و بـەبێ نـوور و ضـیاخۆم
پـــــەیوەستە لەگـــەڵ غـــەیبەتە ئـــەورادی زوبـــانم
بـــۆ بـــابی نـــەزەر شـــاهی نـــەزەربازی جـــیهانم
ســـەرپاکـــی پـــڕ و پـــووچە مـــەقالات و بـــەیانم
مـــن مـــوستەحەقی ســـەرزەنشی پـــیر و جـەوانـم
بێحورمەت و بێعیززەت و بـێقەدر و بـەها خـۆم
عـــالەم کـــەسەف ئـــارایـــە لە هـــەنگامی حـــیسابا
ئـــــەعمالی خـــــەلایق ڕوخـــی زەردەلە حـــیجابا
مـــەسئوولە هـــەموو کـــەس لە گـوناھ و لە سـەوابـا
ئـــەو ڕۆژە مـــنم مـــات و خـــەجاڵەت لە جـەوابـا
گـــیرۆدەیی داوی عـــەمەلی قـــوبح و بـــەڵا خـــۆم
نـــاگـــەم لە تـــەریقی هـونەرا قـەت بـە (نـیزامـی)

یـاخود له سـلوکا بـه دەری دەولّـەتی (جـامی)
دورم له خـەزێنەی کـەرەمی مـورشیدی (شـامی)
بێ بەخشش و فەیزی نـەزەری شـاهی (حـیسامی)
بـێ پـرتەوی ئـەنواری عـەزیزانـی سـەفا خـۆم
نـاگـەم له ئـەدەبدا، بـه سـەفی پـاکـی مـریدان
یـاخۆ له وەفـادا، بـه وەفـاداریی سـەعیدان
مەهجوری سەفی خوانی سەخای شـاهی شـەهیدان
بـێ بـەهرە له خـاسانی خـودا و ڕوو له پـەلیدان
بـێخێر و پـەڕاگـەندەو و مـوحتاج و گـەدا خـۆم
(نـاری) بـه هـەدەر ڕۆیـوە ئـەوقاتی حـەیاتی
عـەنقا سـیفەتە ئـایەت و ئـاثاری نـەجاتی
نـوقسانە بـە تـەرزی خـیرەدی سـەوم و سـەلاتی
واچـاکـە بـلّێ تـاکـو دەمـی ڕۆژی مـەماتی
مەحڕوومی وەزیفە و سـونەنی فـەخری وەڕا خـۆم

* * *

-۳۱-

دەمێکە من له غوربەتدا غەریقی بەحری حـیرمانم
بەبێ گوڵ غونچەدەم دایم موقیمی کـونجی گـریانم
له شوێنی بولبولی دڵ مات و سەرگەردان و حەیرانم
دەمێ بۆ گوڵ، دەمێ بـۆ دڵ، زەلیـل و زار و گـریانم

گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی وێرانم

دڵی میحنەت زەدەی بردم، بە گۆشەی چاوی بیماری

بەشەرتێ بێنیازمکا، لە ماچی لێوو گوفتاری

ئەوێستا گەر دەبینێ من، دەپۆشێ باغی ڕوخساری

موسڵمانان تەماشاکەن لە شەرت و عەقڵ و ڕەفتاری

گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی وێرانم

وەکوو نەی کون کونە جەرگم بە نووکی تیری موژگانی

گوڵی عومرم درا پاکی لە هات و چوونی زولفانی

شکا پشتم، برا جەرگم لە حە سرەت وورده خاڵانی

خودایا بۆ نەما عەهد و قەرار و مەیلی جارانی

گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی وێرانم

ڕەفیقان گەر دەپرسن بۆچ دەنالێنی؟ چە قەوماوە؟

لە سەر من واجبە شیوەن، هەتا هۆشم لە سەر ماوە

تەماشا بولبولی دڵکەن، بە ناحەق خۆ نەسووتاوە

دەڵێن ئەمڕۆ لە من زیزە، گوڵی نەوڕەستە تۆراوە

گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی وێرانم

فریشتەم تاکوو یاوەر بوو، بە دایم عیشوەکاری بوو

سروری مەجلیسان خۆش بوو، بە زاری عیشقی (ناری) بوو

لە باغی وەسڵی دڵدا بێغەم و ئەندۆە وزاری بوو

کەبەختم چوو، گوڵیشم چوو، دڵیشم دەردی کاری بوو

گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی وێرانم

-۳۲-

وەک رودی[۱] بەری (دووڕووە)یە[۲] چەشمەیی[۳] چاوم
وەک سوزی دڵی شێخە، کزەی جەرگی بڕاوم
مەشهوری هەموو عالەم و ئافاقە کەوامن
سەودازەدەیی عیشوەیی تورکانی[۴] ڕەزاوم[۵]
تورکێ کە بە زۆری نەزەر و ناز و گرێشمە[۶]
بردوویە قەتاری خیرەدی[۷] یەغمە کراوم
ئاهوو ڕەوشێ، غەمزە فرۆشێ، بە نەزاکەت
پرسی لە عەقیدە و ڕەوش و مەزهەب و ناوم
پێم ووت: کە لە زومرەی خەدەمی عاشقی ڕووتم
بۆ میهری ڕوخت، مایل و موحتاجی هەتاوم
موحتاجی دەرم[۸]، تالبی دینار و درەم نیم
غەمبار و بڕیندارێ دڵی تازە بڕاوم
(ناری) لە دەری حەزرەتی مەحموودە تەمەننای
دەرمانی عیلاجی دڵەکەی تازە دزاوم[۹]

* * *

(۱) رووە: چەم و ڕوبار - رود.
(۲) دووڕوە: دێیەکە لە مەریوان - روستایی از توابع مریوان.
(۳) چەشمە: کانی و سەرچاوە - چشمه. (۴) تورکان: نازداران - عزّتمندان.
(۵) ڕەزاو: ناوچەی هەورامانی ئێران - سرزمین اَورامانات ایران.
(٦) کرێشمە: نازو عیشوە - عشوەگری. (۷) خیرەد: ژیری و جوان مەردی - عقل.
(۸) دەرم: بەردەرگام - دروازەام.
(۹) دزاوم: کورت کراوەی - دزراوم - ە - دزدیده شدم.

-۳۳-

چه حوسنێ هەس، ئەمن خزمەت بەسەرکەم
لە ماچی دەس، ئەبێ سەرفی نەزەرکەم
وەهـــا چاکە لە مێعراجی وەفادا
لە ڕووتانا بە لەب شەقولقەمەر کەم
ئەسەف ئەمڕۆ کەمیری پڕ مەلالم
لە دنیادا بە تەنیا بێ حەڵاڵم

* * *

هەردو غەزەلی تاهیر و عیززەت کە لە بەرکەم
شایستەیە گەر ئەفسەری عوسمانی لە سەرکەم
گەر شەهدی خەیاڵاتی دەمێ بێتە نەزارەت
لایق ئەوەیە، تەرکی مەی و شیر و شەکەرکەم
گەرچی لە وڵاتی عەجەما ساکینم ئەمما
بڕوا مەکە من قەت بە (عەلی) سەیبی عومەر کەم[1]
شەرمەندەوو ڕوو زەرد و سەر ئەفگەندیی دەرگام
مەنعم مەکە لەو قیبلە، ئەگەر سەرفی نەزەرکەم
بێ گەردوش و ئاشووبی زەمانە بە حەقیقەت
مومکین نەبوو، تەرکی ئەدەب و نەقسی هونەر کەم

---

(۱) قەت بە عەلی: مەرج بێ سوێند بە عەلی ئەخۆم کە قەت جنێو بە عمر نادەم.

ئەمما کە ڕەقیبم بە هەموو لەحزە فەلەک بێ
مەعلوومە دەبێ دڵ لە غەما سەرفی زەرەرکەم
تەخسیری من و لەشکری بەخشایشی تەبعت
شەڕیانە وەلێ مەسڵەحەتم وایە حەزەرکەم
غوفڕانسی وەکوو بایە، وەکوو گیایە گوناهم
چۆن نوختە موقابیل بە ئەصەد گورگی لەجەرکەم
بێ عەقڵیە بۆ من لە نەزەر عەسکەری ڕووتا
باسی غەڵەبە و کەشمەکەشی فەوجی قەجەر کەم
بەهبەهـ چە نەویدێکە ئەگەر بێت و بڵێ من
ئیحسانە لە تەخسیری، بە دڵ سەرفی نەزەرکەم
(ناری) کە دڵی تاهیرە وەک جامی سکەندەر
حوسنی نیە دڵ هەمدەمی ئەنواعی خەتەرکەم

* * *

-۳۵-

لە فیتنەی نازی غەمزەی چاوی فەتتانی خوا چیبکەم
لە نێشی عەقرەبی زولفی پەرێشانی خوا چیبکەم[۱]
لە سەفحەی ڕوومەتم یەک جێ نەما بێ زەخمی پەیکانی[۲و۳]
لە حەملەی فەوجی ڕووسی تیری موژگانی خوا چیبکەم

---

(۱) عەقرەب: دووپشک ـ عقرب. (۲) زەخم: برین ـ زخم.
(۳) پەیکان: تیر ـ نُک یا سرِ تیر.

بـه زوڵفی، سـوبحی ڕووی پـۆشی کـه قـیبلەی ئـەهلی ئـیمانه
لە جەمعی سـوبح و شـام و کـوفر و ئـیمانی خـوا چـیبکەم[1]
وەکـوو بـارامـی گـۆڕە، تـورکی چـاوی بـۆ نـیشانەی دڵ
لە خـۆش لێـدان و پـڕپێکانی پـەیکانی خـوا چـیبکەم
لەشـەودا مـاهی ڕووی دەرکـەوت و زوو هـەڵهات و نـەمزانـی
لە بـێ مـیهری ڕوخـی وەک مـاهی تـابانی خـوا چـیبکەم
ئـەگـەرچـی شـێوەیی شـیرینی جـەزبی دڵ دەکـا هـەردەم
لە حـەرفی تـاڵی لێـوی شـەککـەر ئـەفشانی خـوا چـیبکەم
هەتاکوو هەڵ نەکـا بـۆ ڕەفـعی زولمـەت شـەو چـرای کـوڵمی
لە ڕەمـزی خـاڵی شـین و لەعـلی خـەندانـی خـوا چـیبکەم
لەسـەر سـینەی بـەئاهی مـن شکـا چـینی سـەری زولفـی
لە پـەرژینی شکـاوی بـاغی سـێوانـی خـوا چـیبکەم
لە دوکـانی خـەیاڵمدا نـەما جـنسی غـەزەل ئـەمڕۆ
لە بـۆ فـەرشی سـەریری تـەختی ئـەیوانـی خـوا چـیبکەم
نـەخۆشم بـێ نـەباتی لێـوی، مـن مـوشکیل نـەجاتم بـێ
لە بـۆ مـاچی وەکـوو دەرمـانی لوقـمانی خـوا چـیبکەم
لە شـۆڕش دایـە مـورغی دڵ، بـە ئـومێدی نـەسیمی گـوڵ
لە بـۆ عـەتری غـوباری چـاکـی دامـانی خـوا چـیبکەم

(۱) سوبح و شام: بەیانی و ئێوارە ـ صبح و غروب.

دەمێ بۆ من نەبۆ سەیری کەناری گوڵشەنی وەسڵی
لە بێڕەحمی ڕەقیب و جەوری دەربانی خوا چیبکەم
ویسالّی بۆ ڕەقیب و دەردی هیجرانی بە (ناری)دا
لە ڕەسمی بێوەفایی و عەهد و پەیمانی خوا چیبکەم

* * *

ـ ٣٦ ـ

لە دارولحوزنی دووری، ئیختیاری غەم نەکەم چیبکەم؟
بەبێ مەعشووقی شادی، دەس لە مل ماتەم نەکەم چیبکەم
ڕەئیسی تاقمی بەدبەختی سەختی کێشی ئەییامم،
وەکوو وەحشی لە زومرەی ئەهلی عوشرەت ڕەم نەکەم چیبکەم
کە ئاهی سینە وەک جۆشی سەماوەر بێ لە جونبوشدا
لە جێگەی چا لە دڵما خوێنی جەرگم دەم نەکەم چیبکەم
نەبوو بۆ من دەمێ غونچەی سرووری گوڵشەنی وەسڵت
لە خارستانی هیجرت خاری میحنەت، جەم نەکەم چیبکەم[1]
بیابانی فیراقت وادیی کەی گەرم و بێ ئاوە
قەناعەت گەر بە ئەشکی ئاتەشی گریەم نەکەم چیبکەم[2]
موشەووەش بوو بە مەشرووتەی ئەلەم ئەوقاتی ئێرانم
بە سالاری خەیاڵت فیکری دەفعی غەم نەکەم چیبکەم

---

(١) خارستان: دڕکستان. شوێنێ کە دڕکی زۆر لێیە ـ خارستان.
(٢) ئەشکی ئاتەشی: فرمێسکی ئاگرین ـ ئاشک ئاتشین.

له شـــوعله‌ی ئـــافتابی تـــه‌لعه‌تت یـــه‌ک مـــانگه مـــه‌حرومم
له ژێر باری غـه‌ما پشـتم هـیلالی‌ی خـه‌م نـه‌کـه‌م چـی‌بکه‌م[۱]
دڵـــم وه‌ک ئـــاش و ده‌ردم ئـــاشه‌وانـه بـۆ مـزه‌ی مـیحنه‌ت[۲]
سروشکی[۳] ده‌م ده‌می چاوم، به‌سه‌یلی[۴] چه‌م نه‌که‌م چی‌بکه‌م
له بـــۆ مـــیعراجـــی وه‌ســـڵت بـــێ بـوراقـی پـڕته‌وی لوتـفت
له کولبه‌ی مـیحنه‌تی عـه‌زمی حـزورت کـه‌م نـه‌کـه‌م چـی‌بکه‌م
عـــرووسی فـــیکری (نـاری) زێـوه‌ری تـه‌حسینی مـه‌حموده
بـــه‌بێ زێـــوه‌ر ده‌ســا بـووکی تـه‌بیعه‌ت زه‌م نـه‌کـه‌م چـی‌بکه‌م

* * *

ـ ۳۷ ـ

ده‌رباره‌ی به‌ڕێز شێخ مه‌حموودی حه‌فیده

من به ئه‌مری تـۆ، له بـۆ تـه‌حقیقی فـه‌رمانی قـه‌دیم
دامه بـه‌ر مـیزانـی عـه‌قڵ و عـاقیبه‌ت وا تـێ‌گـه‌یم
مـــه‌تڵه‌بێ دایـــر بـوه ئـیسمه‌ن، وه‌لی ڕه‌ســمه‌ن نـیه
نوکته‌یه مه‌خفی له بنیایه وه‌کوو ئـیکسیری سـیم[۵]
موخته‌سه‌ر پیرانه سه‌ر به حسم له‌گه‌ڵ هـێنایه پـێش
ئه‌و به توندی من به نه‌رمی، ئه‌و به سه‌ختی من سه‌لیم

---

(۱) هیلالی خه‌م نه‌کـه‌م چی‌بکه‌م: خۆم نه‌چه‌مێنمه‌وه ـ مانند هلال خم نشوم.
(۲) مزه: به‌شی ئاشه‌وان ـ قسمت آشپز باشی.
(۳) سروشک: فرمێسک ـ اَشک. (۴) سه‌یل: لافاو ـ سیل.
(۵) نوکته‌یه مه‌خفی له بنیایه: له نوسخه‌یه‌کدا نووسراوه له بـه‌ینایه ـ نکتهٔ پنهانی در میان است.

مـــن ووتـم پـیرانـه جـێگه و تـه‌کـیه‌گـاهی ئـه‌ولیا
حه‌یفه بۆ تۆبێ به جێگه‌ی عوشره‌ت و عه‌یشی عه‌زیم
ئـــێسته وا مـه‌شهووری ئـافاقه ئـه‌ڵێن شـه‌یدا بـووه
شین وێ‌و خێ‌یه، به عه‌ین و شین و قافی کاف و چیم
خۆش به قانونی سه‌داقـه‌ت هـاته مـه‌یدان و ووتـی
له‌م گـــوناه و ئـــیفته‌را دوورم بـــه «بـــاڵله‌الکـــریم»
بۆ ئه‌که‌ی باوه‌ڕ به حه‌رفی پووچ و ناپاکـی ره‌قـیب
تۆ که ئـاگـاهی له وه‌زع و حـاڵه‌تی گـه‌ردن کـه‌چیم
قه‌ت له‌گوێ مه‌گرن قسه‌ی فیتنه و حه‌سوود و دوو زمان
قه‌ت قبووڵـی دڵ نه‌بێ تـه‌زویر و قـه‌ولی مـوده‌ده‌عیم
من به‌ڵێ یه‌ک شه‌و به شۆخێ ئاشنا بووم و ئـه‌ویش
کچ نه‌بوو ژن بوو، ئه‌ویش به‌خوا له خه‌ودا بوو که دیم
گه‌ر له گوڵ لاده‌م ده‌مێ، مه‌علوومه من یارم به خـار
روو ئه‌گه‌ر لاده‌م له قیبله، من له جومله‌ی دۆزه‌خـیم
عالیمولغه‌یبم خـودایـه بـۆ گـه‌واهـی مـن کـه وه‌ک
یوسفی سیددیقی مـیسریم و له تـوهمه‌ت بـێ‌به‌ریم
رازیقم یه‌ک، رهبه‌رم یه‌ک، مه‌زهه‌بم یه‌ک قیبله یه‌ک
یه‌ک به یه‌ک عالەم بده‌ن شایه‌د له سه‌ر یه‌ک حاڵه‌تیم
جه‌ننه‌تم یه‌ک،که‌وسه‌رم یه‌ک،زه‌مزه‌مم یه‌ک که‌عبه یه‌ک
ئـــیعتیقادم تـــا وه‌هـــا بـــێ، تـــالیبی بـوتخانه نـیم

ماوەتۆ ئەمجارە ئەو بۆ من بە شێوەی ئاشتی
تا نەجاتی دەن لە خۆف و غایلە وئەندۆهو بیم
کاری من تەقوا و تەسبیحاتە هەر شەو تا سەحەر
فکری من تا وایە کەی مایل بە شەو گەردی و دزیم
ئێستە من زامن کە ئەو نەیێ خەیاڵات تا ئەبەد
من لەمەولاوە کەفیلی حەزرەتی ئالی عەلیم

* * *

-۳۸-

-ن-

باڵی هوما، سێبەری زولفی پەرێشانی ژن
نافەیی میشکی خەتا: پەرچەمی ئەفشانی ژن
کەعبەیی ئەربابی دین، قیبلەیی خەڵوەت نشین
شەمعی شەریعەت کوژێن، روومەتی رەخشانی ژن
بایسی تووڵی حەیات، عیللەتی فەوت و مەمات
خەندە بە رووی نازەوە، روومەتی رەخشانی ژن
باغی دڵ و کانی دڵ: گوڵشەنی روخساریە
گەنجی فەرەح بەخشی دڵ، لەعلی بەدەخشانی دڵ
ئایەتی میهر و وەفا، سورەتی سیدق و سەفا
مەرهەمی دەرد و جەفا، غونچەیی خەندانی ژن

مەرکەزی عەیش و نەشات، زەمزەمی عالی سیفات
چەشمەیی ئاوی حەیات، چاهی زەنەخدانی ژن
مەئمەنی ئەمن وئەمان، مەلجەئی شێری ژیان
چەتری سەری عاریفان، سێبەری دەربانی ژن
ئەم غەزەلی (ناری)یە عیللەتی ناچارییە
ترسە لە بێ نانیو مەخسەرە پێدانی ژن

* * *

ـ ۳۹ ـ

ئەم غەزەلە لە ساڵی ۱۹۳۵ وتراوە دەربارەی کچێکی ئەرمەنییە
کە بۆ کوڕێک موسڵمان بووە
هەی زومرەی خاریجە رۆحم بە فیداتان
بۆ غیرەت و بۆ هیممەت و بۆ عەهد و وەفاتان
بێفائیدەیە لافی عەجەم بۆچی کە ئێوە
کاری سەری سەد نێزە ئەکا، زەخمی نیگاتان
گەر لەشکری ئینگلیزە، وەگەر فەوجی فەڕەنگە
ساحیب زەفەرن، سەد قەل و بەردێکە لە لاتان
ئیمامی عەلی، یاوەری ئەم فەوجە غەریبە
سەرهەنگە عومەر، حەزرەتە سەرتیپی سوپاتان
دەک من بە فیدای، یاوەر و سەرعەسکەری وابم
قوربانی سەرو گەردنی سالاری وفاتان

سستی مەکەن ئەی مەجمەعی ئەسحابی هیدایەت
یـارەب لە مـنی خـەستە کـەوێ تـیری قـەزاتـان
پـەردەدڕی هـەر دوژمـنە، خـۆ هـەیبەتی ئـێوە
تیغی هـونەری خـەنجەری خـوێن‌ڕێژی جـەفاتان
جـەللادی سـەری ئـەرمەنی ئـێوەن بـە ئـیشارەت
گـەردن شکـەنی (.....) بـای چـاکـی کـەواتـان
چـون ئـەو کـچە زۆر تـالبە بـۆ دیـنی مـحەممەد
دەس هـەڵ مـەگـرن ئـێوە بـن و زاتـی خـواتـان
کاری چیـیە وا بـێ هـونەری بـەهجەت ئـەفەندی
شـابەندەری کـۆنە قـەرەچی، تـف لە حـەیاتان
عـەیبی نـیە وا تـەجرەبەکـەن، خـێرە بـەدینم
ئـەووەڵ بـەسەر ئـاوور دووە شـمشێری قـەزاتـان
مـومکین نـیە تـەعریفی وەفـاتان بـە حـیکایەت
خاریجە لە تەحریری قەڵەم، وەسف و سـەناتان[1]
هـەرچـەندە بـە جـیسمانی ئـەمن غـایبم ئـەمما
بە خـوا دڵـەکـەم سـابیتە هـەر لەحـزە لە لاتـان[2]
خاڵین لە خەلەل[3]، هەر یەکە مـومتاز و رەشـیدن
ئـەهلی عـولەما و حـاجیـیو ئـەسحابی گـەداتـان

(۱) سەنا: ثەنا: ستایش و مەدح ـ مدح و ثنا.
(۲) لەحزە: سات ـ یک لحظه امّا در اینجا مقصود ساعت است.
(۳) خەلەل: ناتەواوی و ناباری ـ نقص و کمبود.

شـێری زەفـەری[۱] دەوڵـەتی ئـەربابی نـەجاتن
دانـــەی گـــوهەری رۆمـــن و ئـــێرانـــە بـــەهاتان

* * *

-۴۰-

ئـــەو کـەوا تـاقە بـە شـێوەی پـێکەنین
وەر دەگێڕێ پیری سـەد سـاڵە لە دیـن
تـــازە صـــەیادە لە چـــینۆ هـــاتووە
عـــیدی قـوربانە، بـە قـوربانی دەبـین
ئاهویەکی وەحشە دڵ وەحشـی دەکـا
ئەی دڵ ئاگابە، بە وەحشی دەرنـەچین
حەسرەتی زەردەی شەمامەی باخەڵی
عەیشی سوورم پێ دەکا هەردەم بەشین
(نـــاری) ئـەمرۆ عـاجز و ئـاشوفتەیە
جەرگی سووتاوە بە هـیجری نـازەنین

* * *

-۴۱-

ئەم غەزەلە وا باوە «ناری و تایەر بەگ» پێکەوە دایانناوە[۲]

---

(۱) زەفەر: سەرکەوتن و بەسەرا زاڵ بوون ـ پیروزی و فایق شدن در آمری.
(۲) (ناری) وتوویەتی بە ناحەق ئەم غەزەلەیان کردووە بە دانانی مـن و تـایەر بـەگ،

به غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین
به ماچی لێوی موستەغنی له ئەنواعی مەزەی کردین
ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من
کەچی دەستی له سەر دانا، له سەیری باغی بەی کردین
به هەوری پەرچەم و ئەبرۆ، روخ و زلفی کە داپۆشی
له شەوقی روئیەتی بەدری هیلالی یەک شەوەی کردین
ئەگەرچی کوشتنی خۆ قابیض الأرواحە موژگانی
به قانوونی مەسیحایی له خەندەی لێوی حەی کردین
عیلاجی دەردی دڵ (ناری) له تاهیر بەگ تەمەنناکە
بڵێ: ئەمڕۆ گوڵەندامێ بە تیرێ جەرگی پەی کردین

* * *

-۴۲-

-و-

بە شیرینی جوابت دەفعی رووتاڵی له سەرمابوو
له وەعدەی سڕیا، گەرمی جوابی کاغەزم چا بوو
نەما یەکسەر نەخۆشیم و بە سەرچوو میحنەت و شینم
رموزی سرکە ئامێزت، تەبیبی دەفعی خەضرابوو

☞

راستی‌یەکەی ئەوەیە هەمووی هی خۆمە... بەڵێ هەر وایشە چونکە داڕشتنەکەی له هی یەک شاعیر ئەچێ. ئەم راستی‌یە له حاجی مەلا ئەحمەدی قازی بیستراوە ـ ناری اظهار داشته که این غزل به وسیلهٔ من سروده شده است و تاهیربەگ آن را نسروده و شاهد این مدّعا ملاّ احمد قاضی می‌باشد.

موبەددەل بوو بە گوڵ رەنگی جوانی، سووڕەتی پیری
نەسیمی خەتتی مشکینت، مەگەر نەفسی مەسیحا بوو
ئەیازم گەر لە دڵ دەرکەی، مەگەر ئەفسانە رازم من
شکۆهی شاهی غەزنەینە، بە حیکمەت جیلوە ئارا بوو
لە بۆ ئەربابی شەوکەت لازمە زیبی هەوا خواهی
رەواجی حوسنی یوسف، شۆڕشی عەشقی زولەیخا بوو
موجەڕڕەد حوسنی شیرین، جەزبی مولک و دین و دڵ بوو خۆ
زەهیری میهری خوسرەو، زەمزەمەی سازی نەکیسا بوو
چە بەحسی وەسفی تەیارە و تفەنگ و تۆپی ئینگلیزە
بەبێ مەیلی عەرەب، تەسخیری بەصرە و شاری بەغدا بوو
لە وێرانی قەڵا مەڕوانە، بڕوانە زەمانی زوو
دەمێ پایتەخت عەجەم شاهو، گەهێ لوتف عەلی شابوو
بە تەحویلاتی بێقانونی ئەم گەردوونە فەرتووتە
زەمانێ مەنزڵی رۆمی، دەمێ جێی عەیشی تەرسا بوو
بە گوم بوونی نگینی بوو، نەما حوکمی سولەیمانی
قەباحەت کەی لە سەر سەخرەی لەعینی بێ سەروپا بوو
کەلامم قەندە چێبکەم (ناریا) بێ مشتەری ماوە
مەگەر بمرم بڵێی داخی گرانم شاعیرێ چابوو

* * *

ـ ۴۳ ـ

کاکه چاکەت بێ درۆ، ئەمجارە چایێ چا نەبوو
تامی کتری یا ئەبوو میزانی حەتتا لا نەبوو[۱]
ناوی چایی بوو، لە تام و عەتر و لەززەت بێبەری
لایقی دەم کردنی بۆ شێخ و بۆ ئاغا نەبوو
یا ئەمن زەوقم نەماوە، یا ئەتۆ عەهد و وەفا
یا مەلا قەدری لە لای تاجر، وەکوو کوێخا نەبوو
موختەسەر خۆشە قسە، لەم حەرفە قەت عاجز مەبە
نەگبەتی بوو کەوتە مالّم، مالّی پێ ئاوا نەبوو

* * *

ـ ۴۴ ـ

خەمی پشتی بەنی ئادەم، بە باری ژن نەبوو چی بوو؟
ئەساسی غوربەتی ئادەم، بە باری ژن نەبوو چی بوو؟
ئەگەر هاروت و ماروتن، لە چاهی زیللەتا جووتن
بە فیتنەی چاوی مەستی پڕ خوماری ژن نەبوو چیبوو؟
ئەگەر قابیل بە قاتلّ بوو، لە حەق بێمەیل و غافل بوو
سەبەب گولّزاری روخساری عوزاری ژن نەبوو چی بوو؟
لە کێوی بێستوونی میحنەتا، فەرهادی بێمەئوا
پەرێشان و پەشێو و داغداری ژن نەبوو چیبوو؟

---

(۱) چای کتری و ئەبوو میزان: دووجۆر چا بوون کە لە سەر سندووقەکەیان دیاری کرابوو ـ دو نوع از انواع چای بوده است.

نەمامی کەوکەبەی شیرین لە وەختی میهری فرزەندی
لە سەر باغی گوڵی بۆس و کەناری ژن نەبوو چیبوو؟
ئەگەر بێژەن موقەیید بوو لە چاهی شاهی تورکانا
بە حەلقەی داوی زولفی خار و ماری ژن نەبوو چیبوو؟
ئەگەر مەجنوونە شەیدایە، بەشێتیی وێڵی سەحرایە
بە دڵ رەنجوورو بێسەبر و قەراری ژن نەبوو چیبوو؟
لە زیندانی جەفادا، بێ سەفا ما، ماهی کەنعانی
بە مەکر و داوی تەزویری بەکاری ژن نەبوو چیبوو؟
مەلا وەک تاقمی شێخ و بەگی داماوو بێچارەا
سەر ئەفگەندەی چەپۆک و دەردەداری ژن نەبوو چیبوو؟

* * *

-۴۵-

هەتا سایەی بە هەمسایەی هوما بوو
هوما وەک سێبەری بێسایە مابوو
ووتم زەخمی موژەی دەرمانی مەرگە
کەچی فەرموویە دەردی بێدەوا بوو
مەگەر عومرم لە بۆ وەسڵی بە بادەم
کە شانەی پەرچەمی بادی سەبا بوو
بە گریەم پێکەنی و دڵ کەوتە خەندە
کە یەعنی عوقدەیی موشکیل گوشا بوو

ترازووی زولفی رۆژ و حوسنی کێشا
تەفاوت هەر لە ئەرزۆ تا سەما بوو
خەتی تورەی شکستەی بۆیە حەل بوو
لە شەودا کوڵمی بێشەم شەوچرا بوو
نەما مەیلی بە چا ساقی لەمێدا
شەکەر خەندە بە رەنگی مەی کە چا بوو
ئەگەر کەوسەر لە عاشق مەنعە بۆچی؟
خەمی زولفی کەمەندی ئەولیا بووا
کە تەوقی غەم ئەزەل تەقسیم کرا دیم
ئەوی تەوقی لە مڵدا بوو مەلا بووا
لەگەنج و دەوڵەتی نەزم و غەزەڵدا
وەکوو (نالی) غەنی (ناری) گەدا بوو

* * *

- ۴۶ -

ئەی لەعلی لەبی یار، عەقیقی یەمەنی تۆ
یاغونچەیی نەشگوفتەیی باغ و چەمەنی تۆ
بەم تەرزە عەتر بێزی دەکەی دیارە لە دڵدا
ئەی خاڵی سیامیشکی خەتاوو خوتەنی تۆ
شیشەی دڵەکەم کەن بە سەری تیری نیگاهت
وادیارە بە چاوا، بتی پەیمان شکەنی تۆ

سـبحانك لا حـول و لا قـوّة الّا
بـالله چ شـیرین و چ نـازک بـەدەنی تـۆ
تـەئریخی خـەیالّی فـەلەکـولئەعزەمی وەجـهت
تەسویری گـەلێ سـەعبە بـەبێ گـۆی زەقـەنی تـۆ
بێ زیـارەتی قـوببەی حـەجەڕولئەسوەدی خـالّت
تامی چێیە چای زەمزەم و گـۆشەی دەهـەنی تـۆ
چین چین لە سەری گەنجی روخت حارسە ئەمڕۆ
تـەرسا بـەچەیی زولفـی شکـەن دەر شکـەنی تـۆ

* * *

ـ ۴۷ ـ

که جێ جلّوەی روخی والّایـە ئـیمڕۆ
سـولەیمانی ئـەلّێن ئـاوایـە ئـیمڕۆ
حیجاز ئاسا لە سەفحەی خاکی ڕۆمـا
حەقیقەت شـاری بـێ هـەمتایە ئـیمڕۆ
لە سـایەی تـۆیە وا ڕەونـەق شکـێنی
شکـۆهی بـەسرەوو بـەغدایـە ئـیمڕۆ
لە نێـو فـنجانی دڵدا خـوینی جـەرگم
وەکوو قـاوەی یـەمەن ئـاسایە ئـیمڕۆ
ئەگەر جۆیایی ئەحوالّـی عـەجەم بـێ
سـەراپـا شـۆڕش و غـەوغایە ئـیمڕۆ

له هـــەر جـێگه مـــەقام و داســتانێ
لەتیفی عەکسـی ئـەحمەدشایه ئـیمڕۆ
مـەشایەخ گـەر رەواجـی دا بـه سـالار
لەســەر شـائەهلی دڵ بـەرپایه ئـیمڕۆ
نەفەرمووی بێ هونەر ئاخر به تۆچی؟
مــەلا بــۆ کــۆمەکـی ئـازایـه ئـیمڕۆ
له دنـــیادا هـــەتا (نــاری) بـمێنێ
به دەست و دڵ له لایـان شـایه ئـیمڕۆ

* * *

-۴۸-

جــەژنه له هــەموولا بـه یـەقین یـاریـیه ئـیمڕۆ
رۆژی تەرەب و عـوشرەت و بـێداریـیه ئـیمڕۆ
جێگەی فـەرەح و شـادیـیو ئـازادیـیه بـێشک
وەعدی کـەرەم و مـەرحـەمەتی بـاریـیه ئـیمڕۆ
پابەندی ئەلەم، هەمدەمی غەم، یاوەری میحنەت
هەمرازی جەفا، دوور له سەفا، (ناری)یه ئـیمڕۆ

* * *

-۴۹-

شــەشدەری لێ بـەستووم وەک جـەردەیی یـونان درۆ
تــانەگــا دەســتم بــه رۆمــی عـەفوی بـێپایانی تـۆ

رووســی بـێشەرتی کـەوا گـرتوویە مـوڵکی دڵ نـەما
بـــۆ لەبـــی ســالاری ئـەفکارم مـەجالی گـفتوگۆ
کەی دەبێ عاجز لە سەقری خەسرەوی ساحیب شکار
گـــەر خـــیلافێ روو بـــدا جـــارێ لە بـازی دەستەمۆ
نـــــیکتەیی بـــاریک و مـــەعلوومە لە بـــازیگاهی شـــا
بـــایسی مـــاتی و زەبـــوونی بـــاز و تـــوغیانی هـــەڵۆ
داری بـــەد عـــەهدی دەزانـــم خـــاری سـەردی بـادیە
بێ لەبی عوشرەت لە مەی سۆزش لە نەی دێ جۆ بە جۆ
بێ هجوومی سەیلی عەفوت دەفـتەری عـەهدی وەفـام
کەی بەسەد زوڵمەت سیاهی دێتە پاکی و شست و شـۆ
قـەت لە گـەڵ عـلوی مـەقاما، عـاجزی تـا سـەر نـیە
عـــاسمان، بـــارشتی گـاهێ، تـەرزەیە و جـارێ گـەزۆ
مەتڵەبێکی حـیکمەت و بـێ نـوکتەیی سـاحیب گـوناە
بێنە سـەر بـابی شـەفاعەت بـێ وەسـیلە، خـۆ بـە خـۆ
(ناری) گەر گەردی غـەم ئـەمڕۆ لە دڵ تـاهیر نـەکـەی
وەک بـرینی کـۆنە زامـی سـەختی مـیحنەت دێتە سـۆ

* * *

-۵۰-

ئەم غەزەلەی بۆ حاجی مەلا عەزیزی بالیکەدەری هاوڕێی ناردووە

چـــاوەکـــەم کـەی بـێ زەمـانێ زوو بـە زوو
دابـــــنیشین بـــێ غـــەمی دڵ، دوو بـــە دوو
دەفـــــتەری رازی گـــــلەی رۆژی فـــــیراق
بـــێتە مـــەیدانـــی بـــەیانۆ، مـــوو بـــە مـــوو
چـــــەندە خـــۆشە بـــۆ مـــن و تـــۆ پـــێکەوە
وەک گوڵ و بولبول، بە شـێوەی روو بـە روو
وا بـــە تـــۆ مـــوشتاقە چـــاوم، هـــەر وەکـــوو
گوڵ بە ئـاوو لێـو بـە چـایی و کـچ بـە شـوو
گـــەر دەپـــرسی چـــۆنە ئـــەحواڵم! عـــەزیز
دوور لە تـۆ بـاوی نـەما، وەزعـی بـە روو[1]
مووی سپیم پێ خۆشە، چـونکە قـەت نـەبوو
هـــەمدەمی ســـاحیب وەفـا، غـەیری پـەموو
نـــاکـــوژێتۆ ئـــاگـــری دووری‌ی بـــە شـــین
مـــوشکوڵە بکـــوژێتەوە، ئـــاور بـــە فـــوو[2]
بۆ دڵـی تـۆ، چـاوی مـن!، دەرحـەق بـە مـن
بوو بە بەردی سەخت و بەرداشی کـەتوو[3]؟
وا لەبـــەر قـــیژەی قـــژاکـەی بـێ ئـەدەب[4]
مـــەخفی‌یە ئـــەهلی ئـەدەب وەک کـوننەبوو

(۱) بەروو: پێشوو ـ قبلی. (۲) ئاوور: ئار. ئاگر ـ آتش.
(۳) بەرداشی کەتوو: بەرداشی باش ـ نوعی چوب سخت.
(۴) قژاکە: قژاوکە ـ سر و صدا.

غـــەم لە دڵـــما بـــۆ نـــەمانی زیکـــری حـــەق
بـــێ زیـــاذەت بـــوو بـــە شـــێخی ســـەرگەلوو
بـــــۆ ژنـــــی دنـــــیا کـــــە نـــــیکاحم بـــــڕی
بوو بە شـاهید نـەگـبەت و غـەم پـێخەسوو
وەعزی من بـۆ ئـەهل و مـیللەت چـاوەکـەم
پـــووچ و بـــێ تـــەئسیرە وەک تـــەڵقینی جـــوو
وا لە قـــــەیدی مـــــیحنەتا مـــــاوم زەلیـــــل
مـوددەعی مـن روو بـە روو، سـینەی هـەنوو
کـــــەعبە کـــــەچ نـــــابێ لە گـــــوڵزاری ســـــەفا
گەر کەرەم کەی تۆ بە (ناری) یەک دەسوو[1]

* * *

-۵۱-

تـاکـەی بـەستەم مـایلی! ئـەی چـەرخـی جـەفا جـۆ
تـــاکـــەی لە غـــەمت زاریـــو فـــەریاد و خـــودا رۆ
تـــا کـــەی رەوشـــی کـــەچ رەویـــو فـــیتنە فـــرۆشی!
بـــۆ نـــەهبی فـــەرەح، دەورەوو جـــەولانی تکـــاپۆ؟[2]
بـــۆ نـــیتە لەگـــەڵ ئـــەهلی خـــیرەد مـــیهر و وەفـــاتۆ؟
بـــۆ ئـــەهلی شـــەرەف عـــاجز و بـــێزارە لە دەس تـــۆ؟

---

(۱) دەسوو: چەپک. دەسک ـ سیلی. (۲) تکاپو: جومب و جۆش ـ تلاش.

بۆ خەسمی لە بۆ ساحیبی عیرفان و سەداقەت؟
بۆ یاریی لەگەڵ تاقمی بەدتینەت و بەدگۆ؟
بۆ ئالی عەلی پارە بووە جەرگی لە داخت؟
وەک جەرگی عیراقی بە دەمی تیری هۆلاکۆ
میهرت کە نیە، زەحمەتی بێ غایە لە سەرچی
لوتفت کە نیە، میحنەت و ئازار و ئەلەم بۆ؟
کۆلارە چە حوسنی هەیە مەشغوڵە بە سەیران
عەنقا چە گوناهی هەیە مەحبووسە بە قافۆ؟(۱)
بۆ زاغی سیەهچەردە، نەزەر بازە لە باغا(۲)
بۆ بازی سپی وێڵی بیابانە بە داخۆ
ئەی خووکەچ وکەچ باز وکەچ ئەندێش و عەمەڵکەچ
دانێ نەفەسێ یەک قەدەمی چاکە بە راسۆ(۳)
دەک تەخت و ئەساست بە دەمێ ژێر و زەبەر بێ
وەک نیتە دەمێ گەردوش و رەفتاری لەسەرخۆ
(ناری) لە فیراقی روخی مەنزوری عیراقی
غەرقی عەرەقی ئاهە بە دەم میحنەت و شینۆ

* * *

(۱) قافو: مەبەست قوللەی قافە ـ مقصود قلهٔ قاف است.
(۲) زاغی: قەلە رەشکە ـ زاغ، (از جنس کلاغ).
(۳) راسۆ: راستەوە ـ به راستی.

ـ ۵۲ ـ

له مـــن کـانی تـەڵا[۱] مـەخفی بـوو، دێـمۆ
لەمـــەولا حـــەیفە دڵ بـــەستن بـــە ســـیمۆ
وجـــوودم وەک گـــوڵی پـــەژمورده وابـوو
نـــەسیمی لوتـفی تـۆ هـات و گـەشیمۆ[۲]!
لەبـــــۆ تـــــەشریفی یـــادی تـــۆ لە بـــەینا
هـــەچی خـــارێ لە ڕێدا بـــوو چـنیمۆ[۳]
لە «دووڕووە» بۆی شەمیمی کاغەزت هـات
بە تـەرزی گـوڵ، بـە دەم بـادی نـەسیمۆ[۴]
بەرەسمی (ئەلف و دال و بێ) وەرم گرت[۵]
چەوەرگرتن: بە (میم و ئـەلف و چـیمۆ)[۶]
گـــــــرفتارم حـــــەقیقەت لەم مـــــەقامە
وەکوو گەوهەر بـە دەس شـەخسی لەئـیمۆ
لەلای (ناری) هەچی خـەرمانی غـەم بـوو
بـــــە مـــــەجموعی رەقـــیبانـدا بـــەشیمۆ

* * *

(۱) تەڵا: زێڕ، ئاڵتوون ـ طلا.
(۲) گەشیمۆ: گەش بوومەوە. گەشامەوە ـ شاد شدم.
(۳) چنیمۆ: چنیمەوە ـ چیدمش.
(۴) نەسیم: بای شەماڵ ـ باد شمال.
(۵) ئەلف و دال و بێ: ادب ـ ادب.
(٦) میم و ئەلف و چیم: ماچ ـ بوسه.

-۵۳-

بۆ شێخ عثمانی سراج‌الدینی ناردووە بۆ دووڕووە،
وە لە سەر پاکەتەکە ئەم دێڕە شیعرەی نووسیوە:

لە میوەی ووشکی پایز شاهەکەم هۆشت بە پیرۆز بێ
ئـەبێ بـەشمان بـنێری بـا بـەسەرشانی بـەشیرۆبێ

وەئەمەش هەڵبەستەکەیە:

شـتێکی نـەفسی خـۆتم بـۆ بـنێرە
هـەتا بـیکەم بـە سـورمەی دیـدە لێـرە
وە لەو دەسمالّی پەنجەی پاکـی تـۆبێ
وەیا پەلکی لە چـاکـی چـاکـی تـۆبێ
وەیاگەردێ لە سورمەی خاسی چاوت
وەیا عەکسێ حـیکایەت کـا لە نـاوت
وەیـا نـوقڵێ لە نـەقڵی لێـوی تـۆکـا
بـەیاناتێ لە مـیوەی لێـوی تـۆکـا
وەیا یەک دانـە قـاوەی پـڕمەزە و تـاڵ
وەیا یەک دانـە سـێوی نـاسک و ئـاڵ
وەیـا یـەک دانـە قـەزوانـی بـەشینی
موشابیە بێ بـە خـاڵی تـورکی چـینی
وەیا یەک دانە کەشکی چاکی کـوردی
بـەلەززەت نـادر و مـایل بـە زەردی

وەیـــا مســـقاڵە مـــیسکێکی خـــەتابێ
وەیـا یـەک قـەترە عـەترێکی دەوابـێ
ئەگەر مـومکین نـەبوو دەنکـێ لەمـانە
ئـــەمن رازیـــم بـــە تـــۆزێ رازیـــانە
کە دڵ پڕ ئێش و نۆشی دەردی دووریم
پـــەرێشانی فـــیراق و بـێ سـەبووریم
هەتاکـەی (نـاریا) شـۆخی بـە پـیری
لەبەرچی چوو لە دەس، قانونی ژیـری

❋ ❋ ❋

-٥٤-

دڵم هەر وەک سەماوەر پڕ لە جـۆشە
خەریکی سـۆز و گـریان و خـرۆشە
بـــە دایـــم چـــاوەڕێگە و ئـینتیزاری
نەسیمی چاوی چاکەی چـا فـرۆشە
وەکـــوو تـــیفلێ بـــڕابـــێتۆ لە دایک
هـــەمیشە تـوند و ئـاڵۆز و نـەخۆشە
بە کوردی عیشقی ئەو دایم لەگەڵ چا
وەکـــوو ئـــەولادەکـــانی کـۆنەپۆشە

❋ ❋ ❋

ـ۵۵ـ

چاوەکەم دیسان نیشانەی تیری موژگانم مەکە
حەیفە بێ سووچ و قەباحەت، تیرە بارانم مەکە
مەرهەمی دەردی گیرانم وا لە شیشەی رووتدا
روو لە من کە، رەهنموونی مالّی لوقمانم مەکە
دەردی من دەردێ گرانە، ئەی تەبیبی میهرەبان
زەحمەتی ناحەق مەکێشە، تازە دەرمانم مەکە
رەهزەنی زولفت بفەرموو لێم گەڕێ بێم و بڕۆم
بێنەوام و ئارەزووی ئازار و لێدانم مەکە
تاقەتی باری پەرێشانی فیراقت موشکیلە
دوور لە رووی تۆ هەر وەکوو زولفت پەرێشانم مەکە
بۆ دەکەی مەنعم لە باغی وەسلی خۆت تو بیو خودا
شێت و سەرگەردان و وێڵی دەشت و مەیدانم مەکە
دامەخە دوگمەی یەخەی سینەت بەسەر پەنجەی حەیا
بێوەفا! مەحروومی سەیری باغی سێوانم مەکە
خاڵی شینت دەرخە، تا بازاڕی شینم بێتەوە
بۆ رەواجی حوسنی خۆت بێشین و گریانم مەکە
زوڵمەتی زوڵفت دەسا لادە لەسەر کوڵمت دەمێ
بێنەسیبی شەوق و شوعلەی ماهی تابانم مەکە
من بە شەرعەن موستەحقم بۆ زەکاتی حوسنی تۆ
تۆ کە ساحیب دەوڵەتی، بێبەش لە ئیحسانم مەکە

پێی ووتم: (ناری) چه بەحسی شەرع و ڕاوو و ڕێوی‌یه
گــەر بــه حــاتەم بــم وراوەی نـیعمەت و نـانم مـەکـه

* * *

-٥٦-

لەبـەر تـیری مـوژەی بـێمروەتی ئـەو شـۆخه نـەخشینه
له هــەرجــێ دەنگـی یـا تـەڵقینه، یـا یـاسینه، یـا شـینه
له داخی خاره هەردەم شیوەنی بـولبول بـه سـەر گـوڵدا
له بەر ئەو وەجهەیه شینم، کـه رووی مـوحتاجی تـاشینه
بڕۆ زاهـید کـه دڵ نـادەم بـه وەعـدی پـووچ و ئـەفسانه
نیشانەی سەفوەتی دڵ کـەی بـه ریش و خـەرقه پـۆشینه
له هەر وەختێ به مژدەی مەی، خرۆشی بربەت و نەی بێ
بــه ئــەمری پــیری مــەیخانه، زەمــانی بــاده نـۆشینه
نه هەر مل لایقه دەسـتی بـەسەر بـەستی له گـەردن کـەی
نەهەر سەر واجیبی دەستەی گوڵ و سەرپۆش و پووشینه
یەکێ واچاکـه سـەر بـۆ ئـەفسەری شـاهانەیی کـەچ کـا
یــەکـێ مـوستەوجیبی بـەرگی پـەڵاس و کـۆنه پـۆشینه
به شوێنی «مەحوی»ا نەزمم سەراسـەر شـینه بـۆ مـەرگی
له ئــەشعارم تــەماشا کــەن، ســەراپــا ئــاخری شـینه
به رووخۆشی که فەرموویه دەبێ (ناری) عـەیادەت کـەم
ئــەوا مــردم له خــۆشی‌دا له خــۆشی ئـەو نـەخۆشینه

ـ ۵۷ ـ

ئـەی تـازە جـوان پـیربێ، ئـەو شـێوە مـەشێوێنە
بـنیادی هـەموو دیـنی، یـەک دەفـعە لە بـن بـێنە
بۆ شەمعی روخی خۆتە، تۆ پووشی هەموو عـالەم
یـەکبـارە وەکـوو جـەرگی پـەروانـە بسـووتێنە
وافـاشی بـە تـەرسایی، مـەشهووری بـە عـیسایی
ئـیعجازی مـەسیحایی، خـۆڕایـی مـەفەوتێنە
بـازاڕی خـەیاڵاتی مـن بـۆیە وەهـا گـەرمە
ئـەو یـارە کـەوا تـاقە، ئـەمڕۆ کـە غـەزەل سـێنە
سەودایی مەهی میسرە، ئەی نەفسی عەجوزی من
چون نەقدی ئەمەل پـەشمە، زووبـێنە، دەزووبـێنە
چـەن سـاڵە لە نـێو کـێوی هـیجرانـی بـەڵادا دڵ
وەک بەرخی بەبێ ساحیب، بێباس و سەروشوێنە
هێند چەرخی قەزا تـیری هـیجرانـی لە (نـاری)دا
بـێچارە لە سـەر تـاپێ، لیـباسی هـەموو خـوێنە

* * *

ـ ۵۸ ـ

قـەومینە وەرن، لازمـە ئـەوڕۆ کـە عـەیانە
دیـقققەت لە ئـەساسی هـونەری ئـەهلی زەمـانە

هـــەر نـــوکتە لە بـــۆ ئـــێوە، کـــەوا بـــێتە بـــەیانۆ
شـــەرحـــێکی لەتـــیفە، بـــە پـــڕ و پـــووچی مـــەزانـــە
ئەسنافی بـەنی نـەوعی بـەشەر سـەیری لە هـەرلا
ئـــاساری زەکـــاوو عـــەمەل و عـــیلمی بـــەیانە
ســـینفێکی بـــە تـــەیارەوە مـــەڕبووتە خـــەیاڵی
دایـــم لە هـــەوار و لە فـــەلەک کـــەسبی گـــەڕانـــە!
ســـینفێکی بـە تـەل مـایلە، سـینفێ بـە مـەعادین
سـینفێکی لە بـۆ تـۆپ و تـفەنگ فـیکری ڕەوانـە
ئەم نوکتەیە سەر بـەستە نـەبێ چـاکـە بـە کـوردی
هـــەر کـــوردە کـــەوا غـــافڵ و بـــێ..... نـــەزانـــە
هەر کوردە لە هەر دەوڵەت و هەر بەگلگ و هەرجێ
پـــــەیوەستە بـــــەبێ..... ویـــــردی زەمـــانە
هەریەک بە سەر و سوورەت و هەیئەت وەکوو شێرە
ئـــەمما لە هـــونەر خـــاڵیو لایـــەق بـــە نـــەمانە!
یـــا مـــەدحو ســـەنای پـــینەچیو دۆم و خـــەڕاتـــە!
یـــــاباسی گـــــەزو شـــایەن و تـــەعریفی قـــەپانە
یـــاسرتە لە ســـمت و کـــەفەڵی لووســـی هـــەتیوە!
یا بەحسی خـەت و خـاڵ و سـەر و زلفـی ژنـانە!
ئیسمێ کە نەبێ جـیسمی بـە زەرفـی دور و دانـە!
وەک سوالّـەت و وەک کـاشیـیە کـۆنی هـەمەدانـە

قەومینە بەسە غەفڵەت و بەدبەختی هەتاکەی؟
زۆر حەیفە لەگەڵ قەسری ئیرەم بەحسی کولانە!
بێدار و تەلەب کاری جیهان پاکی ئەزانێ!
سوعبەت نییە دڵسۆزییە ئەم مەوعیزەمانە

* * *

-۵۹-

روشتەیی لوئلوء لە دانەی ئەشکی من دەگرینەوە
بۆیە هەردەم ئاشنا بۆ حاڵی من دەگرینەوە
کەی دەبێ وەک بولبول و گوڵ دابنیشین پێکەوە
ئەو بەخەندەی لێوی ئاڵ و من بە گریە و شینەوە
باغی روخساری لە من پۆشی بەسەرپۆشی نیقاب
یانی لاچۆ عاجزم ئیمرۆ بە دەس گوڵچینەوە
تا قیامەت سەر لە سوژدەی شوکردا هەڵ نابڕم
گەر بڵێ: لاچۆ لەبەر چاوم، بە خەشمو قینەوە
تورکی چاوی گەر ببینێ عابیدی خەڵوەت نشین
دێتە جونبوش ئەو بە جوببە و خەرقەیی پەشمینەوە
با نەکا عاشق گەلەی ناحەق لە بەدبەختی رەقیب
خوێنی فەرهاد و گوناهی وابەسەر شیرینەوە
سیحری غەمزەی وەردەگێڕێ زاهید و عالم لە رێ
ئەم بە کۆڵێ عیلمەوە زاهید بە باریێ دینەوە

گـــەر بـــڵێم قـــوربانی تـۆبم ڕوو لە مـن کـە لەحـزەیە
وەردەگـــێڕێ شـــەمعی ڕوخســـاری بـــەدەم ئـامینەوە
ڕیشـــەیی جـــەرگی لەبـن هـێنام بـە قـوللابی مـوژەی
بـــۆ دەکـــا حـاشا بـە پـەنجەی قـرمز و خـوێنینەوە[۱]
چی دەکا ئینگلیزی هیجرت عەسکەری لوتفت کە هات
زوو بـــە زوو بـــەسڕەی ویســالت بـێسەدا دەگـرینەوە
مـــن کـــە وامـــات و پـیادەم گـەر ڕوخـی شـا ڕێگـەدا
تەی دەکەم عەرسەی کومەیتی ئەو بەسەد فـەرزینەوە[۲]
(ناریا) بێژەن سیفەت تـا کـەی لە بـۆ تـورکی جـیهان
قەیدی زیندانی بە دەسـتی نـەفسی وەک گـورگینەوە[۳]

* * *

-۶۰-

بە جیلوەی عەکسی تۆیە دڵ کەوا سەرمەست و خەندانـە
بە یادی تۆ وەکـوو تـووتی، زوبـانم شـەککـەر ئـەفشانە
بەشەوقی تۆیە مەسرووری، لە دووری تـۆیە ڕەنـجووری
گـەهێ گـەر خـەندە پـڕ لێـوە، دەمـێ گـەر دیـدە گـریانە
ڕژا سەد دانە ئەشکی ئاڵی چاوی مـن بـە سـەر عـەکسـا
کـە شـایستەی نـیشاری سـورەتی تـۆ لەعـل و مـەرجـانە

(۱) قرمز: سوور ـ سرخ.
(۲) عەرسەی کومەیتی: زاراوەی شەترەنجن ـ از فنون شطرنج.
(۳) گورگین: پاڵەوانی شانامەیە ـ از پهلوانانی که در شاهنامه مذکور است.

بـه ئـیستقبالی تـیمسالت حـهیاتم هـاته سـهر لێـوم
کـه ئـیستقبالی قـیبلهی مـن نـیشانهی ئـههلی ئـیمانه
به ماچی حهرفی زهرفت سهرفی دهرد و وهزعی پیری بوو
مهگهر سهرچهشمهیی خامهت! نموونهی ئاوی حهیوانـه
حهسهد ئهنگێزی جهمعی ئههلی میسر و شاری بهغدایـه
کـهبێ رووبـی زولهیـخا بـوو، مـهقامی مـاهی کـهنعانه
عهزیزی بێ ئهساسی رهنجی غوربهت شـاهی مـن نـابێ
له یوسف تۆ تهماشا که چه بـهحسی حـهپس و زیـندانـه
ئهگهر گاهی بـه یـادم کـهی گـهلێ مـوشکول نـیه چـاوم
نهوازش عـادهت و شـێوهی نـهتیجهی شـاهی مـهردانـه
فهرهح هات و ئهلهم دهرچـوو، جـهفا رۆیـی نـهما مـاتهم
بـهڵێ راکـردنی رێـوی له شـێری شـهرزه ئـاسانه!
تهشهککور لازمـه ئـهورۆ، له سـهر (نـاری) له بـۆ بـاری
کـه تـهختی دڵ ئـیقامهتگاهی جـیلوهی جـانی جـانانه

* * *

-۶۱-

ئهم قهسیدهیه به بۆنهی گهڕانهوهی بهڕێز شێخ مهحموودی حهفیدهوه
له دهست بهسهری هیندوستانهوه وتووه[۱]

(۱) ئهم قهسیدهیه دوورو درێژه بهڵام ههر ئهوهندهیمان دهست کهوت.

مژده ئەی ئەهلی موحەببەت شاهی جانی هاتەوە
حوججەتی مولْک و نیشاتی جاویدانی هاتەوە
تا نەبێ بێناز و جیلوە خانەدانی ئەحمەدی
جیلوەبەخشی حوسنی باغی دووەمانی هاتەوە
وا لە سایەی مەرقەدی قوتبی مەداری شێخەوە
مەرکەزی نوقتەی مەداری میهرەبانی هاتەوە
موددەتێ خاکی سلێمانی بەغەم وێرانە بوو
ئایتی عەیش و ئەساسی ئاوەدانی هاتەوە

* * *

-۶۲-

بۆ شێخ ئەحمەدی حەفیدزادە

ئەی فەلەک سەرگەشتە بی بۆ گەردوشێ هێناتەوە
ئەهلی عیززەت پاکی سەرگەشتەن بە دەس سەوداتەوە
گەردشت: ساقی، قەدەح: دنیا، موسیبەت بوو بە چات
خۆ لە دنیادا نەبوو لەو چاتە کەس نەیخواتەوە
وەزعی تۆ تەرکی سەفایە، قەلبی تۆ رەسمی جەفا
بۆ ئەکەی مەیلی وەفا تۆ بەم دلْ و حالْاتەوە
چینی پێشانیتە خەتتی میننەت و زولْم و ستەم
نەخشی میحنەت وا بە تەختەی قاپیەی دەرگاتەوە

مەسلەحەت چونکو نەبوونی تۆیە، سازاتی خودا
زوو بە زوویی بتگرێت و بتکوژێو، بتباتەوە
مەنعی کەس ناکەم لە سەر رەفتاری بێمیزانی تو
پێت بڵێ لاچۆ سەر و ئەتوار و شکڵت خواتەوە
بۆچی ئینسافە لە لای تۆ زومڕەیی ئالی عەبا
قەیدی زیللەت بێ بە دەستی کافری بەد زاتەوە
پارە بوو سەد دڵ بە نووکی نەشتەر و خاری جەفا
داخی زوڵمت وا بە لالەی رووموتی ـ سادات ـ ەوە
شین و ئاهی کەربەلاوو نەینەوا هاتۆ بە نەو
نۆبەتی دەرد و غەمی ئالی موحەممەد هاتەوە
بۆ پەرێشان حاڵیو حوزنی پەشێوی فەوجی گوڵ
جەمعی بولبول وا لە شیوەندا بە رووی باغاتەوە
چون نەما شادی لە بۆ ئەولادی مەحبووبی خودا
لازمە بۆ هەر کەسێ بەیداغی غەم هەڵ کاتەوە

* * *

ـ ۶۳ ـ

ئەم قەسیدەیش بە بۆنەی گەڕانەوەی شێخ مەحموودی حەفیدەوەیە
لە هیندستان لە دەس بەسەری

ئەی دڵی شەیدا بەشارەت بێ کە یارم هاتەوە
یەعنی سەرمایەی ژیان و ئیعتبارم هاتەوە!

وەزعی بەدحاڵی بپرسە قوربەسەر غەم چی ئەکا
ئەفسەری ئیقبالّ و تاجی ئیفتیخارم هاتەوە!
موودەتێ دوور بوو لە گوڵ، خاکی وەتەن بێ جیلوە بوو
جیلوەبەخشی گوڵشەنی باغی دیارم هاتەوە!
بەرقی شادی هات و ماتەم رویی و مشکین بوو نەفەس
ساحیبی شمشێر و خامەی مشکبارم هاتەوە
سینە وەک نەی، دڵ وەکوو بربەت، نەفەس وەک یاسزی
موتریبا فەرموو! پەیاپەی غەمگوسارم هاتەوە
گەرچی من مابووم بە رۆژ و شەو لە کونجی ضەیقەتا
پڕ تەوی میهر و مەهـ و لەیل و نەهارم هاتەوە
بێنە گەردوش ساقیا! وەک مەنزەرەی من جامی مەی
وەختی رەقس و عوشرەت و نەشئەی خومارم هاتەوە
نەزمی من وەک قەند و فەرشی سەحنی دیوانم غەزەل
شاهی تووتی مەشرەبی گۆشەی تەلارم هاتەوە
گوڵبەنی نازک لە گوڵزارا وەها پشکووتووە
بوولبولی ئاوازە خوانی لاڵەزارم هاتەوە!
ناوی بێنەزم و پەرێشانی لە موڵکی دڵ نەما
رەونەقی گوڵزار و نەزمی رۆزگارم هاتەوە
گەردی دامانی بە کەس ناگا، نەکا هەر کەس خەیاڵ
سورمەیێ بۆ ئێشی چاوی ئەشکبارم هاتەوە

وا له خـــۆشی‌دا پـــەشۆکـــاوم کـــه نـــازانـــم ئـــەمن
حـەزرەتی مـەحموودە، یـا مـەحبووسی پـارم هـاتەوە
گەر بیری (ناری) یا غـەفڵەت هـەتا کـەی سـەعبە بـێ
خـــانی ســاحیب هـیممەت و جـاه و ویـقارم هـاتەوە

* * *

-۶۴-

مـــــودده‌تێکه مـــن گـــرفتارم بـــه دەس ســـەوداتـــەوە
بـــووم بـــه داوی چـینی زولف و پـەرچـەمی تـاتاتەوە
مـــەنعی قـــوللابی مـــوژەی نـــاکـــەم له راکـێشانی دڵ
بـــۆا ئـــەسیری چـاوی مـەستی پـڕخەوی ئـەی‌باتەوە
واســـەرم دانـــا بـــه عـــەزمی بـەردەبازی ڕێگـەکـەت
مـــەرهەمی دەردی ســـەری مـن وا بـه گـەردی پـاتەوە
گەر دەپرسی حاڵی پـەروانـەی دڵـم دور بـێ له رووت
وا له ســـــۆزش‌دا له ســـــایەی شـــەوچرای گـــۆناتەوە
چاوی خوێن خواری به خوێنم فێرە، وەک لێوی بەمەی
لێ‌ی گەڕێن ئـێوە و خـودا ئـەو شـۆخه بـا بـیخواتـەوە
شـاهی چـاوت مـوڵکی سـەبر و تـاقەتی بـردم بـه زۆر
مەسحەفی رووی تـۆ بـه گـژیاچێ ئـەگـەر نـەمداتـەوە
مـێشی خـــاڵت نـــافڕێ بـەس بـاوەشێنی کـه بـه نـاز
چـــونکه پـــابەنده بـــه شـــەهدی روومـــەتی زێـباتەوە

شـــین و واوەیـــلایە ئـــاساری قـــیامەت هـــەڵ دەســـێ
گوڵ بە دەن ئـەمڕۆ بـەرەو مـەشریق ئـەگـەر لاکـاتەوە
لەب شەکەر فەرموو بـە زولفت بـاوەشێنی بـا نـەکـات
مـــێشی رۆحـــم گـــەر بـــنیشێتۆ بـــە قـەندی چـاتەوە
خەتتی دەرسی عیشقی (ناری) وەک رقومی خاڵەکەت
وابـــە لەوحـــی گـــەردنی بـــێ گـەردی وەک مـیناتەوە

-۶۵-

پرسیارێکی تایەربەگ لە مەلاکاکە حەمەی بێلوو (ناری)

خـــودا عـــەدلی لە لای عـــارف عـەیانە[۱]
بە حەققەت ئێمە گـەللەین، ئـەو شـوانـەا[۲]
لە بەرچی وا مەڕی خۆی مـەردی چـوپان؟
بـــە دەســـتی خـــۆی ئـەخاتە بـەر نـیشانە
ئەگەر مؤمن بە حەققەت دۆستی حەققن؟[۳]
چـــیە حـــیکمەت دەلیـــلی ڕووســـیانە؟
موقەددەر بوو کە گـەندوم بـێ بـە رزقـی[۴]
لە ئـــادەم بـــۆچ ئـــیتر دەگـــرێ بـــەهانە؟

(۱) عارف: زانا و پیاوی خوا ـ مرد خدا.
(۲) گەلە: مێ گەل. ڕان ـ ران.
(۳) دۆستی حەق: دۆستی خوا ـ دوست خدا.
(۴) گەندوم: گەنم ـ گندم.

کـــه تـــیر ئـــەندازی چـابوک دڵ بـپێکێ!
قەباحەت کەی لە ســەر حــەلقەی کـەوانـە؟
کـــه ئـــەو روخســاری دڵ بـێنێتە پـێشۆ[۱]
نـــــــەسیبی بـــــولبولان داد و فـــــوغانە
لە رۆژی خـــۆی عـــەمەل قسـمەت کـراوە
لە بـــەر چـی تـۆ دەڵـێی فـیعلی خـۆمانە؟
کـــــەوابـــوو ئـــاگـــری دۆزەخ لە بـــۆمان
چـــــــــەلازم دێ بکـــــێشێ وا زەبـــــانە
ئـــــەگـــەر خـــەلقە لە بـــۆمان ئـــیختیارێ
لە بـەرچـی یـەک بـچووک و یـەک کـەڵانە
یـــــەکـــێ بـــۆ پـــارەنانێ جـــان فـــرۆشە
یـــەکـــێ حـــەقی نـــیە شـــاهی جـیهانە
یـــەکـــێ ســـوڵتانی قـــەسری زەڕ نـــیگارە
یـــەکـــێ بـــێ جـــێگەوو بـــێخان و مـانە
یـــەکـــێ دایـم خـەریکی عـەیش و نـۆشە
یـــــەکـــێ کـــوژراوی شـــمشێری دەبـــانە
یـــەکـــێ قـــاڕوونی دەوڵـەت هـەم عـینانە
یـەکـێ مـوحتاجی سککـەی یـەک قـڕانـە

* * *

(۱) پێشۆ: پێشەوە ـ جلو.

ـ ۶۶ ـ

وەڵامی (ناری) بۆ (تایەربەگ)

سوئالت ئەی سوخەن سەنجی زەمانە
ئەساسی عیجز و تەشویش و مەلانە
حەقیقەت قسمەتی ئەحوالّی عالەم
دەلیلی زەبت و ئەحکامی نیهانە
کەسێ عارف بە حوکمی پادشایە
کە مەحرەم بێ بە رازی خوسرەوانە
وەلێ مەجبوورە فکرم بۆ جەوابت
ئەگەر چی عاجزی دەوری زەمانە
تەریقی (لانسلِّم) با نەمێنێ
نەبێتە بەحس و گاڵەی مازووانە
بەڵێ عەدلی خودا وەک میهری ئەنوەر
لە لای ئەهلی بەسیرەت بێ گومانە
وەکو سەمع و بەسەر عیلم و حەیاتی
کەلامی قودرەت و زاتی عەیانە
لە بەینی کەسبی عەبد و خەلق و خالیق
تەفاوت وەک زەمین تا ئاسمانە
کە کەسبی مەسدەر و حوسن و قەباحەت
قەباحەت وەسفی کسبی عاسیانە

خـــوابـــێ نـــەقسە وەســـفی ذات و خـــوڵقی
بـــە ئـــەحسەن خـــوڵقە مـــەشهوری جـــیهانە
بـــەڵێ حـــەق راعـــی‌یە گـــەللە، خـــەلایق[1]
عـــــیبادەت رۆن و شـــــیر و تـــــووکیانە
پەزی[2] بێ فەرع و پەشمە و[3] عەبڕەش و[4] لەڕ
ســـــزاواری ســـــەگـــی یـــۆنانی‌یانە
کـــەسێ لادا لە جـــیلوەی حـــوسنی عـــیشقی
ئـــەکـــێشێ نـــێشی نـــەشتەر بـــولبولانە
نـــیە نـــەقس و زەلیـــلی دەســـتی رووســـی
جـــەزای زیـــللەت کـــە قـــەسری حـــۆری‌یانە
تـــەماشاکـــە لە بـــۆ تـــەعلیمی عـــیرفان
فـــەلاقەی کـــوڕ دەکـــەن ئـــەم رۆمـــی‌یانە
جـــەهەننەم بـــا لە جـــۆشا بـــێ جـــەهەننەم
چـــە بـــیمێ بـــۆ گـــرۆهی مـــوئمینانە
بـــە مـــوئمین چـــی ســـەقەر، دۆزەخ، جـــەهەننەم
مـــــەقامی رووســـــیان و روو ســـــیانە

---

(۱) گەللە: مێ گەل ـ گڵە. (۲) پەز: مەڕ ـ گوسفند.
(۳) پەشم: خوری ـ پشم.
(۴) أبرەش: ۱ـ ئەسپێ کە خاڵی لە رەنگی مخالفی رەنگی خۆی تیابێ ـ اسبی کە حالتهای متضادّ با رنگ اصلیش دارد. ۲ـ رەنگی سوور و سپی تێکەڵ: مەبەست لەو پەزەیە کە خوری‌یەکەی سوور و سپی‌یە ـ منظور گوسفندی کە رنگ پشمش سرخ و سفید است.

-۶۷-

هەر وەکوو تام و مـەزەی حـەڵوا لە بـڕوێشا نـیە
زەڕڕەیـە بـۆنی خـوا دۆزی لە دەرووێشـا نـیە
زەلزەلەی ئاخر زەمان و رەغبەتی فیسق و فجوور
بۆیە تەئسیری لە سـۆز و زیکـری هـووکێشا نـیە
نێر و مـێ یـەکسـانە ئـەمڕۆ لای دڵـی دێـوانـەدا
زەرگی ئـەو فـەرقی لە لێـدانـی پـەس و پـێشانیە
بێ ریازەت سەیری گوڵزاری تەریقەت موشکولە
لەززەتی شیرین لە شـانەی شـەهدی بـێمێشانیە
تاقەتی باری ئـەمانەت شـێری مـەیدانـی ئـەوێ
حـــەملی ئـەو بـارە لە قـووەی قـاتری رێشـانیە
قەتعی رێگەی مەعریفەت نەفسی موتیعی لازمـە
حاڵەتی نەرمی لە کەللەی ئـەسپی سـەرکێشا نـیە
دانـــەیی لوئـــلوء مـــەقامی خـەزنەیی شـاهانەیە
گەوهەری شاهی لە رەشکە و باری کاکـێشا نـیە
ئەسپی نەژدی لازمە بۆ قەتعی رێگەی مەعریفەت
سیرعەت و جەولانی نەژدی قەت لە گامێشا نـیە
گوڵشەنی حەق بولبولێکی نـەغمەخوانـی لازمـە
سۆزی ئەو نەغمە لە بـاڵی زەرگـەتە و مـێشا نـیە
بێخەوی و خۆراکە دایم کار و پیشەی تۆبەکـار
خۆ خەوو تێری لە خانەی خەڵوەت ئەندێشا نیە

سەفوەتی سۆفی لە شانە و ریش‌دا دەرناکەوێ
نووری دەروێشی لە پرچ و رەشتی‌یو کێشا نیە
پەشمەو و غارە لە بەینی سۆفی‌یو دەروێش و شێخ
ئەو کەسەی یاری دەوێ کێشەی لەگەڵ خوێشا نیە

* * *

-۶۸-

گەر خەواریق بێ، مەزەی حەلوا لە بڕوێشا هەیە
رەونەق و بۆنی خودا دۆزی لە دەروێشا هەیە
گەر بە سۆزی سەفوەتی دڵ یادی مەولا بێتە پێش
بێشک و شوبهە کە تەئسیری لە هووکێشا هەیە
فەرقی نێر و مێ لە لای ئەهلی نەزەر موشکوڵ نیە
بێنەزەر جەهلی لە تەشخیسی پەس و پێشا هەیە[۱]
واقیعەن رەسمی ریازەت شەرتە بۆ ئەهلی تەریق
بۆیەکێ قسمەت لە شانەی شەهدی بێمێشا هەیە[۲]
گەر نەفووسی ئەولیا بێت و مەدەدکاری بکا
حەملی ئەو بارە لە قووەی قاتری رێشا هەیە[۳]
گەر بە تەعلیل و تەعەللول نەفسی سەرکێش بێ موتیع[۴]
تەرکی بەدخویی لە کەللەی ئەسپی سەرکێشا هەیە[۵]

---

(۱) پەس: پاش ـ بعد. (۲) شەهد: هەنگوین ـ عسل.
(۳) قاتر: هێستر. ڤێستر ـ اِستر.
(۴) تەعلیل و تەعەللول: لە نوسخەیەکدا تەعلیم و تەعەللوم نووسراوە ـ علّت و بهانه آوردن و معطّل کردن.

خاکو دوڕ یەکسانە لای ئەربابی عیشقی مەعریفەت
گەوهەری شاهی لە رەشکە و باری کاکێشا هەیە
هیممەتی مەولا ببێ، کیسەڵ بە تەیارە ئەگا
گەر نەزەر بێ سورعەتی نەژدی لە گامێشا هەیە[۱]
گەر (فنافی‌الله) لە بۆ شەخسێ لە عەشقا دەس بدا
نەغمەیی بولبول لە باڵی زەرگەتە و مێشا هەیە[۲]
نیعمەت و جاهی جەلالی پیری سابیق بێتە پێش
سووڕەتی تێری لە رووەی خەڵوەت ئەندێشا هەیە
موختەسەر ئەسپابی فیسق و نەقسی قانوونی سەلاح
ڕێی لە قانوونی سەحیح و مەزهەب و کێشا هەیە
دڵ کە مەشغووڵی خودابێ ئێش و نێشی مەخفییە
لەو مەقامە حاڵ ئەگەر بێ، قەلبی بێ ئێشا هەیە

* * *

-۶۹-

چاوەکەم بۆیە بە دایم کار و پیشەم زاریە
حاکمی چاوت لەگەڵ من مایلی غەدداریە
شۆڕش و نااڵینی کەس بێوەجە و بێعیللەت نیە
ئاهی من فەریادی بولبول ئیشی بێغەم خواریە

(۵) سەرکێش: لە نوسخەیەکدا: سەرکەش ـ سرکش، یاغی.
(۱) نەژدی: نەجدی ـ نجدی. (۲) زەرگەتە: زەردەواڵە ـ زنبور.

من هەر ئەورۆژە دەسم شۆری لە رۆحی خۆم کە دیم
حەزرەتی خونخواری ئەبرۆت مەشرەبی خون خواریە
گەر دەپرسی بۆچی بێنەشئە و مەلوول و عاجزی
رووماتی زەردم عەزیزم شاهیدی بێیاریە
کەم بە خەندە بێ بەلامۆ، حەیفە تانەم لێمەدە[۱]
لێم گەڕێ تووبی و خودا، ئەمجارە دەردم کاریە
دڵ لە شامی پەرچەمی رووتا بە دایم بێخەوە
چونکە کێشکچی بە شەودا عادەتی بێ داریە[۲]
حیکمەتی پڕ مەسئەلەی کوڵمت لە بۆ کێ حەل دەبێ
هەر سەحیفە سەد ئیشارە و رەمزی تێدا جاریە
خاڵی روخسارت هیدایەت بەخشە، شەرحی زولفەکەت
قازی ئاسا حاشیەی ئەگریجەکانت لاریە (۳، ۴)
رووت وەکوو ئاتەش موژەت وەک شیشە ئەبرۆت قیمەکێش
میرۆوەحەت زولف و کەبابت جەرگی پارەی (ناری)یە

* * *

(۱) بەلامۆ: بەلاما ـ بە نظر من. (۲) کیشکچی: ێشکچی ـ نگهبان.
(۳) قازی: لاری: حاشیەی هەیە لە سەر کتیب. وە عادەتەن لە هامشی کتێدا بە کەچی (ماڵی) دەنووسرێت لێرەدا ئیشارەتە بۆ ئەو، وەقازی لاری ناوی مصلح الدین لاریە خەڵکی ناوچەی لارستانە وە پەراوێزی لەسەر زۆر کتێبی عیلمی (دینی) هەیە ـ منظور شیخ مصلح الدین لاری که از اهالی لارستان است که بر بسیاری از کتابهای دینی، علمی حاشیه نوشته است.

-۷۰-

غەمی شێخ و فیراقی تۆ کە باری شانی پیریمە
بە ئەمری حوکمی بەدبەختی وەزیفە و رەسمی پیریمە
نەما رەسم و غەزەل ئەمڕۆ لە بازاڕی خەیاڵاتا
هەناسەی سەخت و سۆزی دڵ.....
تەمەننا کردنی ئاوی حەیاتی وەسڵی تۆ بۆ من
لە خاترمایە نازانم لە شێتی یا لە ژیری‌مە؟
لە وەقتی پیریا عەکسی جوانی تۆیە هەمڕازم
عەسا سوورەت لە گەردشدا ئەساسی دەستگیریمە
بە رەسمی یاوەری مومکین نەبوو سەرفی جوانی کەم
بە پیری تازە فکر و غائیلەی روتبەی «موشیر»یمە
قەزا بۆ دڵ لە بۆ قائم مەقامی وەسڵی تۆ هیجرت
ووتی دەرچۆ لە فرمانی قەزا نۆبەی مودیریمە
بە من چی نیعمەتی دیوانی ئەعیانی سلێمانی
کە سفرەی هیجری تۆ غارەت گەری تەختی ئەمیریمە
لە سەر سفرەی فیراقت مائیلی تیعدادی نیعمەت کەم
ئەلەم چا، قاوە میحنەت، کفتە غەم، هەم نانی تیریمە
مەڵێ کەم تاقەت و بێ دووری‌یە (ناری) لە سەختی‌دا
لەگەڵ هیجرانی تۆ، مانم نیشانەی بێنەزیریمە

* * *

ـ۷۱ـ

قـەت لە ئـادابـی دوعـا ئـەم پـیرە تـەقسیری نـیە
سالەگەڵ تـەقدیری خـوا چـیبکەم کـە تـەئسیری نـیە
ویـردی دڵ بـێ غـایەت و پـایانە وەک تـەقسیری مـن
تـا ئـەبەد وەک عـەفوی تـۆ ئـیمکانی تـەحریری نـیە
سـیدقی مـەزموونی کـەلامم عـەینی سـوبحی سـادقە
ئەو بـە تـەرزی ئـاخری شـەو کـیذب و تـەزویری نـیە
حـەیفە بـۆ ئـەربابی دەرکـی غـەزنەوی گـاهێ بـڵێن[1]
جامیعی حیکمەت ئەیازە و حـوسنی تـەدبیری نـیە[2]
عـاقڵ و فـەرزانـە هـەردەم وا لە قـەیدی مـیحنەتا
شـێت و بـێ پـەروا لە دنـیا بـاکـی زنـجیری نـیە
گـوڵ لەگـەڵ خـارا رەفـیقی بـولبولی دڵ بـێ نـەسیب
عـیللەت و ئـیشی خـودا ئـیشکالە تـەفسیری نـیە
سەیدی وەحشی دەستەمۆ بێ چاکە نەک سڵ کا بە هیچ
بازی تۆ ئیمڕۆ کـە چـونکە تـابی نـەخچیری نـیە[3]
گـەردشی ئـاخر زەمـانە و شـۆڕشی دەوری قـەمەر
نوور و زوڵمەت بۆیە لای کەس فەرق و تەوفیری نیە[4]

---

(۱) غەزنەوی: هیمایە بۆ سوڵتان مـەحموودی غـەزنەوی ـ اشـارە بـە سـلطان مـحمود غزنوی است.
(۲) ئەیاز: وەزیرەکەیەتی ـ وزیر سلطان محمود.
(۳) نەخچیر: نێچیر ـ شکار. (۴) تەوفیر: فەرق. جیاوازی ـ تفاوت.

ئەهلی دانا قەت لە (ناری) ناگرێ هەرگیز غەڵەت
چونکە نەفسێکی ئەدیب و عاقڵ و ژیری نیە

❋ ❋ ❋

-۷۲-

دەس بدا گەر نێرگسی شەهلا برا نەسرین چیە
ئافتابی خاوەرم بێ پەرتەوی پەروین چیە؟
تا ترنجی غەبغەبی مەعشووقە بێ غەم دەسکەوێ[۱]
ساشەمامەی خاوی بڵ، یا کوو لە کەی نەخشین چیە؟
موعجیزەی (موسی) کە رووی دا سیحر و جادوو چی‌دەکا
هیممەتی رۆستەم بێ مەکر ئەفکەنی گورگین چیە؟
نەقشی مانی دەر کەوێ نەقاشی چین ریسوا دەبێ
حوسنی یوسف جڵوەگەر بێ زینەتی شیرین چیە؟
گەر نەسیمی پەرچەمی لەیلا موعەتتەر کا دەماغ
لای دڵی مەجنوون نەسیمی نافەیی مشکین چیە؟
پیرم و ئوفتادەم و بێتاقەت و فیکر و خەیاڵ!
وەرنە تەرتیبی قەسیدەی نازک و رەنگین چیە؟
(ناریا) بەس لێدە لافی دانش و عەقڵ و شعوور
لافی پووچی بێمەزە و بێتام و بێتەحسین چیە؟

(۱) غەبغەب: گەردن، ژیر چەناگە ـ زیر چانە.

ـ ۷۳ ـ

ـ یێ ـ

ئەم غەزەلەی ناری بۆ بەڕێز شێخ حیسام‌الدین وتراوە

بـــەمەولا گـــەر لەمـــەولا دڵ بـــە قـــوربانت نـــەبێ نـــابێ
بـــە دڵ گـــەر دڵ مـــوتیع و بـــەندە فـەرمانت نـەبێ نـابێ
کەسێ مەقسوودی کەسبی دەوڵەتی قوربی مـەحەببەتبێ[1]
غـــــوڵامیی بـــۆ غـــوڵامانی غـــوڵامانت نـــەبێ نـــابێ
زوهوری نووری تووری مەعریفەت بـۆ چـاوی بـێنوورم
لە تـــۆزی ســـورمە رەنگـی خـاکـی دامـانت نـەبێ نـابێ
فـــیراری قـــەیسەری زوڵـــمەت لە شـاری شـامی خـاتردا
بە حوکمی بـەرقی تـیغی شـاهی تـورکانت نـەبێ نـابێ[2]
بـــــەیانی داســـــتانی شـــیوەنی بـــوڵبول لەبـــەر گـــوڵدا
بـە خـەندەی لێـوی شـۆڕئەنگێزی خـەندانت نـەبێ نـابێ
فـــــەڵەک مـــەشهورە لافـــی ئـــیقتداری رەفـــعەتە ئـــەمما
وجـــوودی بـــو ســـەریری خـاکـی ئـەیوانت نـەبێ نـابێ
سەرم سەمتوورە، سینەم نەی، سوراحی دیدە، ئەشکم مەی
مـەزەی مـەی، یـا نـەوایـی نـەی، لە دیـوانت نـەبێ نـابێ

---

(۱) مەحەببەت بێ لە نوسخەیەکا حەقیقەت بێ نووسراوە ـ محبّت باشد در نسخهٔ دیگر حقیقت باشد قید شده است.

(۲) تورکانت: لە نوسخەیەکدا موژگانت نووسراوە ـ کلمهٔ تُرکانت در نسخه‌ای دیگر موژگانت نوشته شده است.

له بۆ گولّ شۆری بلبل، شۆڕشی تـووتی له بـۆ شـه‌ککـه‌ر
به شه‌وقی شه‌هدی لێوی شـه‌ککـه‌ر ئـه‌فشانت نـه‌بێ نـابێ
بـــه‌لاله‌ی مـه‌عریفه‌ت تـه‌عمیری قـه‌تعه‌ی بـاغه کـۆنی دلّ
هـه‌تا مـه‌عموری بـه‌ستی فـه‌یزی ئـیحسانت نـه‌بێ نـابێ
له رۆژی کـــه‌شمه‌کـــه‌ش‌دا (نـاریا) هـه‌رگیز نـه‌جاتی تـۆ
حـــیسامه‌ددین کـــه‌فیلی بـــاری عـــوسیانت نـــه‌بێ نـابێ

* * *

ـ ۷۴ ـ

ئه‌م غه‌زه‌له‌ی بۆ «مه‌لا ئه‌حمه‌د»ی کوڕی نووسیوه که له‌وکاته‌دا له لای مه‌لا عه‌زیزی بالیکه‌ده‌ری ئه‌یخوێند له سلێمانی

تالیب که هـه‌موو وه‌خـتێ خـریداری غـه‌زه‌ل بـێ
زۆر زه‌حمه‌ته مه‌یلی که له‌سه‌ر عیلم و عه‌مه‌ل بـێ
تـــالیب ئـــه‌وه‌یه تـــالبی دیـــوانـــی خـــودا بـــێ
عـــالم ئـــه‌وه‌یه غـــه‌رقی خـــه‌یالّاتی ئـــه‌زه‌ل بـێ
فـــرزه‌ندی مـــه‌لا: ڕۆڵـــه ئـه‌بێ ســه‌رفی حـه‌یاتی
بۆ دیققه‌تی به‌یضاوی و ته‌فسیری جـومه‌ل بـێ[1]

---

(۱) به‌یزاوی: ته‌فسیری قورئانه، هی قازی ناصرالدین البیضاوی‌یه، ئـه‌وی‌تر (کـتاب الجمل) جومه‌ل. ده‌رباره‌ی زانستی عه‌ره‌بی‌یه ـ تـفسیر بیضاوی تـفسیر قـرآن است از دانشمند مشهور قاضی ناصرالدین بیضاوی، و کتاب دیگر الجـمل است کـه در مـورد دانش عربی است.

بێ جیلوەیە تەسبیحی کەفی جەزبەیی سۆفی
تا فیکری مەی و دەنگی نەی و سازی ئەمەل بێ
گەر شوربی دەوا عاقیبەتی نەفعی نەبێ هیچ
لای خەستە وەکوو زەهرە ئەگەر عەینی عەسەل بێ
ئەفسووسە ببێ مورغی هوما فەرعی بە قالاو[۱]
زۆر موشکوڵە گەر بازی سپی فەرعی بە قەل بێ
گەر دوڕی ئەتۆ واریسی ئادابی پەدەربە[۲]
نەزدیکە پەدەر یار و هەم ئاغووشی ئەجەل بێ[۳]

* * *

-۷۵-

بڕا قەت نابێ ئەم کارە وەهابێ
سەلیقەی شێخ و میر و جوو نەمابێ
بەسێ کەس مامەڵەی یەک پیرەگا بێ
ئەویش کلکی لە سێ لاوە شکابێ
ئەگەر سەودای عەسایە فەرموو یا شێخ
بە بیری خۆت بە چەن چاکە کرابێ
ئەگەر سەودای کل و کلتوور و جامە
بڵێم من مامەڵەی بێ «نووتە»[۴] با بێ

(۱) قالاو: قەلە باچکە ـ کلاغ. (۲) پەدەر: باوک ـ پدر.
(۳) ئاغووش: باوەش ـ آغوش، بغل.
(۴) نووتە: ناوی جوولەکەیەک بوو ـ اسم فردی یهودی.

بـــه قـــەولی نـــاقلی ئـــەم گـــفت و گـــۆیە
وەهـــا دیـــارە کـــە ئـــاغا تـــیا شکـــابێ
بە گونیا گا دەناسێ جوولەکەی ســـەگ
درۆ نـــاکـــا ئـــەگـــەر مـــالوومی گـــابێ

* * *

ـ ۷۶ ـ

هەر بلوکێکی عەجەم، حـــاکـــمی مـــەم ژاکـــنە بـــێ[۱]
مـــوختەسەر پـــەروەرشی رۆحـــی بـــە ئـــاوی ســـنەبێ
نـــایبی: بـــاوە بـــڵانێ مـــەکـــە مـــن خـــۆم ئـــەکـــەفم
مـــونشی بـــاشی: شـــەکـــەتم، نـــازری: مـــەم تـــۆقنەبێ
جەمعی سەرکاری تفەنگ داری لە بۆ رۆژی مەساف
تیرو قەڵغانی هەموو ســـمت و ســـەری هـــۆجە نـــەبێ
سەفی پێش خزمەتی ئەبرۆ بە خەنە و وســـمە کشـــاو
دەست و پێی مەن تەبەع و نۆکەری غەرقی خەنەبێ
نامەوێ لەززەتی ئەو خـــاکـــە جـــەهەننەم لە ســـەفای
دەی دووسەد مەرتەبە، گوی مام خلە لەو مەسکەنەبێ

* * *

(۱) وا مەشهوورە ئەم پارچەیە هی شێخ رەزابێ بەڵام ئەڵێن کە هەڵبەستی نـاریـیە و لە ترسا بە ناوی شێخ رەزاوە بڵاو کراوەتەوە.

ـ ۷۷ ـ

ئەگەر بێ خەرمەنی حوسنی بەسەر بێ
دەبێ دڵ بۆ زەکاتی ئەو بەسەر بێ
دەگا دەستم بە میعراجی ویسالی
لە رووی یا گەر بە لەب شەققول قەمەر بێ
شەکەر وەختێ کە لافی لێوی لێدا
چەنەی شەککەر شکا تا نەی‌شەکەر بێ[1]
دەکا تەرکی خەیاڵی خاڵی لەیلا
ئەگەر مەجنون لە حوسنی باخەبەر بێ
موتەووەل بوو سەری زولفی لە رووی‌ا[2]
بڕی، تا موختەسەر ڕێگەی نەزەر بێ[3]
وەکوو بەهرامە تیری چاوی مەستی
کەوا نەمدی لە دڵ جارێ خەتەر بێ
لە گەنجی خوسرەوی جەم بێ نیازم
ئەگەر دەستم کەمەربەندی کەمەر بێ
وەکوو من تۆبە ئەشکێنێ بەلێوی
خسوسەن گەر مزەی ماچی لەسەر بێ

---

(۱) نەی: قامیش ـ نی.
(۲) مطول: کتیبی بەیان و مەعانی و بەدیعە هی زانای بەناوبانگ خوالێ خۆشبوو (سەعدی تەفتازانی)یە ـ کتاب بیان و معانی و بدیع از شیخ سعد تفتازانی.
(۳) موختەسەر: عەینی عیلمن بە کورت کراوەیی ـ همان علم است به اختصار.

کەم و کورتی بـە عـادەت چـاکـە ئـەمرۆ
غـەزەل حـوسنی لەوایـە مـوختەسەر بـێ
هـــونەر ئـــامێزە (نـــاری) شـیعرەکـانت
مەگـەر لای بـێهونەر بـێ مـوعتەبەر بـێ

* * *

-۷۸-

حوججەتی مولّکی لەتیفی خـەت و خـالّی رووبـەتی
نووری ئیسباتی لەتافەت نـەقشی حـەلّقەی مـوویەتی
رووەمەتە یـا چـینیـیە، یـا لەوحـی مـینا، یـا سـەدەف
یا بە ئـاهی سـەردی عـاشق ئـاوە خـۆ، بـەستوویەتی
پەرچەمی جەزبەی دلّی کردم لە بۆ شـوعلەی روخـی
رهـــبەری ئـــاتەشپەرەستی، تـــوررەیی جـادوویەتی
سەیری خەندەی لێوەکەی بۆ دلّ نـەوازی چـی دەکـا
شەرفرۆشی گەرچی رەسـمی نـێرگسی بـەدخوویەتی
چاوی مـەستی قـابیزولئەرواحـە لێـوی وەک مـەسیح
کوشتن و ئیحیا بە چـاوو لێـوی هـەر ئـەو، بـوویەتی
مەنعی قەد ناکەم لە خوێن خۆریی کە شێوەی چاوی‌یە
کوشتن و قەتلّی بە نـاحەق کـار و پـیشەی زوویـەتی
نەشتەری غەمزەی لە جەرگم دا و بە گریەم پـێکـەنی
غونچە پشکـووتن بـە شـەونم، عـادەتی پـێشوویەتی

دیـجلەیی سـەیلی سـروشکم حـەدد و پـایانی نـەما
شـــاهیدی بـێغایەتی لیـــتە و قـــوڕی پـــێڵوویەتی
قـــامەتی (نـاری) بـە کـۆڵی مـیحنەتۆ وا خـەم بـووە
تـــەختی پـــیشانی هـــەمیشە هـــەمدەمی زانـــوویەتی

* * *

-۷۹-

ئەم غەزەلەی بۆ بەڕێز شێخ مەحموودی حەفیدزادە ناردووە
لە ۹۳۱ تا ۹۳۳ لە ناصریە دەست بە سەربووە

بـــە ئـــاە و نـاڵە مـەشغوولّم لە نـەغمەی سـاز و تـارم چـی
ئـــەسیری مـــیحنەت و دەردم لە ســـەیری نـەوبەهارم چـی
لەگـەڵ خـاری غـەما جـووتم، لە عـەیشی گـوڵشەن ئـازادم
نـــەخۆشی دەردی هـــیجرانـــم، لە خـۆشیی لالەزارم چـی
لە پـــایەی گـــردی ســـەیوانـــی فـــیراقت بـێ نـــەوا مـاوم
لە نـــاز و نـــیعمەت و گـەنج و مـەتاعی ئـەهلی شـارم چـی
مـــەحەللەی گـــۆیژەی شـــەوقم سـەراسـەر پـاکـی وێـرانـە
لە کەیف و سوحبەت و سەیران و چەشمەی سەرچنارم چی
بە بێتۆزی ریکابی تـۆ، کـەچەتری خـوسرەوی سـەربوو[1]
لە تـــەختی مـــەسنەدی داراوو تـــاجی شـــەهریارم چـــی!

(۱) بەبێ تۆزی ریکاب: تۆزی ئاوزەنگی ـ گردوغبار رکاب.

بـــەبێ ســایەی وجـودی تـۆ، کـە ســەرمایەی حـەیاتم بـوو
لە ســـایە و ســێبەری شـــمشاد و ســەروی جـوێبارم چـی!
بـــەبێ شـەمعی جـەمالی تـۆ کـە پـەروانـەی دڵـی مـن بـوو
لە شوعلە و شەعشەعەی بەنزین و مەهخورشید و نارم چـی
هـــەتا چـــۆڵی بـــیابانی فـیراقت مـــاڵ و مـــەئوامـــە!
لە ســـەیری قـــەسری شـیرین و لە ئـــەیوان و تـەلارم چـی
مـــریدی مـــیحنەت و دەردم، غـــەمی تـــۆ پـــیر و مـەولامە
لە مـــرقەی ســـۆفیو هـــاوار و جـەزبەی تـۆبەکـارم چـی!
لە لەوحـــــی ســـینەما، تـــاقامەتی ئـــەلفت خـــەیاڵم بـــێ
لە (فـێوو رێوو شـین)ی مـەنزڵی بـێ یـارو تـارم چـی[1]
تەبیبم غەم، جەفا هەمدەم، ئـەلەم هـەم قـووتە هـەم مـەرهەم
خـــەریکی شـیوەنم دەم دەم لە رەنـج و غـەم گـوسارم چـی
کـــە بـۆ مـن دەردی دووریی ئـافەتی رۆح و سـەر و مـاڵە
لە شـــۆر و لۆمـــە و فـــیتنەی زەمـــانە و رۆژگـــارم چـــی!
بە پـیریی دڵ شکسـتی تـەکـیەگـاهی چـۆڵی (پـیران)م[2]
لە زیکـــری پـــیری هـــەورامـــان و بـەحسی شـالیارم چـی!
کـــە مـــن غـــەرقی زرێـــباری غـــەمی تـــۆبم لە «بـــێلوو»دا
لە نـــاڵەو شـــیوەن و دەرد و غـــەمی ئـــەغیار و یـارم چـی!

(۱) فێ رێ شین: فرش ـ فرش.
(۲) پیران: دێیەکە لە مەریوان ـ روستایی از توابع مریوان.

مەدینەی «ناصریّە»ی دڵ بە یادی تۆ کە ئاوایە
لە مەعموورەی عیراق و تورک و چین و قەندەهارم چی!
ووتی نەفسم! بە خزمەت چی قبوولّم کە، ووتی: هەی دەی
لە خزمەتچی سەگ و مەلعوون و پیس و نابەکارم چی!
لەگەڵ بەد ئەسڵدا وەک ئەو، نەتیجەی ئولفەت و مەیلە
کەوابێ من لە مائیل بوونی مار و گورگە هارم چی!
بسڵێ (ناری) لە کونجی میحنەت و غەمدا هەتا ماوی
بەبێ «بازی فەرەح» ئاخر لە سەیران و شکارم چی[1]

* * *

-۸۰-

هەتا غونچەی گوڵی دڵ بێ لە لالەی نەوبەهارم چی
لەگەڵ شمشادی باڵاکەی، لە سەروی جوێبارم چی
کە یاری دەس بدا بۆ من لە سەر سینەی بە جووتێ بەی
لە بازی و سەیری مۆرەی نەردی سەر تەختە و قومارم چی
ئەگەر بگرم لە دەس یەکدەم، ترنجی غەبغەبی کاڵی
لە لیمۆی زەرد و سێوی ئاڵ و نارنج و هەنارم چی!
ئەبەد تەشبیهی رۆژ و شەو بە زولف و رووەتی ناکەم
لە وەسفی دوو مونافی هەر وەکوو لەیل و نەهارم چی

(۱) بازی فەرەح: واتە شێخ مەحموود ـ مقصود شیخ محمود است.

که بۆ ماچی دەمی، وەک چاوی مەستی تۆبە دەشکێنم
غوڵامی تورکی مەخموورم، لە شێخی تۆبەکارم چی!
بەشەرحی خاڵ و خەتتی حیکمەتی روخساری مەشغووڵم
لە سیڕی حاشیەی زولفی سیاهی تارومارم چی!
بە قانوونی غوڵامی گەر قبووڵم کا لە دەرگادا
لە چەتری عەیش و تەختی ناز و تاجی ئیعتیبارم چی!
گرێبانی سەبووری پارە کردم تیری موژگانی[1]
دەبا من روو لە سەحراکەم لە ئارام و قەرارم چی!
لە خۆفی چاوی مورغی دڵ لە سەر شەهدی لەبی لاچوو[2]
کە یەعنی من لە زەخم و حەملەیی بازی شکارم چی!
خەیانەت تا ئەبەد (ناری) بە تەحریکی موژەی ناکەم
لە بەند و کۆت و زنجیری فەلاقەی سەختی یارم چی!

* * *

-۸۱-

جەهلە ئیمرۆ بۆ ئیقامەت رەغبەتی لادێیەتی
چونکە زانی عیلم و عیرفانە، لە شارا رێیەتی!
عالمێ گەر دەرکەوێ سەد جاهیلی بێ مەعریفەت
یا وەبەر تانەی ئەدا، یا فیکەوو هێ هێیەتی

(۱) گرێبانی: یەخەی کراس ـ یقّهٔ پیراهن.
(۲) مورغ: باڵندە. پەلەوەر ـ پرنده

مـاڵی دڵ شـێوێ لە بـۆ خـاسیەتی ئـاوی حـەیات
ئـارەزووی مـاچی دەم و تـەقبیلی (لام و بـێیەتی)[۱]
واقـیعەن دنـیا عـەجەب شـۆخێکی شـەنگ و دولبـەرە
عالەمێ پابەندی عیشوە و (نوون و ئەلف و زێیەتی)[۲]
(نـاری)یـە ئـیمرۆ لە ژێـر بـاری غـەما هـاواریـە
دائـیمە هـەر ئـینتیزاری (مـیم و واوو تـێیەتی)[۳]

* * *

- ۸۲ -

ئەم غەزەلە لە دەنگی گێتی تازە ژمارە (۹۳۷) ساڵی ۴۷ بڵاو کرایەوە
خاکی دەرگاکەت لە بۆ سـەر هـەر وەکـوو ئـەفسەر سـەری
ئـەلفی بـاڵاکـەت لە پـێچ و خـەم وەکـوو عـەرعەر عـەری
گـوڵشەنی روخسـاری تـۆ، رەونـەق شکـێنی نـەوبەهار
ئـاوێنەی حـوسنت لە رەنگ و ئـافەتی سـێبەر بـەری
وا لە حـەسرەت چـاوی مـەستت دەستەو ئـەژنۆ کـەوتوون
ئـاهویی مـاچین و شـۆخی چـین و تـورکی بـەربەری
شەو کە دەرکەوت و لە بۆ حەسرەت کەمێ رووی کردە مانگ
مـیسلی تـۆو، زەڕڕاتـی نـووری نـەییری ئـەنوەر وەری

(۱) لام و بێ: لب: لێو ـ لب. (۲) نوون و ئەلف و زێ: ناز.
(۳) میم و واووتێ: موت. مردن. مەرگ.

زەمـــزەمەت حـــوسنی لە ئـــافاقا، کـــە وەک تـــەل تـێپەڕی
نـــــاوو ئـــاساری نـــەما، هـــەر وەک غـــەزالی پـــەرپەری
خـــەیبەری دڵ بـــوو بـــە پـــەیکانی مـــوژەی ژێـر و زەبـەر
هـــەر وەکـــوو هـــەڵ کـــەندنی بـێخ و بـنی (حـەیدەر) دەری
چوو لە بۆ گوڵشەن، لە بـۆ تـەعزیمی حـوسنی دەس بـەجێ
گـــــوڵبەنی ســـــەروی نـــــیهالی بـــــاغی ئـــاغاەر لەری
رۆژی دیـــوانـــی ئـــەزەل قســـمەت وەهـــا جـــاری بـــووە
ســـەهمی ئـــاغا بـــۆ بـــزورگی، قســـمەتی نـــۆکـەر کـەری
(نـــاریا) تـــا کـــەی بـــە پـیری فـیکری بـەیتی بـێ سـەمەر
پـــیریو لاڤـــی جـــوانـــی؟ بـــێ نـــەوایـی و قـەشمەری؟

* * *

-۸۳-

فەرەنگی تۆا بـە حـەق بـۆ نـابی رازی
بە ئوجرەت گرتووە گا جـووتی قـازی
بە زاتی حەق کە بێت و رۆژی نـەورۆز
بە کلکی خۆی نەکا، وەک تووڵە بازی
بە زەربی چێو و شڵپەی شەق لە پاشت
ئەبیستی شـۆر و ئـاهەنگی حـیجازی!

* * *

ـ ۸۴ ـ

بـه ئـیما دوێ شـهوێ بـاڵا نـهمامێ[۱]
نەویدی دوو شەمامەی زەردی دامـێ[۲]
به رەسمی تەهنیەت فەرمووی پـەیاپەی
له بۆ مـن لێـده مـوتریب چـەن مـەقامێ
وەرە سـاقی بـه یـادی چـاوی مـەستی
دەخیلت بـم بـه گـەردوش بـێنه جـامێ
دڵـی میحنەت زەدەم مـەسروورە ئـەمڕۆ
به ئوممێدی خـەڵاتی خـۆش خـەرامـێ
بڵێن بـەو شـۆخه نـەشکێنێ بـه نـاحەق
قـەراری دوێ، بـه عـەقڵی نـاتەمامێ
گـەلێ نـەقسه له بـاغی سـەڵتەنەتدا
له سـەر دووبـەی دڵ ئـازاری غـوڵامێ
هـەتاکـەی (نـاریا) فـیکری بـەتاڵت
هەتیو پەیدا که بۆ خۆت عـەقڵ و فـامێ

* * *

(۱) ئیما: رەمز. هێما ـ اشاره. (۲) نەوید: مژده. مزگێنی ـ مژده.

ـ ۸۵ ـ

زەرفی مینا شاهی من مەزرووفی ئەڵماسی دەوێ[۱]
وەک کونی ماکینە دەرزی تیژو رەقاسی دەوێ
قەتعی ڕێگەی دۆڵەسوور و کانی گەرمیی بەر مووان[۲]
هیممەتی چابوک سواری قەومی بڵباسی دەوێ[۳]
بەحری قوڵزوم تەجرەبەی قووڵی بەهەرکەس ناکرێ[۴]
ئیمتیحانی بیخی دەریا شەخسی غەوواسی دەوێ
چاوی میڕوو موشکیلە تەشخیسی ئەو بێ زەڕەبین[۵]
ماهی نەو دۆزینەوەی ئەو، زیادە ئیحساسی دەوێ
وەزعی بێ زەرفی لە بۆ تۆ، ئیشی بێ زەرفی نیە[۶]
بوو، کە شمشێری مجەوهەر، مەحفەزی خاسی دەوێ[۷]

---

(۱) وامەشهورە ئەم غەزەلەی ناری کە زۆر بەرزو پڕ لە تەوڕیەیە بۆ شێخ مەحموودی ناردووە کە لە هێنانی (مینا) ناوێک لە مەریوان پەشیمانی کردۆتەوە. مینا وەک ناوی ئافرەتەکەیە بە شووشەیش دەڵێن ـ این قصیده از قصایدی است که ناری آن را برای شیخ محمود فرستاده است.

(۲) دۆڵە سوور دێیەکە لە مەریوان و بە ماناوە بە شتیتریش ئەوترێ و موانیش هەروەها ـ روستایی از توابع مریوان.

(۳) دەڵێن دڵخوازی (مینا) لاوچاکێکی بڵباسی بووە ـ خواستگار مینا جوانی از قوم بلباس بوده است. (۴) قولزم: دەریای سوور دریای سرخ.

(۵) چاوی میڕوو: وا مەشهورە میڕووله چاوی بێ یا نە زۆر بچووکە نابینرێ ـ چشم مورچه.

(٦) واتە خەنجەری تۆ کێلانی خۆی هەیە، یانی تۆ خێزانت هەیە ـ خنجر تو غلاف خودش را دارد.

(۷) شمشێرەکەت کولەو جەوهەردار نییە و کێلانی تایبەتی پێویست نیە ـ شمشیر تو تیز نیست و غلاف مخصوص نمی‌خواهد.

موختەسەر زەرفی زەریف و شەمعدانی وەک بلوور
شەمعی کافووری‌ی میسالی بێ‌گرێ و راسی دەوێ

* * *

- ۸۶ -

دڵ کە سەرمەستی ئیشارەی نێرگسی جانانە بێ
نامەوێ قەد بادەنۆشی مەی‌کەدەی مەیخانە بێ
توخوا تاکەی ئەمن قوربانتم سەروی رەوان
رازی عەشقی من لە کووچەی شاردا ئەفشانە بێ
بەس لە گوڵزاری روخت مورغی دڵم ئاوارەکە
حەیفە شەمعی عاریزت بێ بولبول و پەروانە بێ
لەحزەیە نەمدی، کە دیتم تاقی میحرابی برۆت
تاری کاکۆڵت بە شانەی ئاهی من تاتا نەبێ
خێوەتی قوتبی لە مەیدانی موحەببەت هەڵ دەدەم
مورشیدی عیشقم ئەگەر ئەو ماهی نوور ئەفشا نەبێ
چاوەکەم چاکە لە پێش چاوی جەمیعی خاس و عام؟
بولبولی وەک من لە گوڵباخی دەمت بێگانە بێ!؟
نامەوێ بەو شەرتە شوعلەی ئافتابی بێ بەقا
رۆژی روخساری عەلی خانم لە سەر ئاوا نەبێ
چەند بە شیرینی دەچێ قیبلەم لە رێگەی مەکتەبا
رۆحی شیرینم فیدای خاشاکی مەکتەب‌خانەبێ

خزمەت و گەردن کەچی قابیل بـە مـن بـوو عـاقیبەت
ئـــیلتیفاتێکت نـــەبوو وا لایـــقی ئـــاغا نـــەبێ
چـــیم لە مـــاچین و خـــەتا داوە، هـەتا مـاچینی مـن
پەرچەمی چین چـینی شـیرینانی مـەکـتەبخانە بـێ
لێم گەڕێ با کەشفی ڕەمزی مـەسئەلەی خـاڵت بکـەم
شـــاریحی (فـتح المـبین) چـاوم دەبـێ ئـیحیا نـەبێ
(ناریا) بۆ شـیعری مـەدحی شـۆخی شـیرینی عـەلی
حەیفە ئـەشعارت بـە تـەرزی بـەیتی بـێکـارانـە بـێ

* * *

ـ ۸۷ ـ

غەزەل گەر لەتیف و تـەڕ و تـازەبێ[۱]
دەبێ تان و پۆی مووی بەری خـازەبێ
بـــــڕۆساله تـــــەقەللا بـــــدە[۲]
بە دەست بگرە تۆ خاتە یا خـازە بـێ!
لە پـــێچاڵە کـــۆنی ئـــەوانـــا مـــەکـــۆ
سەرە و سەرکە، ئەمما بـە ئـەندازە بـێ
لە ڕەشـــماڵیانا خـــەیانەت نـــەکـــەی!
نەوەک دەم شـڕ و دەنگـی ئـاوازە بـێ

(۱) ئەم غەزەلەی بۆ بابە علی شێخ محمودی حەفید ناردووە پلاری گرتۆتە ئەم بابەتە شیعرانە ـ ناری این غزل را برای بابا علی شیخ محمود حفید فرستاده است.
(۲) ناوی تیرەیەکە نەمانوبست بینووسین ـ اسم تیره‌ای است.

بـــه نـیوگەز بـەری تـەجرەبەی لازمـه
نه زۆر و نه کـەم وەک بـەری شـازەبێ
بەری بێ بەپانی له بـۆ خـەو بـه شـەو
بـــه کـــاری قـوته و بـۆرەوو بـازه بـێ
قـــەوی بـــێ له سـفتی تـەماشا مـەکـه
بەر و پشتی وەک تـەخته دەروازه بـێ
مـــەتاعی وەهـا چـاکـه لەم عـەسرەدا
نەشیعری به مـەعنا و تـەڕ و تـازه بـێ

* * *

-۸۸-

نەفەس سەمتوورە، سینەم ساز و دڵ نەی
حیکایەت خوانی دووری تۆن پـەیاپەی
به زیکـری تـۆ وەکـوو سـۆفی هـەمیشه
مـــەقاماتی فـــەنا فـــیالله ئـەکـەم تـەی
چـه شـیرینه لەگـەڵ شـەهدی حـزوورا
له تۆ خـەندە و له مـن ئـاوازی ئـۆخەی
ئەگەر سایەی سەری تـۆ بـێ بـه تـاجم
چه موحتاجم به تاج و ئـەفسەری کـەی

غەزەل قەت نابڕێ هەرگیز بە بااڵت
دەزانم بۆ کە وا مایل بە تاقەی[۱]
لە مەیخانەی خەیاڵی شەوقی تۆدا
بە نەشئەی یادی تۆ دڵ مەستە بێ مەی
لە عەکسی بادە ساقی وا لە مەیدا[۲]
قەدەح فنجانە ئازا تێکە سادەی[۳]
لە ووشکی وا نەمامی باغی نەزمم
بە پووشی ریشی سۆفی بوو شکۆفەی
بەسەر چوو دوور لە تۆ، باغی خەیاڵت
نەبوونی ما، نەبۆنی ما، نەغونچەی

* * *

-۸۹-

ئەم هەڵبەستەی بۆ ئەحمەد ئەفەندی ناویک ناردووە

بۆ غەزەل ئیمڕۆ بەمن چاوم بە ناحەق گەڕدەکەی؟
من بە گزگل ئیحتیاج و تۆ بە لیمۆ شەڕ دەکەیا
من لە بێلوودا بە بێ ئاوو بە بێ بوڕکەوتووم
تۆ لە بەغدادا هەمیشە سەیری بەحر و بەڕ دەکەی

(۱) تاقە: جۆرە قوماشێک بوو بۆ کەوا ـ نوعی پارچه است برای لباس کُردی محلی زنانه. (۲) بادە: مەی ـ می، شراب.
(۳) قەدەح: پەرداخ ـ قدح جام شراب.

هـەمدەمی بـازی تـەواری بـووی لە بـۆ سـەیر و سـەفا
راوەکەو بۆچی عـەزیزی مـن بـە واشـەی گـەڕ دەکـەی؟
دڵ لە غەمدا ووشکە هەروەک پووشی ووشکی شارەزوور
تۆ لە من تەکلیفی شـیعری شـۆخ و تـازە و تـەڕ دەکـەی
مشـتەری چـونکە نـەماوە بـۆ مـەتاعی نـەزمی مـن
چـۆڵە بـازاڕی خـەیاڵی (نـاری) گـەر بـاوەڕ دەکـەی!

* * *

چوارخشتەکی و تاکەکان

بە شمشێری مەلالەت بوو، کەوا جـەرگی مـەلا لەت بـوو
بـەڵێ مـەشهووری ئـافاقە، مـەلا نـیوەی مـەلالەت بـوو
بە پیکی غەم لە سەر سەنگی کـەلالەت گـەوهەری قـەلبی
وەهای لێدا زەمانە، دەستی بشکێ، وەک (کەلا) لەت بوو

بۆ بابەعەلی لە قاهیرە

هـەر لە بـێلوو تـا لەبـی نـیلی مـوبارەک دەس بـەدەس
سەد سەلامت بـۆ دەنـێرم نـووری چـاوم هـەر نـەفەس
قـافڵەی ئـاهم لە ژێـر بـاری غـەما پـێی خستووە
بۆیە زەنگی دڵ بە جـارێ دەنگـی نـایە وەک جـەرەس

گـــەر بـــڵێم بـــانە لە جـەننەت خـۆشترە هـێشتا کـەمە
شاهیدن ئەبرۆی فەتاح، وەجهی حەسەن، یەعنی حـەمە

ئەر بە (با) بێ، ئەربەبا وێران ئـەبێ
(با) نەبێ، بانە وەکوو ریضوان ئەبێ

بـــــەڵێ ئـــەمڕۆ لە دنـــیادا مـــەلایە
بـــە ئـەنواعـــی مـوسیبەت مـوبتەلایە

لە بۆ لا هەر کەسێ رووکا بە بێ شک
جـــەوابـــی یـــا پـــەزیرایـــی بـەڵایە

غەیری تۆ کێ قادرە بـڕوا دەمـێ لەم رێگـەوە
یەعنی ئیزهاری کەلامی تاڵ و شیرین پێکەوە

هەتا ئاساری بەزمی زەمزەمەی شیرینی چاکەت بێ
مەحاڵە یاری و سوحبەت دەبێ رەفتاری کاکەت بێ

چـــل گـەزی مـێزەر لەســەر نـاوە بـە رەســمی عـالمی
دەک بە بـن کـلکیا بـەرێ سـا نـیوگەزی عـالەم تـەواو

گـــەر بـڵێ (قـازی) قـەڵا جـاشی مـنە، بـاوەڕ مـەکـە
جاشی قازی بوو لە (سیف) و بۆ لەوەڕ رووی کردە خاو

دڵـــی عـالەم کـە خـاڵی بـێ لە عـیرفان
لە ئـــەعمالا نـــەبێ حـــوسنی نـــومایان

به ریش و میّزەر و دەسمالّی رووسی
وەکوو شەمعە لە سەر قەبری مەجووسی

بۆ مەلا عەبدوللّای مەریوانیی نووسیوە
غەیری عەبدوللّا، عبادالله یە من یارم نەبوو
قەلبی کەس لایق بە شیّوەی شۆخی ئەشعارم نەبوو

بۆ حمە سعید بەگی سەلیم بەگی جاف
هەرچەندە بەعیدم لە درۆ و لابە بە عیدم
بێ شوبهە بە دلّ مایل و موشتاقی سەعیدم
قیبلەیی دلّ بە عەلی سووڕەتی بابا عەلییە
کە لە جوملەی سەمەری باغی لەتیفی وەلییە
گەرچی تەقسیری نەهاتن کاری بەندی قاچمە
دەم بە دەم داوێنی پاکت، پاکی جێگەی ماچمە
دوور لە تۆ، ساعەت بە ساعەت، وەک نەخۆشی بێ تەبیب
چاوەڕێی ئاوازی دەنگی خاکەناز و پاچمە
هەر لە خاکی رووسەوە، تا رۆم و بلغار و حەبەش
کەس نییە رازی بە تەقسیمی ئەزەل بێ، یا بە بەش

بە بۆنەی تەلّاق دانی ژنی عەلی زالّەوە
دوو تڕ بە هەر حالّ، نیم تڕ مەحالّە
دوو تڕ و نیم تڕ وە قەورێ زالّە

نانی بێ پێخۆر و قەسری شۆخ و بێ شۆخ و پەری
عیللەتی ناچاریی‌یە هەردوو بە قەولی ئەنوەری
گوڵشەنی خاڵی لە بولبول جڵوەگاهی گوڵ نیە
جێگەیەکی بێ مەزەو تامە بە حەرفی عونسوری

لە وەلامی غەزەلێک‌دا کە بۆ مەحموودخانی کانی‌سانانی ناردوە

ئەتۆ زەمم ئەکەی، مەدحت ئەکەم من
جەزای قەولی درۆ، با هەر درۆ بێ[1]
حەقیقەت نوستنی ئەمشەو بە جێ بوو
کە لێفە و دۆشەکم سمتی خەجێ بوو
خەجاڵەت بێ خەجێ شووی پێ نەکردی
ئەوەند پارایتەوە رووی تێ نەکردی
ئەوا کردم ئەتۆش بەیتولخەلا بووی
نەهات و دەفعەیەگووی تێ نەکردی
جریوەی ئەستێرەی ئاسمان، لە شەوێکی ساف و تاریکا
ئەڵێی ڕێبازی ئەهلی بیدعەیە، بە ناو ڕێگایەکی تاریکا

(۱) بەهی (نالی)ش دراوەتە قەڵەم ـ این بیت به نالی نیز نسبت داده شده است.
تێبینی: ئەم پینج خشتەکی‌یە وا باوە لە سەر شیعریکی تایەر بەگی جاف لە لایەن ناری‌یەوە دانراوە بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەیە کە هەر هەمووی لە دانانی (ناری) یەو هیچ پیوەندی‌یەکی بە تایەر بەگەوە نیە. بەڵگەیش بۆ ئەمە نووسینەکەی عەلی کەمال با پیرە لە گوڤاری سلیمانی داو شایەتی بەریز حاجی مەلا ئەحمەدی قازی شاعیر و زۆر لەهاو چەرخەکانی (ناری) کە خوی بوی باس کردوون.

له ســـــــهودادا دهمـــــی کـــــاغهز ســـــهری خست
له بـــــهختی مـــن، سکـــی پـــڕ بـــوو، بـــهری خست
دهمـــێ بـــوو، مـــابوو، بـاغاتی خـهیاڵاتم بـه وێـرانـی
وهها وێرانۆ بوو، تهعمیری موشکیل بـوو بـه سـهدمانی
له رۆمـــی رووم‌دا حـوکمی نـهما، قـانوونی سـهرداری
هـهتا زاهـیر نـهبوو تـوڕڕهی لیـوائـی ئـالی «عـثمانی»

پێنج خشتهکی ناری له مهدح و ستایشی پێغهمبهر (د.خ)

ئهی شـهههنشاهی شکـۆهی عـیززهتی رووبـی زهمـین
گهوههری تاجی ریسالهت، شهمسی بورجی مورسهلین
زیـــنهتی نـــووری نـــبووهت تـــاجداری مـوڵکی دیـن
مهتڵهعی سوبحی سهعادهت مهزههری سیدق و یـهقین
ئهی سوپاسالاری فهوجی ئهنبیا و موڕسهلین
ئهی شـهوی ئـهسرا مـهلهک خـوڕڕهم له بـۆ ئـاههنگی تـۆ
عهرش و کورسی بوو به تهخت و مهسنهدی ئهو رهنگی تۆ
گوڵشهنی جهننهت خهجاڵهت ما، له جـیلوهی رهنگـی تـۆ
بۆ نهوازش ذاتی حهق هـهم سـوحبهت و هـهم دهنگـی تـۆ
شاهیدی تهعزیمی تۆ بوو، شاتری رۆحولئهمین
پڕ تهوی بهدری جهماڵت، شهمعی جهمعی ئهنبیا
زینهتی حوسنی کهماڵت سۆزی شـهوقی ئـهولیا

گەردی نەعلەینت بەڵێ رەونەق شکێنی تـووتیا
میشکی تۆزی دامەنت عـەتری دەمـاغی ئـەتقیا
یەعنی بۆ تەئسیری بینش عەینی سورمەی خاکبین
من گـەداوو بـێ نـەوا، تـۆش خـاوەنی گـەنج و کـەریم
من نەخۆش و بێدەوا هەر تۆی دەوا بەخش و حەکـیم
چی لە هەنگامی جـەزاکـەم، بـێ هـەوا خـواە و نـەدیم
روو لە کوێ کەم غەیری تۆ، ئەی شافعی زومرەی ئەسیم
من گوناهبارو خەجاڵەت، تۆ شەفیع‌ولموزنبین
با بکەم شیوەن لە داخی باخی عـومری بـێسەمەر
دەسـتە ئـەژنۆ دابـنیشم وەک هـەتیوی بـێ پـدەر
با بە ئەشکی دیدە تەڕکەم خاک و خۆڵی راگـوزەر
خۆ لە قوڕ بگرم بە جارێ هەر لە پێ تا تەوقی سەر
بەڵکی لوتفی شاهی لەولاک بێ نەجاتم دا لە شین
شـەرمەزار و سـەرفگەندە و غـافڵ و دێـوانـە خـۆم
بێ شوعاعی مەعریفەت، بێ نوور و بێ پەروانە خۆم
ئەی بەریسوایی لە کووچەی شـاردا ئـەفسانە خـۆم
مـوستەحەققی تـیر و تـانەی ئـاشنا و بـێگانە خـۆم
واجیبی رەحمم بە سێ یا رەحمەتەن لیلعالەمین
بوردەباری دەسـتی نـەفسی کـافری ئـەمارە خـۆم
بێ زەخیرە و زادی رێگەی ئاخیرەت بێچارە خـۆم

رووت و قووتی مەحشەر و بێسایەوو ئاوارە خـۆم
دەستە پـاچە و رووسـیاە و عـاجز و بـێکارە خـۆم
بێ بە فریادم لەوێدا یا دەلیلە الموجریمین!
من کە مەشهوورم بە مەحکووم و موتیعی نەفسی شووم
کـەی بـە ئـوممێد و خـەیاڵی ئـیعتیبار و ئـابڕووم
قەت لە خەرمانی ئیتاعەت یەک قـەدەم پـێشۆ نـەچووم
ئـێستە مـن قـانیع بـە خـۆشەی ئـایەتی (لاتـقنطوا)م
مەزرەعەی عەفوی خودا نابێ ببێ بێ خۆشەچین
بـێ نـەسیبی کـەعبەتوڵڵاو تـەوافـی خـاکـی خـۆم
دوور و بێ بەهرەی مەدینەی خـاکـی عـەنبەرناکـی خـۆم
ئەی ئەسەف مەحروومی زومرەی حەزرەتی لەولاکی خۆم
حەسرەتا مەحروومی شـەهدی زیـارەتی شـەبیاکـی خـۆم
بۆ نەڕێژم ئەشکی ئاڵ و ئاوی گەرم و ئاتەشین
گەر سەگی دوای فەوجی خاسانی خوایی کەوتووە
یـانی دەربـاری دەری ئـەسحابی کـەهفی گـرتووە
ئەو لە جـەننەتدا مـوقیم و مـن لە دۆزەخدا بـووە
ئەی حەبیبی خالیقی عـالەم تـەرەحموم تـا زووە
ئەو سەگی ئەسحابی کەهف و من سەگێکی تابیعین!
(نـاریا) ئـامادە بـە نـزدیکە هـەنگامی سـەفەر
مەنزڵت دوور و درێژ و چـۆڵە رێگـەت پـڕ خـەتەر

تا به‌که‌ی غه‌فڵه‌ت نه‌شینی خاکی، ئه‌ی خاکت به‌سه‌ر
روو له ره‌وزه‌ی موسته‌فاکه بێژه یا خه‌یرولبه‌شه‌ر
نیمه تۆزشه‌ی ڕێگه‌جوز ئیخلاسی ئالی تاهیرین

سێ پێنج خشته‌کی ناری له سه‌ر غه‌زه‌لی حافظی شیرازی

گه‌دایی خۆشه بۆچیمه؟ جه‌لال و کیسوه‌تی خارا
جه‌هه‌ننه‌م نامه‌وێ من مه‌مله‌که‌ت وه‌ک قه‌یسه‌ر و دارا
قه‌سه‌م به‌و زاته جیلوه‌ی دا به خورشیدی جیهان ئارا
اگر آن ترک شیرازی بدست آرد دل مارا
بخال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را

ئه‌ساسی عاریزی دنیا له بۆ هیچ که‌س نه‌بوو جاوید
نه‌گوڵ باقی ده‌بێ تاسه‌ر، نه‌سه‌یر و پڕته‌وی خورشید
ده‌سا فه‌رموو ده‌خیلت بم هه‌موو ڕۆژێ له کوێ بوو عید
بده ساقی میِ باقی که در جنت نخواهی دید
کنار آب رکن‌آباد و گل گشت مصلاً را

ده‌ڵێم ئه‌ی دڵ ببێ سه‌برت هه‌تا خۆی دێته جێ مه‌تڵووب
ده‌کا شیوه‌ن وه‌کوو بولبول له بۆ گوڵ ئه‌م له‌بۆ مه‌حبووب
به گریانۆ ده‌ڵێ هه‌رده‌م به ته‌رزی عاشقی مه‌جزووب
فغان کین لولیان شوخ شیرین کار شهر آشوب
چنان بردند صبر از دل که ترکان خوان یغمارا

نیگار خویشرا گفتم تو ای مخمور سرمستم
مگو یکباره از آن آب حیات دست خود شستم
بگفتا من چه غم دارم اگر شد دانش از دستم
من از آن حسن روز افزون که یوسف داشت دانستم
که عشق از پردهٔ عصمت برون آرد زلیخا را

چه باسی دەوڵەتە و مولکی خەیاڵی بێ سەرە ئەمرۆ
وەرە سەر مەشرەب و رەفتاری ئەربابی حەقیقەت گۆ
ئەگەر مەیلت هەیە چاوم ببم رازی لە تەبعی تۆ
حدیث مطرب و می‌گوی و راز دهر کمتر جو
که کس نگشود و نگشاید بحکمت آن معمّا را

منی ئوفتادە تاکەی بم بە داوی عیشقی تۆ پابەند
جوانی خۆت بە گژتاچێ، جەفا پێدانی من تا چەند
کەلامی من لە گوێ بگرە کڵاولاری سەراپا قەند
نصیحت گوش کن جانا که از جان دوست‌تر دارند
جوانان سعادتمند پند پیر دانارا

سەلامم کرد و فەرمووی پیم بەلەعلی لێوی یاقووتی:
هەتیو لاچۆ لە بەرچاوم منیش ئێژم بە مەزبووتی
بەبێ مەعنایە عاجزبم لە تەبعی ناسکی تووتی
بدم گفتێ و خرسندم جزاک الله نکو گفتی
جواب تلخ میزید لب لعل شکر خارا

کەلامی تۆیە لای (ناری) خریدی عاشقان حافظ
ئەخاتە رەقس و جونبوش سەر بەسەر پیرو جوان حافظ
لە باسی شیعری تۆدا من ئەڵێم خۆ هەر زەمان حافظ
غزل گفتی و درسفتی بیاو خوش بخوان حافظ
که بر نظم تو افشاند فلک عقد ثریّا را

پێنج خشتەکی دووەمی ناری لەسەر شیعری حافظ
ئەی بلووری گەردنی تۆ ئاینەی قودرەت نوما
پرتەوی خورشیدی حوسنت زینەتی ئەرز و سەما
سێبەری چەترەینی زولفت مەیمەنەت بەخشی هوما
ای فروغ حُسن مه، از روی رخشان شما
آفتاب خوبی از چاه زنخدان شما

چینی ئەگریجەت بە سەر لەوحی جەبینا دامەدە
روشتەیی زولفت بە عەزمی کوشتنی من بامەدە
بۆ زیارەت هاتووم چاوم لە سەر رێ لامەدە
عزم دیدار تو دارد جان بر لب آمده
باز گردد یا درآید چیست فرمان شما

موودەتێ بوو تۆ بە عەمدەن بووی بە قەتلم مشتەری
کوشتمت ئاخر بە ناحەق، بووم لە وەسڵت بێبەری
چاکی خۆت هەلکە بە سەرما رامەبووە سەرسەری
دوردار از خاک و خون، دامن چو برما بگذری

کاندرین ره‌کشته بسیارند قربان شما

بێنه‌گه‌ردووش تووخودا شووشه‌ی بلوورین دەم به دەم
گەر سوراحی پڕ نه‌که‌ن بۆمن، دەساچێنم به‌که‌م
چونکه هەر ئێوەن دەکەن ئەمڕۆ له دڵ دەفعی ئەلەم
عمرتان بادا در از ای ساقیان بزم جم
گرچه جام مانشد پر می‌بدوران شما

دوور له به‌زمی یاری جانی زامی سه‌ختم هاته سۆ
روو له من که توو خودا ئیشم هه‌یه قاسید مەڕۆ
چونکی من بۆ مەحرەمی بیستوومه که‌س نابێ به تۆ
ای صبا با ساکنان شهر یزد از ما بگو
کی سرحق ناشناسان گویی چوگان شما

عشق من نسبت به ارباب وفا مستور نیست
در جهان مارا بجز خاک درت منظور نیست
جسم اگر محروم باشد خاطرم مهجور نیست
گرچه دورم از بساط قرب همت دور نیست
بندهٔ شاه شمائیم و ثنا خوان شما

من گەدایی کۆیی حوسنم کوا خەڵات و نیعمەتێ
که‌عبه که‌چ نابێ ببینم من له تۆ گەر حورمەتێ
بگره دەستم که‌وتووم، تووبی و خودا بێ زەحمەتێ
ای شهنشاه بلند اختر خدارا همتی

تا ببوسم هم چو گردون خاک ایوان شما

روو له من که له‌حزه‌یه ئه‌ی نه‌ونه‌مامی میشک بۆ
حه‌یفه ئستیغنا هه‌تاکه‌ی وا به مه‌غروروری مه‌ڕۆ
به‌س دڵی بشکێنه (ناری) مه‌سڵه‌حه‌ت وا چاکه تۆ
می‌کند حافظ دعایی بشنو و آمین بگو
روزی ما باد لعل شکر افشان شما

پێنج خشته‌کی سێیه‌می ناری له سه‌ر شیعری حافظ

مه‌شهووری عامه ئیمڕۆ که شۆخی جیلوه ئارا
دڵی بردم به جارێ، مه‌نفیم ئه‌کا له شارا
ساچۆن نه‌که‌م له بۆ خۆم شیوه‌ن به‌بێ مودارا
دل می‌رود زدستم صاحب دلان خدا را
درداکه راز پنهان خواهد شد آشکارا

له داخی تۆیه چاوم که بوو به روودی جه‌یجوون
به ته‌رزی تۆ له دڵما نه‌مدی له روبعی مه‌سکوون
غروروری شه‌ڕفرۆشی تاکه‌ی ئه‌که‌ی به قانوون
ده روزه مهر گردون افسانه ایست و افسون
نیکی به جای یاران فرصت شمار یارا

خه‌م کۆ بۆوه له دڵما به ته‌رزی کێوی ئاڕێز
ماوم له به‌حری غه‌مدا هه‌م، بێ ته‌کان و بێ هێز

کوا هەمدەمێ دەرم کا لە گێژی میحنەت ئامێز
کشتی شکستەگانیم ای باد شرطە برخیز
باشد کە باز بینیم دیدار آشنا را

واعیز بە دڵ مەلوولم لە ریش و میزەری زل
خوومارى بادە بۆ من هەم زیبە هەم تەجەممول
ساقی بەیانە بێنە قەدەح بە گەردش و خول
در حلقۀ گل و مل خوش خواند دوش بلبل
هات الصَّبوح هبّوا یا ایُّها السُکاری

ناسیح نەسیحەتی من حیکاتێکە بێ سوود
بەس سەرزەنشتی من کە تووبیتو زاتی مەعبوود
(ناری) بە پەیڕەوی مەی دەگاتە گەنجی مەقسوود
(حافظ) بخود نپوشید این خرقۀ می‌آلود
ای شیخ پاک دامن معذور دار مارا

بۆ عەبدوڵڵای خاڵی حاجی حمە سعیدی ووتوە
کوا هەمدەم و رەفیقێ لە جەمعی ئەهلی شارا
یا یاوەرێکی موشفیق لە وەزعی ئیعتیبارا
بەیانی حاڵی من کا لە حزووری شەهریارا
بە ملازمان سلطان کە رساند این دعارا
کە بە شکر پادشاهی زنظر مران گدارا

پێنج خشتەکی‌یەکی مەلا حەسەن (شاهۆ)

لەسەر قەسیدەیەکی (ناری)[۱]

ئەگەر من شێت نەبم ئاخر لە سەودای گوڵ ڕوخانم چی!

لە راوی چاوی چاوبازانی شیرینی زەمانم چی!

لە ناڵەو ئاە و مەهجوری، لە گریان و فوغانم چی

کە غەرقی بەحری دووری‌ی بم، لە ئومێدی ژیانم چی!

لە فیکر و غائیلەی بێ فائیدەی سوود و زیانم چی!

لە دووری‌ی شێوەکەی شیرینەوە ئەمڕۆ کە فەرهادم

لە سایەی عەشقەوە عالەم سەراسیمەن لە فەریادم

هەمیشە وێڵی کێوانم ئەوەند غەمبار و ناشادم

لە کێوی پیرەمەگروون و سەگرمەی میحنەت و یادم

لە سەیری نازی شۆخی دیدە بازی (بازیان)م چی!

وڵاتێ تاج و تەختی کەوتە دەس ئەوباش و نادانی

لەغاوی حوکمی ئەو قەومە درایە دەستی دوو نانی

وولاتێ بایەقوش تیابوو بە سەردار و حوکمڕانی

(سلێمانی) کە خاڵی ما لە دیوانی سلێمانی

---

(۱) کە شێخ مەحموودی نەمر لە بەغا دەست بە سەربوو ڕۆژێکی هەینی لە ۱۹۳۷ زدا من قوتابی بووم لەگەڵ [ملا حسن]دا چووین بۆ زیارەتی لە (أعظمیە) پاش کەمێ جەنابی شێخ مەحموود ڕووی کردە ملا حسن ووتی: «قەسیدەیەکی جوانی (ناری)م بۆ هاتوە بیخوێنەرەوە حەز ئەکەم تەخمیسی بکەیت»، ئەم قەسیدەیە بوو لێی وەرگرت و بەم جۆرە تەخمیسی کردو ڕۆژی هەینی دوایی چووینەوە خزمەتی و پێشکەشی کرد.
«م. کاردۆخی»

له عەیش و نۆش و بەزمی بێنگینی قودسیانم چی
که من کوژراوی تیری نازی چاوی مەستی شـەهلابم
کـە مـن زنـجیر کـراوی داوی دوو زولفـی چـەلیپابم
که من سەرسامی چاوو پەرچـەمی شـێواوی لەیـلابم
که من مەشغوولّی دەرسی خەتتوخاڵی تورکی تەرسابم
له تەعلیمی منالّی کوردی بێنوتق و زبانم چی
له تـاو تـەئسیری ئـێش و نـێشی بـێدەرمانی مـەهجووری
له گـەرمیی کـرپەوو لرپـەی شـەرارەی ئـاگـری دووری
له زوغفی جەستەیی خەستەم بە دەردی سەختی رەنجووری
له رووی رۆمدا حـوکمی نـەما قـانوونی مـەسرووری
له مەیلی مەکتەبی حوسن و جەمالّی رووسیانم چی
له سـاحەی بـەزمی عـەیشمدا سـەدای نـالّین و هـاواره
له سـەیلی خـوێنی دیـدەم مـەجلیسم رەنگـینە، گـولّزاره
ئـەنیسم غـەم، مـوغەنیم نـاله، سـاقیم چـاوی بـیماره
سروشکم مەی، نەفەس سەمتووره، سینەم ساز و دڵ تاره
له دەنگی چەنگ و خۆشخوان و له جیلوەی ساقیانم چی
سروشکم یەک بە شوێن یەکدا که دێ وەک تاوە بارانە
هەموو سوور و سپی تێکەڵ میسالی دوڕڕ و مەرجـانە
به داوی هیجرەوە هۆنراونەوە سوبحانە چەند جـوانـە
له دانەی ئەشکە من گـرتوومەتۆ تـەزبێحی سـەد دانـە
له ئاوی زەمزەم و تەزبێحی باغەی حاجیانم چی!

کەمن بێیار و بێغەمخوار و بێهەمدەم قەناعەت کەم
کە زامی دڵ بە ناسۆر بێت و بێ مەرهەم قەناعەت کەم
کە من دایم بە بەرگی شیوەن و ماتەم قەناعەت کەم
لە بۆ باقی حەیاتم تا بە قووتی غەم قەناعەت کەم
لە قاژو قیژی دەرویش و لە مرقەی سۆفیانم چی!
نیە مەیلم بە تار و نەی هەوای ئازاری چەنگ ناکەم
وەکوو دەرویشی ئەم دەوریشە خۆم شێت و دەبەنگ ناکەم
وەکوو سۆفیش بە مەکر و حیلە خۆم فێری جەفەنگ ناکەم
مەلام و ئەهلی تەقوام و بەمەی سەججادە رەنگ ناکەم
لە بادەی ساقیو قیژەی کچی نەرم و نیانم چی!
شوعاعی شەمسی خاوەر، تالە ژێر هەوری سیادا بێ
بوتی سیمین تەنم، تاکو لە ژێر پەردەی حەیادا بێ
گوڵی ئومێدی قەومم تا لە ژێر سەتری گیادا بێ
تلووعی ماهی من وەک حوسنی یوسف تا لە چاهدا بێ
لەشەوق و شەعشەعەی شوعلەی هەسێرەی بەربەیانم چی
خەریک ماوم لە ژێر ئەم گومبەدی گەردوونی بێباکا
سەراسیمەم لە گێژاوگێژی دەوری چەرخی ئەفلاکا
هەتا ئەم دەورە وا رووڕن بێ لە ئەم دنیایی غەمناکا
لیباسم تا پەلاس و جاوی میحنەت بێ لە ئەم خاکا
لە تاقەی عوشرەت و شیرداخی عەیشی شامیانم چی

پێنج خشتەکی ناری لە سەر غەزەلێکی تایەربەگ

سەبا سۆزەی نەسیمت بـا لە بـۆ شـادی گـوڵان بـابێ
دەمێ سروەت لە بۆ تەسکینی مورغی سەرچڵان بابێ
بـــە قـــانوونی عـیبادەت بـۆ مـوقیمی مـەنزڵان بـابێ
چەمەن یـەکـبارە خـامۆشە خـرۆشی بـولبولان بـابێ
دڵ ئەمرۆ مات و مەدهۆشە، خوا فەسلی گوڵان بابێ

ئەگەر مەیلت بـە ئـیحسانە، تـەبەسسوم قـووتی ئـینسانە
دەمت (عیسی) سیفەت مایەی حەیاتی جیسمی بێجانە
ئەگەر مەیلت بە دەرمانە، چە حاجەت بـەحسی لوقـمانە
ئەگەر مـەیلت لە سـەرمانە چ حـاجەت ئـاوی حـەیوانـە
لە لەعلی لێوی جانانە، حەیاتی جاویدان بابێ

بە تیری نازی تۆیە پارە بـووگە جـەرگی خـوێنینم
خەیاڵی زیندەگی دەرچوو لە قەلبی زار و غەمگینم
مەلا بابێ لە بۆ تەرتیبی غـوسڵ و کـفن و تـەڵقینم
نەماوە حاڵەتی ژینم، لە دەس چوو رۆحی شیرینم!
رەفیقان بێن بکەن شینم، سەدای گریە و فوغان بابێ

لە خەستەی بەستەیی موت و لە زومـرەی عـاشقی رووتـم
لە سەر چاهی زەنەخ بۆسەیری زوهرەی هارووت و ماڕووتم
لە جـــەمعی قـــودسیا تـــاق و لە حـەلقەی خـاکـیا جـووتم
ئـــەسیری تـــاری گـــێسووتم، هـیلاکـی چـاوی جـادووتم
شەهیدی تیری ئەبرووتم، دەسا (عیسی)ی زەمان بابێ

کڵاوی پڕ گوڵاوی گوڵ که گۆشەی‌دا به سەر سەیلا
دەماغی عاشقی پڕ کرد له عەتری شۆڕشی لەیلا
نیقابی غونچه لاچوو، کەوته دنیا شۆر و واوەیلا
بحمدالله گوڵی رەعنا شکاندی رەونەقی لەیلا
بڵێن مەجنوونه‌که‌ی شەیدا، رەئیسی عاشقان بابێ
بێرە باخەڵت سۆفی دەمێ تەسبیحی سەد دانە
له وەعدەی عوشرەتا، که‌ی مەوقیعی تەزویجی پیرانە
چه بەحسی زیکری شێخانه، مەقامی عەیشی مەستانه
زەمانی بەزمی رەندانە، بدە ساقی بە پەیمانه
له بەر تەعزیمی مەیخانه، بڵێن پیری موغان بابێ
له سەر تەختی چەمەن نێرگس به جەمعی لوتفی بێدارە
له گوڵشەن بۆ گوڵ و بولبول زەمانی راز و گوفتارە
به غەیرەز من نەبێ، بێ جیلوەیی ئەو دیدە بێخارە
له باغان سەیری گوڵزارە، له هەرلا عاشقی یارە
خوا ئەو ئاهوو رەفتارە، وەکوو سەروی رەوان بابێ
هەتاکەی (ناریا) مابی له خانەی غەفڵەتا بێهۆش
تەماشای نەزمی پڕ نەغمەی ئەمیری پاکی دیبا پۆش
که فەرموویه به قانوونی خیرەد بۆ خاتری پڕجۆش
ئەلا ئەی عاشقی مەدهۆش وەکوو (طاهر) مەبه خامۆش
له بەر سۆزەی دڵەی پڕ جۆش، خرۆشی موتریبان بابێ

فـــەرەنگێ گـــەر بـــڕێژی تـازە رەنگـێ
لە دڵ ثـابت ئـەبێ وەک نـەقشی دیـوار
کـــڵاشی گـەر بـە دیـققەت کـا کـڵاشێ
کە (لاشەیشی)ی ئەڵێن خەڵقی بە یەکجار

بەشی فارسی لە شیعر و هەڵبەستەکانی ناری

ناری ئەم شیعرانەی خوارەوە دائەنێ بۆ (عبدالصمد)
کە بیبات بۆ معتمدی سنە:

آمـــد بـــریدی تـــیزرو مـــانندی بـــاران و بـــرد[۱]
گـــفتم بگـــو نـــامت بـــمن گـفتا مـنم عـبدالصَّـمد
گفتم چە کاری داشتی در خـاک و شـهر خـویشتن
گـــفتا کـــە شـــاطر بـــودەام در دســتگاهی مـعتمد
گـــفتم کـە طـیّ مـرحـلە در چـند روزی کـردەایـد
گـــفتا کـە طـول ایـن سـفر کـمتر بـماهی مـیکشد
گفتم بگو چندی بود از جـای خـود بـیرون شـدی
گـــفتا کـــە طـول ایـن سـفر آخـر بـماهی مـیکشد
گـــفتم بـــە امـــر آمـرت مـامور چـند روزە شـدی
گـــفتا بـە پـنجە گـفتمش پـنجە بـە پـنجاە مـیرسد

(۱) ئەمەش بەسەرهاتی عبدالصمدی شاترە: عبدالصمد ناو شاتری معتمد بوو لە سنە، بۆ ئیشێ ئەیتێرێ بە ماوەی (۵) پێنج رۆژ نزیکی دوو مانگی پێ ئەچێ، دێتە خزمەت (ناری) ئەڵێ فریام نەکەوی معتمد لێم ئەپرسێتەوە، ناریش ئەم غەزەلەی بۆ داناوە، کە شاتری معتمد ئەیباتەوە و بۆی ئەخوێنێتەوە بە هەر شیعرێ خەڵاتێکی ئەداتێ.

ناری مرنجان خاطری عبدالصمد باش شاطری
گاهی به سرعت گه به پشت گەهگه به لەنجه می‌رود

بۆ شێخەکانی دێی سەعداوای نووسیوە

زبازوی تو کار و صنعت فرهاد می‌بینم
رموز بیستون در خاک سعدآباد می‌بینم
عموم عاملت خسرو بود در عالم فانی
پی شیرین تورا من عاشق دلشاد می‌بینم

حاجی سێد عبدالقادر چەپکێ گوڵە وەنەوشە بۆ ناری ئەنێرێ، کاتێ بە گەیشتنی ئەم چەپکە گوڵە نارەحەتی‌یەکەی لائەچێ لە وەڵامیا ئەڵێت:

از جنابت که بیک دستهٔ گول یادشدم
بستهٔ دام جفا بودم و آزاد شدم
بایش افزود مرا بهجت و نونش نزهت
فاش گویم که بفایش بفرح شادشدم
روی شیرین که چو بنمود شدم حیرانش
غایهٔ عشوهٔ اودیدم و فرهاد شدم

ئەم پارچە هۆنراوەی ناری و وردەکاری لە بارەی
بە پیت و نووسینەوە دەرئەکەوێ، جا چونکە بە هەردوو جۆرەکە
نووسینی پێویستە ئەی نووسین:
نووسینە مەتەڵاوی‌یەکە:

پادشاه ر دیار هبراه دا(۱)
اشرف خر سالت اج یش هرها(۲)
لجهٔ قبال مع الی اعلا نشان(۳)
ناظر وشن هادو الی انجم کان(۴)
صفدر زم عارف ارس رور وش(۵)
کاشف ن تایج امع نوان و(۶)
وارث و ب لاغت اجدار استان(۷)

وا له خواورەوه نووسینه حەل کراوەکه ئەنووسین،
وەک له وورد بوونەوەی جۆرە نووسینەکەی (ناری)
و نووسینه تازەکەیدا دەرئەکەوێ.
نووسینه هەڵهێنراویەکەی:
(۱) پادشاه هر دیارو رهبر راه هُدا
(۲) اشرف فخر رسالت تاج جیش شهرها
(۳) لهجهٔ اِقبال لامع عالی اعلا نشان
(۴) ناظر روشن نهاد و والی انجم مکان
(۵) صفدر رزم معارف فارس سرور روش
(۶) کاشف فنّ نتایج جامع عنوان نو
(۷) وارث ثوب بلاغت تاجدار راستان

ئەم دێڕە هۆنراوەش به فارسی له نموونەی مەتەڵی هەڵبەستیەتی
که بۆ یەکێکی ناردووه که به خواردنەوەوه خەریک بووه:

بـــلبل بـــه لبش از عـــوضی بـادهٔ انگـور
شـــاید اثـــر بـــاده شـود از دهـنش دور
آه از آن روزی جسـد در زیـر خـاک تـیررنگ
غل بکردن دل بحسرت تـن بـخاک و پـای لنگ
تـا کـه روزی از وجـود آیـد آز ان لاریب فـیه
حسرت از بالای حسرت آه کش از در زیر سنگ
گـر چ تـرکیب وجـودی آیـد انـدر زیـر سـنگ
چون بود لطف خدایی دل چـه بـاید کـرد تـنگ
تن بلطف حق جو بـادام است مـغزش روح آب
مغز کی ظاهر شود هـرگاه نـباشد ضـرب سـنگ

ای دل شوریده بنگر آخـر آن دلبـر چـه گـفت
از طریق مرحمت آن شاه ذی افسر چـه گـفت
گوش کن تا گویمت آن شوخ لب شکر چه گفت
قاصد آمد گفتمش آن ماه سیمین تن چه گـفت
گفت با هجرم بسازد گفتمش دیگر چه گفت
گفت من ر... اگر گویم شوی از غم زبوون[1]
اشک بـر مـاهی رسـانی آه بـر گـردون دون
گفتمش جانا بگو طاقت ندارم زیـن فـزون
گفت دیگر پا زحدّ خـویش نگـزارم بـرون
گفتمش جمع است سربا خاطرم از سر چه گفت

(۱) گفت من هرچه اگر گویم رەنگبێ وا رێک بکەوێ.

گفت خود دانی که عاشق لذت از دنیا نبُرد
دیده‌ی مکتوب مجنون نامهٔ فرهاد گدُد
گفتم آری کو حدیثش ز اِنتظارش دل فزورد
گفت سر را بارهش از خاک ره کمتر شمرد
گفتمش کمتر شمردم زین... لاغر چه گفت[۱]
گفت چشمش را به پیکان ستم خواهیم دوخت
دل به سنگ محنت و درد و خطا خواهیم کوفت
پس ز اِیشان گفتمش آخر چه خواهیم باز دوست
گفت جسم لاغرش را در غضب خواهیم سوخت
گفتمش برباد رفتم در صف محشر چه گفت
گفت من چون زو شنیدم اِین سخن رُخ گشت زرد
سر بزد از چشم و سینه اشک گرم و آه سَرد
گفتمش از آخرت آیا چه گفت آن روز فَرد
گفت در محشر به یکدم زنده‌اش خواهیم کرد
گفتمش زنده بگردیدم زخیر و شر چه گفت
گفت من هم خواستم تن خواه توران ماه تاب
چون بود حالش ز بحث شر و اِحسان و ثَواب
ماه‌وش خندید دردم کرد اِین... جواب[۲]
گفت خیر و شر نباشد عاشقانرا در حساب
گفتمش اِین هم حسابی از لب کوثر چه گفت

---

(۱) گفتمش کمتر شمردم زین تن لاغر چه گفت: رەنگیێ ئەمیش وەهایێ.
(۲) ماەوش خندید دردَم کرد این قصه جَواب: لام وایە وا رێک بکەوێ.

گفت خوش دل باش حقاً یافتی خوش مرتبتْ
ذان بِـهِ نـیکو رَوش زان دست عـالی مـنقبتْ
گـفتمش تـقریر بـنما شـمه‌ای زان مـرحـمتْ
گـفت در کـوثر کـه بـا او مـی‌نشینم عـاقبتْ
گفتمش چون عاقبت این است از ین خوشتر چه گفت
گفت زین خوشتر که گردد دل بَدو (ناری) مُقیم
گرهمی خواهی شوی ایمن زو هجران جـحیم
گـفتمش آری نـیم مـایوس از لطـف کَـریم
گفت دیگـر نگـذرد بـر خـاطرم یـاری عـظیم
گفتمش دیگر بگو گفتا مگر دیگر چه گفت
نـخواهـد گشت مـخفی را زحـالم نـزد دانـا را
چو وه‌حشی گـر کـنم گـردش مـیان کـوه صـحرا را
بـنوع گشـته‌ام سـرگشته و تـنها ز یـاد خـود
تـجنب مـی‌کند از حـالت مـن جُـعد رسـوا را
سـزد گـر آهِ بـر گـردون... از فـراق او[1]
چون برمن گشت مشکل دین‌اش چون جِسم عنقا را
بـه تـیر ابـرویش تـار جگـر بگسسته مـی‌بینم
جداکـرده زهـم شـمشیری هـجرش بـند اعـضا را
نـبیند ذلّت فـرهاد و روز مـی خـوردن
چـه‌دانـد جـور مـرد خـارکش سَـر مَستِ صَـهبا را

(۱) سزد گر آه بر گردون رسانا از فراق او: وابزانم وارێک ئه‌یێته‌وه.

زدل کـــردم بـــیرون فکـــر و خـیال زنـدگی یکسـر
مگـــر بـــار دگـــر بَـــرمن دمـــد انـــفاس عـیسی را
بـــرو ای مـــاه گـــردون چشـــم بگشـادن نـمی‌زیبد
چـــه رفت از پـــیش چشـــم آن آفـتاب جـلوه‌آرا را
نشـــد شـــهدآب یس گـر نـصیبم روز جـان کـندن
هـــمین بس گـــر نـــویسند بـــر مـزارم اِسـم طـه را
بَـــهای درّ مکـــنون (نـــاریا) جـــمَّال کـــی دانـــد
کـــی دانـــد قـــیمت المـــاس جـز غـوّاص دریـا را

بەشی پەخشان لە وێژەی ناری

لەم بەشەدا ماوەی دوو نامەمان هەیە کە لە بـەشی نـووسینەکـانی زانای پڕ ڕێز و خۆشەویستدا پێشکەشی بکەین.

یەکەم:

ناری لە مـەریوانـەوە نـامەیەک بـۆ جـەنابی شـێخ مـەحموودی حەفیدزادە دەنووسێ ئەمە دەقەکەیەتێ:

ڕۆح و دڵ قوربانی نازی کەوشەکەت
سەر بەسەر گەردی حەساری حەوشەکەت
دائیما موحتاج و موشتاقم لە بۆ
گەنجی یادی خاتری بێ خەوشەکەت

ئەگەر لە ڕێگەی مەرحـەمەتەوە حـاڵی ئـەم پـیرە غـوڵامی خـۆتانە مەنزووڕە بفەرموون بە کوردی و بە کورتی ئەمەیە عەرزم:

به تیغی میحنەت و دەردو جەفا جەرگی مەلا لەت بوو
بەڵێ مەعلوومی ئافاقە، مەلا نیوەی مەلالەت بوو

وە ئەگەر مەیلت بە بەیانی تووڵانی بێ و ئارەزووت لە حیکایەتی «قویلەو چووچانی» بێ ئەمەیە عەرزم:

دوور لە تۆ چاوم بێ بینش ماوە، قووەی بیستنم بۆ نانّە و گرمەی هەوری بەهاری نەماوە، حەواسم سەراسەر فەوتاوە، دڵم بە ئاگری مەحرووومی وەک کەبابی سوولەیمانی برژاوە، جەرگم لە قازانی سینەدا بە بڵێسەی دووری وەک سڵقی کەرکووکی! هەمیشە چاوەڕێگەی حافزم بۆ یاسین، موحتاجی هاتنی مەلام بۆ تەڵقین، مائیلی شەش گەز جاو و دوو گەز خاکم بۆ تەکفین،! وەلێ ئەگەر بەشارەتی موژدەی سروور و سەلامەتی زاتی موبارەکتم زوو پێبگا ـ کە بۆ من ئەم موژدە ئاوی حەیاتە یەقینم وایە چاوم ببێ بە دووربین و زەڕەبین، وە لەگەڵ حەزرەتی «خدر» لە حەیاتا مساوی بین.

عەرزی مەخسوس کۆچ و کڵفەت و دایکی «سەعید بەگ»ی بادەڵانی پەنایان هێناوە بە غوڵامی خۆتان، لە سەر واقیعەیەک کە نیسبەتی قەتڵیان لە (سەعید بەگ) داوە، وە فیعلەن مەحبووسە لە حەپسخانەی حکوومەتایە، ناچار منیش ئەوا پەنام بە قاپی موبارەکت هێنا، شایەد فیکرێ بە حاڵی ئەو بفەرموون کە شایەد لە زەحمەتی حەپسا نەجاتی ببێ، وە مەعلووم ئەم پیرە غوڵامی قاپی خۆتانە تا قیامەت، مەسروور و مەمنوون و موتەشەکیرتانە...

ئیتر هەرچی بڵێم زیادەیە، غوڵامی دەرگای خۆتانە ناری.

دووەم:

ناری نامەیەک بۆ شێخ بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموودی حەفیدزادە ئەنووسێ کە لەو کاتەدا لە میسر دەیخوێند:

ئەی قیبلەیی ئەربابی وەفا، شەمعی شەبوستانی سەفا، رەونەقی دیوانی ئەدیبان و لەبیبان، دەبوستانی هونەر پەروەر و ئەهلی عورەفا تاجی وجوهی شورەفا، سەدری جەمیعی نوقەبا، فەخری جەمیعی نوجەبا، لالەیی گوڵزاری عەلی، گوڵبونی باغ و چەمەنی تاقمی ئەقتاب و وەلی، کانی گەوهەر، نووری بەسەر، ئەفسەری سەر کەوکەبی فەرخوندەسیەر، تاکوو لەسەر دەورەیی ئەم چەرخە بیێت و بگەڕێ شەمس و قەمەر، جیسمی لەتیفت بە ئەلەم عاجز و ئەفسوردە نەبێ، زاتی رەئووفت بە هەم و میحنەت و غەم هەمدەم و پەژمووردە نەبی، بۆ منی بێبەرگ و نەوا یەعنی بە قانوونی وەفا ویردی جیهانم ئەمەیە، زیکری زوبانم ئەمەیە: مەزهەری ئەلتافی خودابی، لە حەوادیس بەری و بێغەم و بێ دەردو بەڵابی، لە هەموو مەحفەل و مەجلیس فەرەح ئەنگێزی دڵ و ئەهلی دڵ و عوقدە گوشابی، بەدڵ ئاسوودە لە ناز و گریشمەی نەزەری دولبەری شیرین کەمەر و سیم بەرو جیلوەگەر و شۆخ و زولەیخا سیفەتی میسری و تورکانی خەتابی بە خەتا، پەنجەیی تەرسا بەچە یا موغ بە چەیی عیشوەگەری نەی کەمەری ئاهویی سیمین زەقەنی جادوویی ئەفسانە زەنی وەک جگەری من لە فیراقت بەدەنی جامەیی تۆ پارە نەکا تۆ بە غوڵامی قەدی وەک عەرعەری دوو نەرگسی جادووگەروو فەتتان وو جەفا پیشەوو خونخارە نەکا

بێینەوە سەربەحسی گلەو بێمەرحەمەتی: یەعنی دەلیلم ئەمەیە شێوەیی خەتتی ئەحسەنی تۆ نیسبەتی پیراهەنی تۆ مەتلەبی عوشاقە

نەبوو، دەوڵەتی عوشاق نەبوو، عەیشی دڵی پارە نەبوو، ئافەتی ئەغیارە نەبوو، گەنجی هەوا خواهە نەبوو، رەنجیشی بەد خواهە نەبوو، مەخفی پوشیدە نەبی چاکە لە رووتا کە ئەگەر رووتە وەیا تاقی دوو ئەبرووتە وەک قیبلە وەهایە.

بەسەری تۆ دڵەکەی من بە هەموو لەحزە وەکوو قیبلەنومایە لە تەریقی ئەدەبا سادقی بێ کیذب و ریایە لە هەموو بەخششی جود و قەڵەمت رازی و قانیع بە سڵاوێک و دۆعایە.

والسّلام

محمد بێلوویی

سوپاس

پڕ بە دڵ سوپاسی ئەم زاتانە دەکەم کە یارمەتیان داین

۱. بەڕێز مەلا وەرەحمانی پێنجوێنی.

۲. بە ڕێز شیخ عوسمانی شێخ عەلائەددین.

۳. مامۆستا رەشیدی وەستا رەحمانی خوشنوس.

❋ ❋ ❋

لە سەر وێنەکەی نووسیوە

عکس خود را ثبت کردم، تا بماند یادگار

عاقبت گرمن نمانم، او بماند بهر یار